# گوڵان

ڕوانی ئەمڕۆ و سبەی

ســـاڵی سییـــەم (١٤٠٠)- (٥)ی شـــوبـــاتی ٢٠٢٤


بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان / بازنەی گفتوگۆ

**به ئامانجگرتنی هەرێمی کوردستان و هۆکارەکانی**

# شەهیدکردنی ئافرەت و منداڵ نەک هەر کاری تیرۆریستییە، دژی ئایین و مرۆڤایەتیشە

" ئەگەر ببین بە دەوڵەتێکی بچکۆلە و خاوەنی سوپایەکی بەهێزی پڕچەک بین، نە عێراق و نە دەوڵەتانی دراوسێش بوێریی ئەوەیان نابێت هێرشمان بکەنە سەر

" لایەنە سیاسییەکانی بەغدا ئەوەیان لەبەرچاو نەگرت کە ئەو مووشەکبارانەی ئێران بۆ سەر هەولێر پێشێلکردنی سەروەریی وڵاتەکەیانە







# شەڕە سەختەکەی دەستووری ٢٠٠٥

## ١٠١

لە ماوەی نێوان ١٠ی ئاب تا ٢٨ی ئابی ٢٠٠٥، دیدار و چاوپێکەوتن و کۆبوونەوەی جیاجیا لە نێوان کەسایەتی و پێکهاتە و لایەنە سیاسییە عێراقییەکان بە چڕی و بە فراوانی بەڕێوە چوون. گفتوگۆکان ورد و هەندێ جار زۆر توند بوون. ئەوەی ڕاستی بێت، لەگەڵ زۆربەی کەسایەتی و لایەنەکان، لە شەڕێکی دژوار و توندی دەستووریدا بووین، چونکە لەگەڵ چەند لایەک ڕووبەڕوو بووینەوە کە بڕوایان بە دەستوور نەبوو، هەر چەند بەڕواڵەت بانگەشەی پابەندبوونیان بە دەستوورەوە دەکرد، بەڵام لە پراکتیکدا بە جۆرێکی تر ڕەفتاریان دەکرد.

لە پرۆسەی دانوستانەکانی نووسینەوەی دەستووردا ناکۆکییەکان قووڵ و جددی بوون. شیعە و سوننە ناکۆکییان هەبوو، کوردیش لەگەڵ هەردوو لایان ناکۆکیی هەبوو. ئەمەش دانوستان و گفتوگۆکانی قورس و پشووبڕ کردبوو. وەک شاندی کوردستانی لەسەر ئەوە ڕێک کەوتین کە دکتۆر ڕۆژ و نەوشیروان مستەفا لە لیژنەی نووسینی ڕەشنووسی دەستووردا نوێنەری شاندەکەمان بن و دوای کۆبوونەوەی لیژنەکە لەگەڵ لایەنەکان، ئەنجامەکانی لەگەڵ شاندی کوردستانی و ئێمە ئاڵوگۆڕ دەکرد. ئەگەر بابەتێکی بەپەلەش هەبا، کۆبوونەوەیەکی خێرا و نائاسایی دەبەسترا. هەموو کۆبوونەوەکان لە بارەگاکەمان بەڕێوە چوون، تەنانەت جارێکیان ئەحمەد چەلەبی پێشنیاری کرد ناوی ئەو شەقامەی بارەگاکەمانی لێ بوو بکرێتە شەقامی دەستوور.





لەم ماوەیەدا و لە نووسینگەی تەفسیر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، دوو کتێبی (د.سیروان ئەحمەد قادر) چاپکران و کەوتنە کتێبخانەی کوردییەوە، کتێبی یەکەمی بە ناونیشانی (پێشەنگیی پێغەمبەر (صلی اللە علیە وسلم) لە بانگەوازیدا))، لەم کتێبەدا نووسەر داوا لە بانگخواز و واعیز و وتاربێژ و مورشیدان دەکات کە ئاگاداربن و تەماشا بکەن کە پێغەمبەر( صلی اللە علیە وسلم) پێشەنگ و ڕابەری هەموانە بەو شێوازە هەڵسەنگاندنی بۆ کردەوە و ڕەفتار و گوفتارەکانی کردووە، بۆیە پێویستە ئێوەش چاو لەو زاتە بکەن، نەکەن هەست و نەستی ئامادەبووان و گوێگرانی کۆڕ و سیمینار و وتار و ئامۆژگاری و ڕێنماییەکان بکەن بە زمانی زبر و قسەی نەشیاوی وەك (تەریق نابنەوە، داماو، داناوەشێن، دەیوث، بێ هۆش...تاد)، لە کۆتاییدا نووسەر بەبیر ئەو بانگخواز و واعیز و مورشید و وتارخوێنانە دەهێنێتەوە کە ئەو دەستەواژە نەشیاوانەتان هێناوەتە نێو فەرهەنگی وتار و قسەکانتانەوە، دەپرسێت: ئایا لە سیرەی پێغەمبەر(د.خ) و هاوەڵانیدا خوێندووتانەوە بەو شێوازە وتاریان خوێندبێتەوە؟ یان بەو زمانە ئامۆژگاری و ڕێنمایی خەڵکیان کردبێت؟، ئەم کتێبە ڕێگا ڕۆشنکەرەوەیەکە بۆ وتارخوێن و واعیز و بانگخوازان.

کتێبی دووەمی نووسەر بەناونیشانی (چەمکی پەروەردە دیدگایەك بۆ ئاکارەکان)، ئەم کتێبە لێکۆڵینەوەیەکی پەروەردەییە و کۆمەڵە تایبەتمەندییەکی دیار و جیاوازی تێدایە، باس لەوە دەکات چۆن وەك تیۆرێکی پەروەردەیی زانستی لە پەروەردەی ئیسلامی بگەین، هەروەها ڕاهێنانێکی کردییە کە چۆن ڕەفتار و هەڵسوکەوت بۆ جۆرێکی باشتر بگۆڕین، کە لە یەك کاتدا پەروەردکاران فێری پەرەوەردەی خودی ببن و بۆ ئەوانی دیکەش ببێتە سەرچاوەیەکی باش و لێی سوودمەند بێت. دەستخۆشی لە (د.سیروان ئەحمەد قادر) دەکەین بۆ ئەو دوو بەرهەمە بەپێزە، هیوای بەرهەمی زیاتری بۆ دەخوازین




■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
سالْح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێیان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
رێبین رەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێری و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان رەشیدی

■ وێنەگران:
کەمال ئاکرەیی
هاوکار رەحمان

بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر

ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

***Web: www.gulanmedia.com***

فەرهەنگ غەفوور :



## ئیدی ئەمە هەولێرە هەولێر. جێی ئومێد و ڕووگەی هەمووان

ڕۆژگار موحسین

## ڕێژەی بەشداریی ئافرەت لە کەرتی گشتی و تایبەت زۆرە، بەڵام لە شوێنی بڕیاردان و پۆستە باڵاکان زۆر کەمە





کچانی زاخۆ
چاویان لە ئەنجامی گەورەیە

هۆکارەکانی ئازاری جومگە



سکۆتەر بۆ ناو بەفر



ماوس و کیبۆردێک پێویستیان
بە شەحن نییە



سیزدەیەمین ئەڵقەی بازنەی گفتوگۆ

# بە ئامانجگرتنی هەرێمی کوردستان و هۆکارەکانی



ڕۆژی ١٨ی کانوونی دووەمی ئەمساڵ (٢٠٢٤)، بازنەی گفتوگۆ ١٣یەمین کۆبوونەوەی خۆی ئەنجام دا، بە مەبەستی ئامادەکاری بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆیەکی دیکە لەسەر پرسێکی دیکە.

لەم کۆبوونەوەیەدا کە ئەندامانی بازنەی گفتوگۆ (شڤان حەمدی، پ.د.نەزاکەت حسێن، د.جەلال ئەحمەد، فەرهاد محەمەد) ئامادەی بوون، گفتوگۆ لەسەر چەندین پرس و مژاری گرنگ هاتە باسکردن، کە لە هەموویان گرنگتر پرسی (بەئامانجگرتنی هەرێمی کوردستان و هۆکارەکانی) بوو، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو، لە شەوی ١٥ی کانوونی دووەمی ئەمساڵ (٢٠٢٤) جیا لەوەی سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران هێرش و دەستدرێژییان بە مووشەکی بالیستی کردە سەر ماڵی پێشڕەو دزەیی بازرگان و سەرمایەدارێکی کوردستان و، لە ئاکامدا چەندین هاووڵاتی شەهید بوون، کە جیا لە پێشڕەو دزەیی، ئافرەت و منداڵی ساوای تەمەن ١١ مانگیشی تێدابوو، هاوکات لەگەڵ ئەم هێرشەی سوپای پاسداران و هەر لە هەمان شەودا میلیشیا چەکدارە لە یاسا دەرچووەکانی سەر بە سوپای پاسداران بە فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان هێرشیان کردە سەر چەند شوێنێکی زۆر هەستیار لە هەولێری پایتەختی هەرێم کوردستان، کۆبوونەوەکە بڕیاری دا، ئەم پرسە (بەئامانجگرتنی هەرێمی کوردستان و هۆکارەکانی) تایتڵی ئەو گفتوگۆیە بێت کە لە ڕۆژی ٢٨ی کانوونی دووەمی ٢٠٢ بەڕێوە چوو.

هەر لەو کۆبوونەوەیەدا بازنەی گفتوگۆ بڕیاری دا، ڕاپۆرتێکی مەیدانی لە سەرانسەری کوردستان ئەنجام بدرێت و ڕاوبۆچوونی سیاسەتمەداران و ئەکادیمیست و دەستەبژێری نیشتمانپەروەر وەربگرێت، پێش گفتوگۆکە لەسەر سکرین بۆ ئامادەبووان پیشان بدرێت، بۆ ئەوەی ناوەرۆکی گفتوگۆکە دەوڵەمەند بکات، بۆ ئەم گفتوگۆیە، کۆبوونەوەکە بڕیاری دا ئەم بەڕێزانە بەشداری بکەن:

١- د.سالار عوسمان بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان.

٢- د.کاوە مەحموود سکرتێری حزبی شیوعیی کوردستان.

٣- ئایدن مەعروف وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٤- د. عەبدوڵڵا وەیسی سەرۆکی یەکێتیی زانایانی ئیسلامیی کوردستان.

٥- پۆلا سەعید نووسەر و ڕووناکبیر بە ڕێگەی سکایپ لە ئەورپاوە.

٦- قەشە ئیشایا داود فیلیبس بەرپرسی کەنیسەی مارگۆرگیسی ڕۆژهەڵات لە هەولێر.

٧- ئەحمەد هۆشیار بەڕێوەبەری گشتیی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر.

- ئەندامانی بازنەی گفتوگۆ
  - شڤان حەمدی
  - پ.د. نەزاکەت حسێن.
  - د.جەلال ئەحمەد
  - فەرهاد محەمەد

جێگەی ئاماژەپێکردنە، قەشە ئیشایا داود فیلیبس بە هۆی ئەرکێکی ئایینییەوە نەیتوانی ڕاستەوخۆ لە ناو گفتوگۆکەدا لەگەڵماندا بەشدار بێت، بۆیە دواتر بە تۆماری دەنگی دیدوبۆچوونەکانی لەسەر (بەئامانجگرتنی هەرێمی کوردستان و هۆکارەکانی)ی بۆ ناردین.



ڕاپۆرتی مەیدانیی بازنەی گفتوگۆ

# ئەگەر مۆسادی ئیسرائیلی بنکەی لە هەولێر هەبوایە ئێران نەیدەتوانی مووشەکبارانی بکات

«بەئامانجگرتنی هەرێمی کوردستان و هۆکارەکانی» ناونیشانی ١٣یەمین گفتوگۆی «بازنەی گفتوگۆ» بوو، بۆ ئەم گفتوگۆیە کە لە ڕۆژی ٢٨ی کانوونی دووەمی٢٠٢٤ لە هۆڵی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بەڕێوەچوو، بازنەی گفتوگۆ بە هاریکاری و هەماهەنگی لەگەڵ تەلەفزیونەکانی «قەڵات - هەولێر، سلێمانی، دهۆك»، ڕاپۆرتێکی مەیدانی لەگەڵ کەسایەتییە سیاسییەکان و ئەکادیمیست و دەستەبژێری نیشتمانپەروەر سەبارەت بەو هێرشانەی بەگشتی دەکرێنە سەر هەرێمی کوردستان، هەروەها ئەو هێرش و دەستدرێژییانەی کە سوپای پاسداران بۆ جاری دووەم و بە مووشەکی بالیستیکی ماڵی بازرگان و سەرمایەدارێکی نیشتمانپەروەر «شەهید پێشڕەو»ی کردە ئامانج و لە ئاکامی ئەم هێرشەدا چەندین کەس شەهید بوون کە لە ناویاندا ئافرەت و منداڵێکی ساوای تەمەن ١١ مانگی تێدا بوو، کە «شەهید ژینای کچی شەهید پێشڕەو دزەیی» بوو.

ئەم ڕاپۆرتە مەیدانییە پێش ئەوەی بەشداربووانی گفتوگۆکە دەست بە گفتوگۆ بکەن، بۆ ئامادەبووان لەسەر سکرین نمایش کرا، ئەمەش وەك نەریتی بازنەی گفتوگۆ بۆ ئەوەیە بە ڕایەڵەیەك ڕای سەرجەم دەستەبژێرانی کوردستان لە زاخۆ تا گەرمیان لەگەڵ ڕاوبۆچوونی ئامادەبووانی گفتوگۆکە پێکەوە گرێ بداتەوە و، بە ئامانجی ئەوەی بتوانین لە ڕوانگەی بیروبۆچۆنە سیاسییە جیاوازەکان و پسپۆڕییە جیاوازە ئەکادیمییەکان و بیروبۆچوونی نەتەوە و ئایینە سیاسییەکان، بە گیانێکی نەتەوەیی و نیشتمانی مامەڵە لەگەڵ پرس و کێشە و ئەو ئالنگارییانە بکەین، کە وەك هەڕەشە و مەترسی لە چارەنووسی کوردستان دەردەکەون، کە بۆ گفتوگۆی ئەمجارە بابەتی گفتوگۆکە «بەئامانجگرتنی هەرێمی کوردستان و هۆکارەکانی» بوو.

ئەوەی لەم ڕاپۆرتەدا سیاسەتمەدار و ئەکادیمیست و دەستەبژێری نیشتمانپەروەر پێیان گوتین، ئەوەیە کە هەر لە لایەکەوە هەرێمی کوردستان بە ئامانج نەگیراوە، بەڵکو لە کۆمەڵێك لایەنەوە بە بەرنامە و لەسەر ئاستەکانی «سیاسی، دادگای فیدراڵی، ئابووری و برسیکردنی خەڵك، سەربازی و.. هتد» هەرێمی کوردستان بە ئامانج گیراوە و ئامانجی ئەو لایەنانەشی کە پێیان دەگوترێت «چەکدارە لە یاسا دەرچووەکان لە عێراقدا»، هەموویان لە بازنەیەکدا لەگەڵ ئامانجەکانی سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران یەك دەگرێتەوە، کە لاوازکردنی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستانە، تا دەگاتە ئەو ئاستەی نەمانی قەوارەی کوردستانە.

خاڵی هاوبەش لەنێوان بەشداربووانی ڕاپۆرتە مەیدانییەکە و ئەوانەشی کە لە گفتوگۆکەدا بەشدار بوون، ئەو شۆکبوونە بوو لەسەر هەڵوێستی حزبە سیاسییەکان لە شێوازی هەڵوێستوەرگرتنیان لەم ڕووداوە گەورەیە، کە خەڵکی کوردستان چاوەڕێی هەڵوێستی نیشتمانیی توندتریان لە حزبەکان دەکرد، بەتایبەتی کە بە مووشەکی بالیستیکی و قەدەغەکراو هێرش کراوەتە سەر ماڵێکی سڤیل و شەهید و بریندار هەیە و لەناو شەهیدەکانیشدا منداڵی ساوای تەمەن ١١ مانگ هەیە، بۆیە ئەم هەڵویستە لاوازانەی حزبە سیاسییەکان وەك ڕەنگدانەوەیەکی تەواوی ئەو پەرتەوازەیی و ناتەبایی حزبە سیاسییەکان لە قەڵەم درا.

خاڵێکی دیکەی هاوبەش، ئەو شۆکبوونە بوو، لە شێوازی مامەڵە و ڕوومالی بەشێك لە ڕاگەیاندنەکانی کوردستان لەگەڵ ئەم ڕووداوە گەورەیە و ڕەچاونەکردنی پرانسیپە پیشەییەکانی پیشەگەرانەی ڕۆژنامەگەری، هەروەها ڕەچاونەکردنی پرانسیپ و بەرژەوەندییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان، لەلایەکی دیکە ئەو مامەڵە نەشیاوەی کە هەندێك لە تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی لەگەڵ ئەم ڕووداوە بە شێوەیەکی نەرێنی مامەڵەیان کرد، ئەمیش جارێکی دیکە گەڕێندرایەوە بۆ ئەو کەشە ئاڵۆز و ناتەندروستەی کە حزبە سیاسییەکان لە دەروونی هاووڵاتیان و ژینگەی سیاسیی ئەم وڵاتە دروستیان کردووە.

لەبەر گرنگیی بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتە و سەرنج و پێشنیار و ڕاسپاردەی بەشداربووانی ڕاپۆرتەکە، بازنەی گفتوگۆ بە باشی زانی دەقی لێدوانەکان وەك خۆی بڵاو بکاتەوە.





**د. مەحمود عوسمان سیاسەتمەدار:**

# ئێمە باجی بوونی ئەمریكییەكان دەدەین لە كوردستان و ئەوانیش هیچ هەڵوێستێكیان نییە

**د. مەحمود عوسمان، كەسایەتیی دیار و سیاسەتمەداری دێرینی كوردستانە و، هەموو كات لەسەر ڕووداوەكان هەڵوێستی تایبەتی و قسەی جددیی خۆی هەیە، لە لێدوانیكدا بۆ ڕاپۆرتی مەیدانیی بازنەی گفتوگۆ (بەئامانجگرتنی هەرێمی كوردستان و هۆكارەكانی) بەم جۆرە بۆچوونەكانی خۆی خستە ڕوو.**

ئەو هێرش و دەستدرێژییانەی دەكرێنە سەر هەرێمی كوردستان، ئاشكرایە لەلایەن ئەو دەوڵەتانەوە دەكرێت، كە داگیركاری كوردستانن و خۆیان چەندین ملیۆن كوردیان هەیە و هیچ مافێكیان نییە، لە هەمان كاتیشدا هەرێمی كوردستان بەراورد بەو دەوڵەتانە لاوازە، هەروەها هێزەكانی هاوپەیمانانیش بەگشتی و ئەمریكاش بەتایبەتی كە بە حیساب لێرەن بۆ ئەوەی ئێمە بپارێزن، بەڵام بواریان داوە بەو دەوڵەتانە لە ئێمە بدەن و هیچ بەرگرییەكیش لە ئێمە ناكەن.

ئەمە یەكەم جار نییە ئێران بە مووشەكی بالیستیكی (كە ئەم چەكە لە شەڕی زۆر گەورە نەبێت، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی قەدەغە كراوە) لە هەولێر دەدات، پار بە بیانووی ئەوەی بنكەی مۆساد هەیە، ماڵی سەرمایەدار و بازرگانێكی گەورەی كوردستانی مووشەكباران كرد، ئەمساڵیش بە هەمان بیانوو، ماڵی سەرمایەدارێكی دیكەی گەورەی كوردستانی دیسان بە هەمان مووشەكی بالیستیكی بۆردومان كردووە، هەروەها ڕۆژانە بە فڕۆكەی بێ فڕۆكەوان هێرش دەكرێتە سەر فڕۆكەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر بە بیانووی بوونی بنكەی هێزەكانی هاوپەیمانان لەو ناوچەیە، ئەمەش وای كردووە، فڕۆكەخانەی هەولێریش بكەوێتە مەترسییەوە، چەندین هێڵی ئاسمانیی بەناوبانگ گەشتەكانی خۆیان هەڵوەشاندووەتەوە و گەشت بۆ هەولێر ئەنجام نادەن. بۆیە من بە ڕاشكاوی قسە دەكەم، ئێمە باجی ئەمریكییەكان دەدەین، پرسیار لێرەدا ئەوەیە، باشە كە ئەمریكا و هاوپەیمانان لێرە لە كوردستانن، بۆ سیستمێكی بەرگریی پێشكەوتوو دانانێن تا بەرگری لە خۆشیان و لە ئێمەش بكەن؟ بە ڕاستی وەڵامی ئەم پرسیارە دەگاتە ئەوەی بڵێین: نەبوونیان لە بوونیان چاكترە.

بۆیە گرنگە ئەم واقیعە وەك خۆی بخوێنینەوە. دەبێ ئەوە لەبەر چاو بگرین كە جوگرافیا دوژمنی ئێمەیە، ئێمە كەوتووینەتە ناوچەیەك كە دەوڵەتانی چوار دەورمان هەموویان دوژمنی ئێمەن. ڕاستە ئەو دەوڵەتانە لەناو خۆشیاندا كێشەیان هەیە، بەڵام كە هاتە سەر پرسی كورد و سەربەخۆیی، ئەوان كێشەكانی خۆیان وەلا دەنێن و گەلەكۆمەكێ لە ئێمە دەكەن، لە بەرانبەریشدا كە پێویستە زۆر بە ڕاشكاوی ئەم ڕاستییە دووبارە بكەینەوە، ئەمریكا تەنیا تەماشا دەكات و



هیچ هەڵوێستێکی نییە، کونسوولخانەی ئەمریکا بەیاننامەیەکی دەرکردووە و دەڵێت: ئەو هێرشانە هیچ بۆ سەر ئێمە نەبووە و هیچ زیانێکمان نەبووە، ئەمە ئەو پەڕی هەڵوێستی نامرۆڤانەیە، باشە ئەگەر زیانی بۆ ئەمریکا نەبوو، ئیدی ئەوەی شەهید دەبێت و دەبێت بە قوربانی گرنگ نییە؟ لە کاتێکدا هەموو ئەو هێرش و دەستدرێژییانە کە دەکرێن بە هۆی بوونی بنکەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانانە لە کوردستان، بۆیە ئەمە وامان لێدەکات، ئێمە وەك کورد وەك کۆی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بە خۆماندا بچینەوە و خۆمان بیر لە چارەسەرێك بکەینەوە.

کێشە و ئاستەنگی سەرەکی کە وای کردووە نەتوانین بیر لە چارەسەری کێشەکان بکەینەوە، بە پلەی یەکەم ئەوەیە کە هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان یەك نین و تەبا نین، کارەستێکی وا گەورە ڕووی داوە، دەبوو حزبەکان واز لە هەموو شتێك بهێنن و پێکەوە کۆببنەوە و بەیانێکی هاوبەش و یەکگرتوو بۆ سەرکۆنەکردنی ئەو هێرش و دەستدرێژییانە دەربکەن، نەك هەر حزبێك بە جیا و بە پێوەری بەرژەوەندییەکانی خۆی بەیان دەربکات، ئەوجا نەك هەر بەرانبەر ئەم کارەساتە، حزبەکانی کوردستان هەڵوێستیان بەرانبەر بەغداش یەکگرتوو نییە، بۆیە زۆر گرنگە هەموو حزبەکان پێکەوە وەك سەردەمی بەرەی کوردستانی کۆببنەوە و پێکەوە یەك هەڵوێست و یەك پەیامیان هەبێت، بەلای منەوە پێویستە لەم قۆناغەدا حزبەکان بیر لە بەرژەوەندیی باڵای گەلی کوردستان بکەنەوە و هەوڵ بدەن جۆرە بەرەیەك دروست بکەن، وەك بەرەی کوردستانی بۆ ئەوەی یەك هەڵوێستمان هەبێت. ئەگەر توانییان ئەمە بکەن، وەزعمان باشتر دەبێت، بەڵام بەداخەوە حزبە سیاسییەکان حزبایەتیی تەسك دەکەن، کارێکیان کردووە کە بێجگە لە ئەندامەکانی خۆیان، هاووڵاتیانی غەیرە حزبی هیچ نەبن و فەرامۆش کراون، من لە خۆمەوە سەیر دەکەم کە کەسێکی سەربەخۆم و سەر بە هیچ حزبێك نیم، کەس نەهاتووە لێم بپرسێت: ڕای تۆ لەسەر ئەم بارودۆخە چییە، هەتا هەست بکەم، منیش وەك هاووڵاتییەکی ئەم کوردستانە ڕەئیم هەیە و دەتوانم بەشدارییەك لە ڕووداوەکاندا بکەم، ئەمە بۆ دەستەبژێری نیشتمانپەروەر و ئەکادیمیست و خاوەن بیروبۆچوونە نیشتمانییەکانیش هەر بەو جۆرەیە، ڕاستە هەندێکیان لە میدیا ڕای خۆیان دەردەبڕن، بەڵام من لەو بڕوایەدام کەس گوێیان لێ ناگرێت و کار بە بۆچوونەکانیان ناکەن، بە کورت و کرمانجی، هەڵەی گەورەی ئێمە ئەوەیە یەکگرتوو نین و حزبایەتیی تەسك دەکەین، زۆر بە ئاشکرا لە ئێستادا بەرژەوەندیی حزب خراوەتە سەرووی بەرژەوەندیی کوردایەتی و بەرژەوەندیی باڵای گەلی کوردستانەوە.

**هێزەکانی هاوپەیمانانیش بەگشتی و ئەمریکاش بەتایبەتی کە بە حیساب لێرەن بۆ ئەوەی ئێمە بپارێزن، بەڵام بواریان داوە بەو دەوڵەتانە لە ئێمە بدەن و هیچ بەرگرییەکیش لە ئێمە ناکەن**





### ئەبوبەکر کاروانی نووسەر و سیاسەتمەدار:

# دابەشبوون بەسەر بەرەبەندییەکان بە هەڵوێستی حزبە سیاسییەکانەوە دیار بوو، کە هاتە سەر هەڵوێستی پراکتیکی، پارتی دیموکراتی کوردستان بە تەنیا مایەوە

ئەبوبەکر کاروانی نووسەر و سیاسەتمەدار لە لێدوانیدا بۆ ڕاپۆرتی مەیدانیی بازنەی گفتوگۆ (بەئامانجگرتنی هەرێمی کوردستان و هۆکارەکانی) بەم جۆرە تێڕوانین و بیربۆچوونەکانی خۆی خستەڕوو.

لە وەڵامی ئەو پرسیارەی لێم دەپرسن: «چۆن لەم هێرش و دەستدرێژییانە تێبگەین کە دەکرێنە سەر هەرێمی کوردستان؟» زۆر بە ڕاشکاوی دەڵێم: دەبێت بە پارێزەوە بڵێین هەرێمی کوردستان، لەبەر ئەوەی ئەگەر ئەم هێرشانە بە کردەوە وا وەربگیرانایە کە کراونەتە سەر باشووری کوردستان، لەم جوگرافیایەدا دەسەڵاتێکی ناوەندیی بەهێزمان هەبوایە، ئەوا ئاستی زیانەکان کەمتر دەبوو، ئاماژەکانیشی زۆر بەهێزتر دەکرد،چارەسەرکردنیشی ئاسان دەبوو.

بۆیە ئەگەرچی هێرشەکە بە ڕواڵەت بۆ سەر هەرێمی کوردستانە، بەڵام بەداخەوە بۆ سەر زۆنەکانە، ئێمە دوو جۆر دەستدرێژی دەکرێتە سەرمان، یەکێکیان لەلایەن تورکیاوەیە بۆ سەر زۆنێکی دیاریکراو و ئەوی دیکەیان لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێران و هاوپەیمانەکانی بۆ سەر زۆنێکی دیاریکراوی دیکە.

ئەم هێرش و دەستدرێژییانە زیاد لە ئاماژەیەکیان تێدایە، زیاد لەلایەنێکیش بەئامانجگیراوە، ئەمەش واتە هەموو هەرێمی کوردستان بە ئامانج ناگیرێت و، هەندێك لەم هەرێمە دەبێت ناوەندێك پەیامەکانی تێدا دەنێرێت، دەبێتە قۆچی قوربانی، بەبێ ئەوەی خۆی بە ئامانج گیرابێت.

ئەو هێرشانەی دەکرێنە سەر فڕۆکەخانەی هەولێر و بنکەی هێزەکانی هاوپەیمانان لەوێ و لە هەریریش، ئەمە حیسابکردنە بۆ هەرێمی کوردستان وەك بەشێك لە جوگرافیای عێراق، ئەوجا چۆن لە هێز و بنکەی هاوپەیمانان لە عەین ئەسەد دەدەن، بە هەمان شێوە هێرش دەکەن سەر بنکەکانی هاوپەیمانیش لە هەرێمی کوردستان.

لایەنێکی دیکە پەیوەندی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە هەیە، دیارە ئەو هێرشەی کە ئێران کردیە سەر زۆنی زەرد بە ئامانجگرتنی دوو سیمبولی ئابووری بوو، کە دوو سەرمایەداری گەورە بوون، دەتوانم بڵێم ئەم هێرشانە کۆمەڵێك پەیامیان تێدا بوو، جگە لەوەی ئەمە پەیامە بۆ ئەمریکییەکان، لەلایەکی دیکە تاقیکردنەوەی چەکەکانیانە بە کوردستان و بۆ ئەوەی ئاستی کاریگەریی چەکەکانیان پیشانی ئەمریکا و

ئیسرائیل بدەن، دەیانەوێت پێیان بڵێن: «ئێمە دەتوانین ئامانجەکانمان بە وردی و لە نزیکەوە بەو جۆرەی خۆمان دەمانەوێت بپێکین»، ئەم پەیامە لەسەر حیسابی هەرێمی کوردستان دەدرێتە ئەمریکییەکان و دەوڵەتانی ناوچەکەش.

پەیامێکی دیکەی ئێرانییەکان بۆ پارتی ئەوەیە کە لووتکەی نارەزایی ئێران لە پارتی لە دوای ساڵی ٢٠١٧ ئەوە بوو کە پارتی دیموکراتی کوردستان چووە ناو هاوپەیمانیی سەدر و حەلبوسییەوە، ئەمە لە ڕوانگەی ئێرانەوە، پارتی چووە ناو ئەو بەرەبەندییەی کە دژی بەرژەوەندییە قووڵەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بێت.

بۆیە ئەم هێرشانە بەشێکی پەیامە بۆ پارتی و لێدانە لە سیمبولە ئابوورییەکانی ئەو هاوپەیمانییەی کە لە مێشکی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا هەیە و پێك دێت لە ئەمریکا و ئیسرائیل و هەندێك وڵاتانی عەرەبی لە ناوچەکەدا.

لەو بەرەبەندییەوە کۆماری ئیسلامی دەیەوێت لە ڕێگەی ئەم هێرشانەوە بڵێت: «ئەو هاوپەیمانانەی ئێوە پێتان وایە هاوپەیمانن، هاوپەیمانی ڕاستەقینە نین و ئێمە دەتوانین ئازارتان بدەین، بەبێ ئەوەی هاوپەیمانەکانتان لەسەرتان بێنە دەنگ، بۆیە ئێوە ڕێگەیەکی هەڵەتان گرتووە و ئەگەر دەتانەوێت بەرگریتان لێ بکرێت و دوور بن لە زیانەکانی ئێمە، ئەوا دەبێت هێڵە سوورەکانی ئێمە ڕەچاو بکەن و دژی بەرژەوەندییەکانی ئێمە نەبن، ئەگەر لەناو بەرەبەندییەکەی ئێمەدا نابن لە دەرەوەی بەرەبەندیەکەی ئێمەش مەبن».

لێدانیش لە سیمبولە ئابوورییەکان دیسان پەیامە بۆ سیاسییەکان کە پەیوەندیی بە وزە و جۆری فرۆشتنیەوە هەیە، کە لای ئێران ئەمەش لە ئیسرائیل بەتاڵ نییە، هەموو ئەوانە لەو هێرش و دەستدرێژییانە لەبەر چاو گیراون و هەمووشیان پەیام بوون.

پرسی دووەم کە هەڵوێستی حزبەکانی باشووری کوردستانە، دەربارەی ئەم لێدانەی دوایی کە خوالێخۆشبوو سەرمایەدار پێشڕەو دزەیی لەگەڵ کۆمەڵێك خەڵکی بێتاوان بەبێ پاساو بوون بە قوربانی، لە ڕاستیدا هەڵوێستی حزبەکان جەختکردنەوە بوو لەسەر ئەو دابەشبوونەی لە کوردستاندا هەیە، بە شێوەیەکی گشتی کۆدەنگییەك هەبوو لەسەر سەرکۆنەکردنی هێرشەکان، بەڵام بێجگە لە هەڵوێستی پارتی دیموکراتی کوردستان کە پێی وابوو خۆی بە ئامانج گیراوە، هەڵوێستی حزبە سیاسییەکانی دیکە بەشێکی تەنیا تۆمارکردنی هەڵوێست بوو، خاترگرتنی ناوچەکەی تێدابوو، بەرەبەندییەکان و دابەشبوون بەسەر بەرەبەندییەکان بە هەڵوێستی حزبە سیاسییەکانەوە دیار بوو، کە هاتە سەر هەڵوێستی پراکتیکی پارتی دیموکراتی کوردستان بە تەنیا مایەوە.

ئێمە چی بکەین بۆ ئەوەی ئەو هێرشانە دووبارە نەبنەوە؟

١- دەبێت ئەو هێرشانە پۆلێن بکەین، ئەوانەی دەکرێنە سەر بنکەی هێزەکانی هاوپەیمانان، هەتا ئەو گرژییەی لەنێوان ئێران و هاوپەیمانانەدا هەیە، بەردەوام بێت، ئەم هێرشانە دووبارە دەبنەوە.

٢- ئەوەی پەیوەندی بە خۆمانەوە دەبێت بۆ بەڕێوەبردنی کێشەکان ستراتیژمان هەیە، چەند جۆر ستراتیژ بۆ بەڕێوەبردنی تەنگژە هەیە کە بریتین لە:

- ستراتیژیەتی گرتنەخۆ: واتە هەرچی ئێران داوای دەکات بۆی جێبەجێ بکەین، کە ئەمە ناکرێت و قورسە.
- ستراتیژیەتی گوێ پێنەدان و فەرامۆشکردن: واتە لێی گەڕێیت بۆ ڕۆژگار بەبێ هیچ وەڵامدانەوەیەك، ئەمەشیان ڕێزنەگرتنی خۆتە و ئاسان نییە ئەو جۆرە ستراتیژە پیادە بکرێت.
- ستراتیژیەتی ڕێککەوتن و هاریکاری: لەم ستراتیژیەتەدا دەبێت گوێ لە ئێران بگیرێت بۆ ئەوەی بزانرێت لە چ سنوورێکدا دەگەینە ڕێککەوتنێکی هاوبەش.
- ستراتیژیەتی چوارەم کە تاقی نەکراوەتەوە بەتایبەتی بۆ شوێنێك کە دەوڵەت نییە و کارتەکانی دەستی سنووردارە، ستراتیژیەتی ڕادیکاڵییەتە: کە ئەمەیان زەحمەتە بۆ لایەنێك بچێتە سەر کە کارتەکانی دەستی سنووردارن.

بە بڕوای من باشترین ستراتیژ، ستراتیژیەتی هاوکاری و گوێگرتنە لە یەکتری و ڕێککەوتنە لە ڕێگەی حکومەتی عێراق.

**دوو جۆر دەستدرێژی دەکرێتە سەرمان، یەکێکیان لەلایەن تورکیاوەیە بۆ سەر زۆنێکی دیاریکراو و ئەوی دیکەیان لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێران و هاوپەیمانەکانی بۆ سەر زۆنێکی دیاریکراوی دیکە**

**ئەم هێرشانە بەشێکی پەیامە بۆ پارتی و لێدانە لە سیمبولە ئابوورییەکانی ئەو هاوپەیمانییەی کە لە مێشکی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا هەیە و پێک دێت لە ئەمریکا و ئیسرائیل و هەندێک وڵاتانی عەرەبی لە ناوچەکەدا**

**کۆماری ئیسلامی دەیەوێت لە ڕێگەی ئەم هێرشانەوە بڵێت: «ئەو هاوپەیمانانەی ئێوە پێتان وایە هاوپەیمانن، هاوپەیمانی ڕاستەقینە نین و ئێمە دەتوانین ئازارتان بدەین، بەبێ ئەوەی هاوپەیمانەکانتان لەسەرتان بێنە دەنگ**





## شێروان شەمێرانی نووسەر و شارەزای کاروباری عێراق:

# ئێران ئەم هێرشانە دەکات بۆ ئەوەی گوشار لەسەر حکومەتی هەرێم دروست بکات و داواکارییەکانی جێبەجێ بکات

شێروان شەمێرانی نووسەر و شارەزای کاروباری عێراق، سەبارەت بەو هێرشانەی دەکرێنە سەر هەرێمی کوردستان لە لێدوانیدا بۆ ڕاپۆرتی مەیدانیی بازنەی گفتوگۆ (بەئامانجگرتنی هەرێمی کوردستان و هۆکارەکانی) بەم جۆرە دید و تێڕوانینەکانی خۆی خستە ڕوو:

ئەو هێرشانەی دەکرێنە سەر هەرێمی کوردستان دوو جۆرن، جۆرێکیان ئەوەیە کە ئێران بە مووشەکی بالیستکیی بۆردومانی هەولێری کرد، جۆرێکی دیکەشیان هێرشکردنە بە فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان کە لەلایەن گرووپە چەکدارە شیعە لەیاسادەرچووەکان دەکرێن. ئەم جۆرە هێرشانەی گرووپە چەکدارە شیعەکان دەیکەن، پەیوەندی بە سیاسەتی ناوخۆی عێراقەوە هەیە، بەڵام هێرشە ڕۆکێتییەکانی ئێران ڕەهەندێکی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتیان هەیە.

ئێران لە ئێستادا هەست بە ترسێك دەکات، بەتایبەتی ترسی ئەوەی هەیە ئەم باردۆخەی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زیاتر هەڵبکشێت و فراوان بێت و پڕیشکی ئەم شەڕە ئێرانیش بگرێتەوە، هەر بۆیە لەیەك کاتدا بە ڕۆکێت هێرشی کردە سەر هەرێمی کوردستان و پاکستان، ئەوەی هەرێمی کوردستان بە بیانووی بنکەی مۆساد و ئەوەی پاکستان بە بیانووی بوونی بنکەی هێزەکانی (جەیشی عەدل) کە ئەو هێزە هێزێکی ئۆپۆزسیونی ئێرانییە.

خاڵێکی دیکەی ئەم هێرشانە ئەوەیە کە لەوانەیە ئێران چەند داواکارییەکی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەبێت و حکومەتی هەرێمی کوردستان نەیەوێت بچێتە ژێر باری داواکارییەکانی ئێران، بۆیە ئێران ئەم هێرشانە دەکات، بۆ ئەوەی گوشار لەسەر حکومەتی هەرێم دروست بکات و داواکارییەکانی جێبەجێ بکات.

ئەم هێرشانە پەیوەندیان بە بارودۆخی ئابوورییشەوە هەیە، بە قەناعەتی من ئێران نایەوێت حکومەتی هەرێمی کوردستان ژێرخانێکی پتەوی ئابووری هەبێت، بەتایبەتی لە هەردوو سێکتەری نەوت و گازی سرووشتی و هەناردەی دەرەوەیان بکات، ئێران نایەوێت ئەو بۆشاییەی لە ئاکامی شەڕی ئۆکرانیا و ڕووسیا بۆ نەوت و گاز هەیە، لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە پڕ بکرێتەوە و دەیەوێت خۆی ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە.

خاڵێکی دیکەی ئەم هێرشانە پەیوەندی بە ململانێی ئێران و ئەمریکاوە هەیە، هەروەها پەیوەندی بە ململانێی ئێران و ئیسرائیلەوە هەیە، بەڵام زیاتر پەیوەندی بە ململانێی لەگەڵ ئەمریکا هەیە و دەیەوێت گوشارێك دروست بکات، وەك وەڵامدانەوەیەك بۆ ئەو هێرشانەی دەکرێنە سەر حوسییەکانی یەمەن .

لەسەر ئاستی ناوخۆی هەرێمی کوردستان و هەڵوێستی حزبە سیاسییەکانی کوردستان لە بەرانبەر ئەم هێرشانەی کرانە سەر هەولێر، بە شێوەیەکی گشتی هەڵوێستەکانیان لە هەڵوێستە




**پ.د. ئیسماعیل محەمەد محەمەد**
**پسپۆڕی مێژوو لە زانکۆی سەلاحەدین:**

# ئێران دەیەوێت کێشەکانی ناوخۆی خۆی هەناردەی دەرەوە بکات و بە دروستکردنی کێشە لە دەرەوە کێشە ناوخۆییەکانی پەردەپۆش بکات

تەقلیدییەکانی حزبە سیاسییەکانی عێراق دەچوو، پەیوەست بوو بە جۆری ئەو پەیوەندییانەی لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی عێراق و پەیوەندییان لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکە هەیە، خۆی بۆ خۆی کاردانەوەیان هەبوو، بەڵام لەوانەیە لە هەڵوێستوەرگرتن لەسەر ئەم بارودۆخە جیاوازیی هەبوویێت لەسەر توندی و هێوری، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ناڕازیبوونێکی گشتی هەبوو لەسەر ئەو هێرشانەی کرانە سەر هەولێر.

بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بارودۆخی ئەم جۆرە و ڕێگرتن و خۆپاراستن لەو هێرشانە، مامەڵەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی دیپلۆماتی زۆر گرنگە و دەبێت چەند ڕێوشوێنێك بگرێتە بەر:

**١-** ئێستا لە هەولێر کونسوولخانەی ئێران هەیە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو کونسوولخانەیە بەشێکە لە پەیوەندیی دیپلۆماتی (تاران و هەولێر) لە ڕێگەی باڵیۆزخانەی ئێرانەوە لە بەغدا، هەر بۆیە کاری ئەم کونسوولیەتەیە کە کاتێك هەست دەکات لەسەر خاکی هەرێمی کوردستانەوە لە دژی وڵاتەکەی (ئێران) هەستی پێ کردووە، ئەوا دەبێت بجووڵێت و حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاگادار بکاتەوە، بۆ ئەوەی بەر بەو مەترسییە بگرێت، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت هەوڵەکانی خۆی بخاتەگەڕ بۆ ئەوەی لە ڕێگەی وەزارەتی دەرەوەی عێراقەوە، ئێران ناچار بکات بەم شێوە هاوچەرخەی دەوڵەتان مامەڵە بکات، نەك ڕاستەوخۆ هێرش بکاتە سەر هەرێمی کوردستان.

**٢-** خاڵێکی دیکە کە زۆر گرنگە حکومەتی هەرێمی کوردستان بیگرێتە بەر، ئەوەیە لە ڕێگەی ئەو کونسوولخانانەی دەوڵەتانی هاوپەیمانان لە هەولێر هەیانە، دەبێ هەرێمی کوردستان قسەی جددی لەگەڵ دەوڵەتانی هاوپەیمان بکات بۆ ئەوەی سیستمی بەرگری بۆ هەرێمی کوردستان دابین بکەن، بە ڕاشکاوی پێیان بڵێن، ئەو هێرشانە کاریگەریی زۆر نەرێنییان لەسەر ژێرخانی ئابووریی کوردستان هەیە، بەشی زۆری ئەو هێرشانەش پەیوەندییان بە بوونی بنکەی هێزەکانی هاوپەیمانانەوە هەیە، بۆیە ئەرکی دەوڵەتانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتییە کە هەرێمی کوردستان بپارێزن.



**پ. د.ئیسماعیل محەمەد پسپۆڕی مێژووە لە زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر، وەك ئەكادیمیستێكی خاوەن هەڵوێست زۆر بە توندی سەركۆنەی ئەو هێرش و دەستدرێژییانەی سوپای پاسداران دەكات بۆ سەر هەولێری پایتەختی هەرێمی كوردستان و، لە لێدوانیدا بۆ ڕاپۆرتی مەیدانیی بازنەی گفتوگۆ (بەئامانجگرتنی هەرێمی كوردستان و هۆكارەكانی) بەم جۆرە دید و بۆچوونەكانی خستە ڕوو.**

ئەو هێرش و دەستدرێژییانەی كە لە شەوی ١٥ی كانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٢٤ سوپای پاسدارانی ئێران بە مووشەكی بالیستیكی كردیە سەر خانووی سەرمایەدارێكی كورد و، تیایدا چەندین هاووڵاتی سڤیل و ژن و منداڵی ساوای تێدا شەهید بوون، دەكەوێتە چوارچێوەی كاری تیرۆریستی و تیرۆری ڕێكخراوی دەوڵەتەوە.

لەم ساڵانەی دواییدا زۆر بە ڕاشكاوی ئەو ڕاستییە بۆ تەواوی جیهان ئاشكرا بوو، لە ناو هەموو كێشەكانی تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەر لە یەمەنەوە تا دەگاتە فەلەستین و لوبنان و سووریا و عێراق، تەواوی كێشەكان بە شێوەیەك لە شێوەكان دەستی سوپای پاسدارانی ئێرانی لە پشتەوەیە.

هێرشی ئێران بۆسەر هاووڵاتیانی سڤیل و بۆسەر هەرێمی كوردستان چەند هۆكارێكی لە پشتەوەیە لەوانە:

١- باشووری كوردستان هەر لە شەستەكانی سەدەی ڕابردوو و لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوولەوە و پاشانیش لەم قەوارە سیاسیی هەرێمی كوردستان، زیاتر لە ٦٠ ساڵە بووەتە سەنتەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی كوردستان لە هەر چوار پارچەی كوردستاندا، هەموو هیوا و ئاواتی كورد لە ناو ئەم پارچەیە و لەسەر ئەم قەوارە سیاسییەدا چڕ بووەتەوە، هەر بۆیە ئەو دەوڵەتانەی كوردستانیان بەسەردا دابەش كراوە، هەركاتێك ببینن، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی كوردستان هەنگاوێك بچێتە پێشەوە، ئەوان لێی دەدەن و ناهێڵین ئێمە ڕزگارمان ببێت و سەربەخۆ بین.

٢- هەرێمی كوردستان لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تەنیا قەوارەیە كە بووەتە شوێنێك بۆ گەشەی دیموكراتی و ئازادیی ڕادەربڕین و گیانی تەبایی و لێبوردەیی و پێكەوەژیانی ئاشتییانەی ئایین و نەتەوە جیاوازەكان لەلایەك و فرەیی حزبی و جیاوازیی بۆچوونی سیاسیی لەلایەكی دیكە، ئەم ئاراستەیەی لە هەرێمی كوردستان هەیە لەگەڵ شێوازی حوكمڕانیی دەوڵەتانی دراوسێی كوردستان بەگشتی و دەوڵەتی ئێران یەك ناگرێتەوە، بەتایبەتی كە ئێران دەوڵەتێكی فرە نەتەوەییە و مافی نەتەوەكانی پێشێل كردووە.

**ئەم ئاراستەیەی لە هەرێمی كوردستان هەیە لەگەڵ شێوازی حوكمڕانیی دەوڵەتانی دراوسێی كوردستان بەگشتی و دەوڵەتی ئێران یەک ناگرێتەوە، بەتایبەتی كە ئێران دەوڵەتێكی فرە نەتەوەییە و مافی نەتەوەكانی پێشێل كردووە**

٣- ئێران لە ناوخۆی خۆیدا كێشەی هەیە، مەترسیی ئەوەی هەیە نەتەوەكانی وەك (كورد، بەلوچ، تاجیك، عەرەب) چیتر ئەو بارودۆخە قبووڵ ناكەن، لەو ماوانەی ڕابردوودا بینیمان لە چەندین شوێنی جیاوازی ئێران ئەو نەتەوانە خۆپیشاندانی و دوای مافی خۆیان دەكرد، بۆیە ئێران دەیەوێت كێشەكانی ناوخۆی هەناردەی دەرەوە بكات و بە دروستكردنی كێشە لەدەرەوە كێشە ناوخۆییەكانی پەردە پۆش بكات.

٤- بەداخەوە ئێمە پارچەیەكین لە دەوڵەتێك كە پێی دەڵێن عێراق، ئەم دەوڵەتە دەوڵەتێكی لاوازە و خۆی بەشێكە لە ئێران، بۆیە وەك بینیمان بەغدا هەڵوێستی زۆر لاواز بوو و نەیتوانی بەرپرسیارییەتی هەڵبگرێت و بەرگری

**بەداخەوە ئێمە پارچەیەكین لە دەوڵەتێک كە پێی دەڵێن عێراق، ئەم دەوڵەتە دەوڵەتێكی لاوازە و خۆی بەشێكە لە ئێران**





لە سەروەریی وڵاتەکەی بکات، لەمەش خراپتر، عێراق خۆیشی بە جۆرێکی دیکە بەشێکە لەو هێرشانەی دەکرێنە سەر هەرێمی کوردستان، لەلایەك ئێران بە مووشەکی بالیستیکی خەڵکی سڤیل دەکوژێت، لەلایەکی دیکە بەغدا شەڕی ئابووری و برسیکردنی خەڵکی کوردستانمان لەگەڵ دەکات، کە ئەمەش تاوانێکە دژی خەڵکی کوردستان ئەنجام دەدرێت.

خاڵێکی دیکە کە لێرەدا دەخوازم ئاماژەی پێ بکەم و وەك ڕەخنەیەکیش ئاراستەی حزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستانی بکەم، ئەوەیە بەڕاستی هەڵوێستی حزبەکان لە ئاستی گەورەیی ئەم کارەسات و ڕووداوەدا نەبوو، لە قۆناغی ئێستادا کە هەر مەترسییەك بۆ سەر هەرێمی کوردستان چاوەڕوان کراوە، ئەوا دەبێت حزبە سیاسییەکان بە جیاوازیی ئایدیۆلۆژیەتی سیاسییانەوە بیر لە یەکگرتن و تەبایی و یەکریزی بکەنەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە لە قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانیدا دەبێت هەموو پێکەوە بە یەك ئاڕاستە و بۆ یەك ئامانج کار بکەن، بۆیە پێویستمان بەوەیە:

١- زۆر گرنگە تەواوی حزبە سیاسییەکانی کوردستان بە (ئیسلامی، نەتەوەیی، لیبراڵی) لە چوارچێوەی گوتارێکی سیاسیی یەکگرتووی نەتەوەییدا یەك بگرن.

٢- پێویستە پێکەوە لەسەر ستراتیژیەتی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان کار بکەین، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئێمە هەتا نەبینە خاوەن دەوڵەتێکی سەربەخۆ، هێرش و پەلاماری دوژمنان لەسەرمان هەر بەردەوام دەبێت.

٣- زۆر گرنگە بایەخێکی زیاتر بە گەنجەکان و نەوەی داهاتوو بدەین و بە هزری نەتەوەیی پەروەردەیان بکەین، بۆ ئەوەی ببنە پارێزەری هزری نەتەوەیی و کەلتووری کوردستان.

لە ئێستادا کورد لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دۆستی زۆرن، ئەو هێرش و دەستدرێژییانەی ئێران بە مووشەکی بالیستیکی کردیە سەر هەولێر، لەلایەن بەشی هەرە زۆری دەوڵەتانی جیهانەوە سەرکۆنە کرا. دیدار و کۆبوونەوەکانی بەڕێز مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانمان لە کۆڕبەندی داڤوس لە ڕۆژانی ١٥-١٩ی کانوونی ٢٠٢٤ بینی، کە ئەو هەموو سەرۆك و سەرۆك وەزیران و بەرپرسانەی نێودەوڵەتی سەردانی بەڕێزیان کرد و سەرکۆنەی هێرشەکەی ئێرانیان بۆ سەر خەڵکی سڤیلی هەرێمی کوردستان کرد.

**لەلایەک ئێران بە مووشەکی بالیستیکی خەڵکی سڤیل دەکوژێت، لەلایەکی دیکە بەغدا شەڕی ئابووری و برسیکردنی خەڵکی کوردستانمان لەگەڵ دەکات، کە ئەمەش تاوانێکە دژی خەڵکی کوردستان ئەنجام دەدرێت**

**ئێمە هەتا نەبینە خاوەن دەوڵەتێکی سەربەخۆ، هێرش و پەلاماری دوژمنان لەسەرمان هەر بەردەوام دەبێت**



**پ.د.مەهدی ئەبوبەکر مامۆستای زانکۆی سلێمانی:**

# لەسەر ئەم هێرشەی کرایە سەر هەرێمی کوردستان، عێراق وەک دەوڵەت شتێکی ئەوتۆی نەکرد کە بەرگری لە سەروەریی خۆیشی بکات

پ.د.مەهدی ئەبوبەکر، مامۆستایە لە زانکۆی سلێمانی، لە لێدوانیدا بۆ ڕاپۆرتی مەیدانیی بازنەی گفتوگۆ (بە ئامانجگرتنی هەرێمی کوردستان و هۆکارەکانی) وێڕای سەرکۆنەکردنی هێرشەکانی سوپای پاسداران بۆ سەر هەرێمی کوردستان، بەم جۆرە دید و تێڕوانینی خۆی خستە ڕوو.

**نەچوونی هەرێمی کوردستان بۆ ناو بەرەبەندیی سیاسەت و ستراتیژ و بەرژەوەندییەکانی ئێران، کە کەلەبەرێکی گەورەی، لەسەر دروستبوونی هیلالی شیعی دروست کردووە**

ئەو مووشەکباران و دەستدرێژییانەی لەلایەن سوپای پاسدارانی ئێرانەوە کراونەتە سەر هەرێمی کوردستان، دەتوانین بڵێین چەند ئامانجێکی لە پشتەوەیە:


١- هەوڵێکە بۆ گوشارخستنە سەر هەولێر و هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی ڕایانبکێشێتە ناو بەرژەوەندییە سیاسییەکانی ئێرانەوە لەناوچەکەدا.

٢- بە جۆرێك لە جۆرەکان گوشارە بۆ سەر ئەمریکییەکان، بۆ ئەوەی هێزەکانی لە هەرێمی کوردستان و عێراق بکشێنێتەوە.

ئەمانە دوو هۆکاری گرنگن، سەبارەت بە یەکەمیان نەچوونی هەرێمی کوردستان بۆ ناو بەرەبەندیی سیاسەت و ستراتیژ و بەرژەوەندییەکانی ئێران، کە کەلەبەرێکی گەورەی، لەسەر دروستبوونی هیلالی شیعی دروست کردووە، ئەوەی ئێران مەبەستیەتی لە ناوچەکەدا بیکات، کە ئەویش گەیشتنە بە سووریا و لوبنان و پێکەوە گرێدانەوەیەتی لەگەڵ تاران بە ڕێگەی زەمینی لە ڕێگەی هەرێمی کوردستانەوە. ئەوجا بۆ ئەوەی ئەم ئامانجەی بۆ بێتەدی، پەنای بردووەتە بەر ئەو هێرش و دەستدرێژییانە و مووشەکبارانکردنی هەولێر، بۆ ئەوەی هەم هەرێمی کوردستان ڕابکێشێتە ناو سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی خۆی، هەمیش گوشار لە ئەمریکا بکات بۆ ئەوەی هێزەکانیان لە هەرێمی کوردستان و عێراق بکشێنێتەوە.

ئامانجێکی دیکەی ئێران لەم هێرشانەی دەیکاتە سەر هەرێمی کوردستان، جۆرێکە لە ناردنی پەیام بۆ ئەمریکییەکان و پیشاندانی توانای ئێران، لە ئەگەری وڵامدانەوەی بەرانبەر ئەو هێرشەی دەکرێتە سەر چەکدارانی حوسی لە یەمەن، هەروەها دەبێت ئەوە لەبەر چاو بگرین کە وەزیری دەرەوەی ئێران ئاماژەی بەوە کرد کە هێرشەی کردوویانەتە سەر هەرێمی کوردستان، تۆڵەیەك بوو بۆ ئەو هێرشانەی ئەمریکا کردوویەتی سەر حوسییەکانی یەمەن، ئەم سێ ئامانجە، دەچێتە ناو ستراتیژیەتی درێژمەودای ئێرانەوە.

هەڵوێستی حزبە سیاسییەکانی کوردستان بە شێوەیەکی گشتی هەموویان ئەم هێرشەیان بۆ سەر هەولێر سەرکۆنە کرد، بەڵام ناوەڕۆکی بەیاننامە و سەرکۆنەکردنەکەیان هەر حزبێك بە گوێرەی دوور و نزیکیی لە سیاسەت و بەرژەوەندییەکان و جوگرافیای ئێران بوو، بۆیە دەکرێت بەشێوەیەکی گشتی بڵێین هەڵوێستی



**فوئاد عەلی جەمشیر چاودێری سیاسی لە گەرمیان:**

# سیاسەتی ئێران بە درێژایی مێژوو ئەوە بووە شەڕ لەسەر خاکی خۆی دوور بخاتەوە و لە خاکی وڵاتێکی دیکە شەڕەکە بکات

فوئاد عەلی جەمشیر شرۆڤەوان و چاودێرێکی سیاسییە، لە لێدوانیدا بۆ ڕاپۆرتی مەیدانیی بازنەی گفتوگۆ (بەئامانجگرتنی هەرێمی کوردستان و هۆکارەکانی) وێڕای ئەوەی زۆر بە توندی هێرش و دەستدرێژییەکانی سوپای پاسدارانی سەرکۆنە کرد، بەم جۆرە دید و تێڕوانینەکانی خۆی خستە ڕوو.

ئەو هێرش و دەستدرێژییانەی سوپای ئێران بە مووشەکی بالیستیکی کردوویەتە

حزبەکان تا ڕادەیەک لە ئاستی پەسەندا بوو، بەڵام بڵێین لە ئاستی گەورەیی ڕووداوەکەدا بوو، نەخێر لەو ئاستەدا نەبوو.

لەم ڕووداوانەی کە دەوڵەتێک هێرش و دەستدرێژی دەکاتە سەر دەوڵەتێکی دیکە، عورفی نێودەوڵەتی بەو جۆرەیە کە ئەو دەوڵەتەی دەستدرێژییەکەی کراوەتەسەر، کۆمەڵێک ڕێوشوێنی دیپلۆماتی دەگرێتە بەر، وەك بانگهێشتکردنی باڵیۆزی وڵاتی دەستدرێژیکار و پێدانی یاداشتنامەی نارەزایی و کەمکردنەوەی ئاستی پەیوەندییە دیپلۆماتییەکان و...هتد، ئاستی هێرش و دەستدرێژییەکە زۆر جار دەگاتە بڕینی پەیوەندییە دیپلۆماتی و ئابووری و بازرگانییەکان، تەنانەت هەندێك جار دەگاتە ئاستی هەڵگیرسانی شەڕیش، بەڵام لەسەر ئەم هێرشەی کرایە سەر هەرێمی کوردستان، عێراق وەك دەوڵەت، شتێکی ئەوتۆی نەکرد کە بەرگری لەسەروەریی خۆیشی بکات، بۆیە ئەم حاڵەتە هەرێمی کوردستان دەکاتە حاڵەتێکی تایبەتی ئەکتەرێکی غەیرە دەوڵەتی و، ئەو توانایانەشی نییە وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە بەرانبەر ئەم هێرش و دەستدرێژییانەدا بیانگرێتە بەر، بۆیە لەم حاڵەتەدا دەبێت بەرپرسیارێتی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ڕووداوی لەو جۆرە بەرپرسیارێتییەکی بەکۆمەڵی نێوان حزبە سیاسییەکان و حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت.

من ناچارم لەم پرسەدا ناوی حزبە سیاسییەکان بهێنم، لەبەر ئەوەی بڕیاردەری سەرەکی لە هەرێمی کوردستاندا بە تەنیا حکومەت نییە، بەڵکو حزبەکان هاوبەشن لەناو حکومەتدا، هەروەها دەبێت حکومەتی عێراقیش لەگەڵیدا هاوبەشی بکات، چونکە بمانەوێت، یان نەمانەوێت، هەتا ئێستا هەرێمی کوردستان بەشێکە لە عێراق، بۆیە دەبێت هەموو پێکەوە هەوڵە دیپلۆماتییەکان بخەنە گەڕ بۆ ئەوەی جارێکی دیکە هێرش و دەستدرێژیی لەم جۆرە دووبارە نەبێتەوە. عێراق دەبێت جۆرێك لە هەڕەشە بکات، وەك هەڕەشەی کەمکردنەوەی پەیوەندیی ئابووری و بازرگانی بۆ ئەوەی ئێران نەتوانێت جارێکی دیکە ئەم هێرش و دەستدرێژییانە دووبارە بکاتەوە.



سەر هەرێمی کوردستان، بەڕاستی هیچ بیانوویەك هەڵناگرێت و هێرشێکی دوژمنکارانە و تیرۆریستانەیە، دوا پێگە کە ئێستا لە عێراقدا لەژێر هەژموونی کۆماری ئیسلامیدا نەبێت، هەولێر و هەرێمی کوردستانە.

ئێران لە ئێستادا هەژموونی بەسەر ١٥- ١٦ پارێزگای عێراقدا هەیە، تەنیا هەولێرە وەك پایتەختی هەرێمی کوردستان، کە بووەتە چەق و شوێنێك کە هەژموون و باڵادەستیی ئێرانی لەسەر نییە، دیارە ئێران دەیەوێت ئەو هەژموونەی لە عێراقدا هەیەتی لە هەولێریش بۆی بچێتەسەر و باڵادەست بێت، بەڵام دیارە سیاسەت و ستراتیژیەتی هەولێریش ئەوە نییە کە ئێران خواستیەتی، بۆیە ئەم هێرش و دەستدرێژییانە دەکات، بۆ ئەوەی گوشاری لەسەر دروست بکات، هەروەها سیاسەتی ئێران بە درێژایی مێژوو وەك دەوڵەت و وەك ئیمپراتۆریەتیش هەر لە ئیمپراتۆریەتی سەفەوییەکانەوە تا دەگاتە ئێستا، ئەوە بووە شەڕوشۆڕەکان لەسەر خاکی خۆیان دوور بخەنەوە و هەناردەی بکەنە دەرەوە و لە خاکی وڵاتێکی شەڕەکە بکەن.

ئێران لە ئێستادا هەژموونی بەسەر ١٥- ١٦ پارێزگای عێراقدا هەیە، تەنیا هەولێرە وەک پایتەختی هەرێمی کوردستان، کە بووەتە چەق و شوێنێک کە هەژموون و باڵادەستیی ئێرانی لەسەر نییە

کوردستانیش بە درێژایی مێژووی خۆی کەوتووەتە نێوان ململانێی هەردوو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و سەفەوی، کە ئێستا تورکیا میراتگری عوسمانییە و ئێرانیش میراتگری سەفەوییە، وەك ئێستاش دەبینین، هەرچی شەڕوشۆڕیشان هەیە لەسەر خاکی ئێمە دەیکەن و دەیانەوێت یەکلایی بکەنەوە.

لە بەرانبەر ئەم واقیعە تاڵە و ئەو هێرش و دەستدرێژییانەی دەکرێنە سەر هەرێمی کوردستان، نەك لە دیدی چاودێرێکی سیاسیدا، بەڵکو هاووڵاتییەکی ئاساییش هەستی پێ دەکات کە هەڵویستی حزبەکان پەرتەوازەیە و یەکگرتوو نین، هەر یەکەیان لە ئاوازێك دەخوێنێت و خۆی لەبەرەبەندییەکدا ساغ کردووەتەوە.

دەبێت هەموو هەوڵەکان بخەینە گەڕ بۆ ئەوەی کۆتایی بەو پەرتەوازییە بهێنین و یەکریزی و تەبایی و یەکگرتوویی دروست بکەین و، هەموومان ببینە خاوەنی یەک گوتار و یەک هەڵویست

بۆ من جێگەی سەرسامی نییە کە هەڵوێستی حزبە سیاسییەکانی کوردستان ئاوا لاواز و لەرزۆکە، ئەگەرچی هەندێکیان بەیاننامەشیان دەرکردبێت، یان لە ڕێگەی میدیاوە سەرکۆنەی ئەو هێرش و دەستدرێژیانەشیان کردبێت، ئەم هەڵوێست لاوازییە، ئاکامی ئەو پەرتەوازەییەیە کە هەیە.

بێگومان لەم هێرشەدا تەنیا پارتی دیموکراتی کوردستان بە ئامانج نەگیراوە، بەڵکو ئەمە بەئامانجگرتنی هەولێرە کە پایتەختی هەرێمی کوردستانە، بازرگان و سەرمایەدارێکی کورد کراوەتە ئامانج کە جیا لەوەی خۆی شەهید بووە، چەندین هاووڵاتی مەدەنی دیکە شەهید بوون، کە ژن و منداڵی ساوای تێدایە، بۆیە دەبێت ئەم هێرش و دەستدرێژییانە زۆر بە توندی سەرکۆنە بکرێن، بەڵام ئەوەی لە حزبە سیاسییەکان بینیم، هەڵوێستێکی زۆر لاواز بووە و لە ئاستی ئەم ڕووداوە و ئەم هێرشە و ئەم دەستدرێژییە گەورەیەدا نەبوو، بۆیە پێویستە لەسەر لەم قۆناغەدا خۆمان کۆ بکەینەوە و چەند هەنگاوێك هەڵبگرین و بەخۆماندا بچینەوە، وەك:

١- دەبێت هەموو هەوڵەکان بخەینە گەڕ بۆ ئەوەی کۆتایی بەو پەرتەوازییە بهێنین و یەکریزی و تەبایی و یەکگرتوویی دروست بکەین و، هەمووماں ببینە خاوەنی یەك گوتار و یەك هەڵویست، کە ئەمەمان کرد، ئەوکات بەرانبەر و هەموو کەسێك حیسابێکی دیکەمان بۆ دەکات.

٢- دەبێت سوود لە سەرمایەی فیکر و پسپۆڕی ئەکادیمیست و دەستەبژێری نیشتمانیی خۆمان وەربگرین، بە دەیان ناوەندی توێژینەوە بکەینەوە و دیراسەتی فیکری بەرانبەرەکەمان بکەین و بزانین بەرانبەرەکەمان چۆن بیر دەکاتەوە و چی لە ئێمە دەوێت. بۆچی ئێمە ببینە سووتەمەنیی شەڕێك کە ئێمە بەشێك نین لەو شەڕە؟ بۆچی شیعە و ئێرانییەکان ئێمە بە بەشێك لە ململانێی خۆیان لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل دەزانن؟ تەنانەت کە ریفراندۆممان ئەنجام دا و هێرشیان کردە کوردستان و نەیانهێشت دەوڵەتی کوردستان دابمەزرێت، سوپای پاسداران و حەشدی شەعبی دەیانگوت نەمانهێشت ئیسرائیلی دووەم دابمەزرێت.

کە ریفراندۆممان ئەنجام دا و هێرشیان کردە کوردستان و نەیانهێشت دەوڵەتی کوردستان دابمەزرێت، سوپای پاسداران و حەشدی شەعبی دەیانگوت نەمانهێشت ئیسرائیلی دووەم دابمەزرێت

دەبێت ئەم بۆچوونە دوژمنکارانەی ئەوان بەرانبەر بە ئێمە بڕەوێتەوە و تێبگەن کە ئێمە میللەتێکی ئاشتیخوازین، دەمانەوێت لەسەر خاکی خۆمان بە ئازادی بژین و بەرژەوەندییەکانی ئەوانیش بپارێزین.

د. دیندار نەجمان دۆسکی سیاسەتمەدار:

# ئەو خۆپیشاندانانەی لە دژی ئەو دەستدرێژییانەی ئێران کران، کارێکی باش بوو، بەڵام بەداخەوە هەڵوێستی حزبە سیاسییەکان لە ئاستی پێویست و گەورەیی ڕووداوەکە نەبوو



**د.دیندار نەجمان دۆسکی سیاسەتمەدارێکی دیاری کوردستانە و پێشتر وەزیری کۆچ و کۆچبەرانی عێراقی بووە، لەم ڕاپۆرتەی بازنەی گفتوگۆ «بەئامانجگرتنی هەرێمی کوردستان و هۆکارەکانی» بەم جۆرە دید و تێڕوانینەکانی خۆی خستە ڕوو:**

ئێمە کە لە ناوچەیەکی وەك ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی پڕ کێشە و شەڕدا دەژین، ئەگەر سەرنج بدەین فاکتەری سەرەکی بۆ شەڕ و ناسەقامگیری و کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەر لە یەمەنەوە تا دەگاتە سووریا و لوبنان و عێراق، بە شێوەیەك لە شێوەکان دەستی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی لە پشتەوەیە.

ئێران دەوڵەتێکە لە ناوخۆی خۆیدا کێشەی زۆرە و کێشەکانیش لەسەر لێواری تەقینەوەن و خەڵکەکەی نارازییە، بەتایبەتی بەم دواییە کە لە ساڵیادی قاسم سولێمانیدا ئەو هێرشە تیرۆریستییە ئەنجام درا و، لە ئاکامدا ژمارەیەکی زۆر قوربانیی لێ کەوتەوە، ئەو کارە تیرۆریستییەی لەو بۆنەیەدا ڕووی دا، هاووڵاتیانی ئێران وەك جۆرێك لە شکستی حکومەتەکە لە قەڵەمی دەدەن، هەر لەم ماوەیەدا چەند جارێك لە ئاکامی ئەو هێرشانەی دەکرێنە سەر بنکە و بارەگاکانی میلیشیا چەکدارەکان لە سووریا، چەندین سەرکردەی سوپای پاسداران کوژراون، لەم حاڵەتەدا کە ئێران ناتوانێت کێشە ناوخۆییەکانی خۆی چارەسەر بکات، هەوڵ دەدات لە دەرەوەی وڵاتی خۆی کێشە دروست بکات، بۆ ئەوەی کێشە ناوخۆییەکانی پێ پەردەپۆش بکات و خەڵکەکەی خۆی بە کێشەکانی دەرەوە سەرقاڵ بکات.

هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان بۆ لێدانی بە مووشەکی بالیستیکی گەڕانە بە دوای ئەڵقەیەکی لاواز لە ناوچەکەدا، ئێران دەزانێت هەرێمی کوردستان خۆی توانای بەرپەرچدانەوەی ئەو هێرش و دەستدرێژییانەی نییە و، هەرێمی کوردستانیش بەشێکە لە عێراق، کە خودی دەوڵەتی عێراق هاوپەیمانی ئێرانە.

لێرەوە ئەگەر گریمانەی ئەوە بکەین، ئەو بیانووانەی ئێران بە هەرێمی کوردستانی دەگرێت و دەڵێت لە هەرێمی کوردستان بنکەی مۆسادی ئیسرائیلی هەیە، ئێ باشە ئەمە کاری دەوڵەت و حکومەتی عێراقە کە ڕێوشوێنی پێوست بگرێتەبەر و ڕێگری لێ بکات، چ یاسایەکی نێودەوڵەتی ڕێگەی پێ دەدات، سەروەریی دەوڵەتێکی دیکە بەزێنێت و هێرشی بکاتە سەر؟ بۆیە هەر ئەم ڕەفتارەی ئێران ئەو بیانووە پووچەڵ دەکاتەوە کە ئێران بانگەشەی بۆ دەکات، هەر بۆیە هەولێر و هەرێمی کوردستانیشی کردووەتە ئامانج، لەبەر ئەوەی باش دەزانێت هەرێمی کوردستان دەوڵەت نییە و توانای ئەوەی نییە بەرپەرچی ئێران بداتەوە، ئێران چەندین جاری دیکەش هەولێری کردووەتە ئامانج بۆ ئەوەی کێشە ناوخۆییەکانی خۆی پێ پەردە پۆش بکات.

بە دڵنیاییەوە و زۆر بە ڕاشکاوانە دەڵێم: ئەگەر ماڵی شەهید پێشڕەو دزەیی بنکەی مۆسادی ئیسرائیلی بوایە و ئاڵایەکی ئیسرائیلی لەسەر بوایە، ئێران بوێریی ئەوەی نەدەبوو کە هێرش بکاتە سەر ئەو ئاڵایە، نەك بە مووشەك بەڵکو نەیدەتوانی

**فاکتەری سەرەکی بۆ شەڕ و ناسەقامگیری و کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەر لە یەمەنەوە تا دەگاتە سووریا و لوبنان و عێراق، بە شێوەیەک لە شێوەکان دەستی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی لە پشتەوەیە**



**ئەگەر ماڵی شەهید پێشڕەو دزەیی بنکەی موسادی ئیسرائیلی بوایە و ئاڵایەکی ئیسرائیلی لەسەر بوایە، ئێران بوێریی ئەوەی نەدەبوو کە هێرش بکاتە سەر ئەو ئاڵایە، نەک بە مووشەک بەڵکو نەیدەتوانی فیشەکێکی بەرامبەر بتەقێنێت**

فیشەکێکی بەرامبەر بتەقێنێت.


ئێران لە سووریا چەندین میلیشیای چەکداری هەیە، لە لوبنان حزبوڵڵای هەیە، هەموو ئەم میلیشیایانە ڕۆکێتی ئەوتۆیان لەبەردەستە کە دەگەنە هەموو شارەکانی ئیسرائیل، پرسیار ئەوەیە بۆچی ئێران لە سووریا و لوبنانەوە شارەکانی ئیسرائیل بۆردومان ناکات کە زۆر لێوەی نزیکن؟ هەروەها هەر لە نزیك خۆی لە بەحرێن و ئیمارات بە فەرمی باڵیۆزخانەی ئیسرائیل هەیە، بۆچی هێرش ناکاتە سەریان؟ ئەمە لەبەر ئەوەیە ئەوانە دەوڵەتن و عێراق پاشکۆی ئێرانە، بینیمان پاکستان چۆن وەڵامی هێرشە مووشەکییەکەی ئێرانی دایەوە و ئێران نەیتوانی وەڵام بداتەوە.

لە هەردوو هێرشە مووشەکییەکەی ئێران بۆ سەر هەولێر کە هەردوو جارەکە بە هەمان بیانووی ئیسرائیل هێرشەکانی ئەنجام دابوو، بۆ هەردوو جارەکەش لەسەر حکومەت و پەرلەمانی عێراق لێژنەی هاوبەش لەگەڵ پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان پێك هاتوون، بۆ ئەوەی بەدواداچوون بۆ ڕووداوەکە بکەن، ڕاپۆرتی ئەو لێژنە هاوبەشانە بەوجۆرە بووە کە ئەوە ماڵی هاووڵاتیانی سڤیلە، هەر بۆیە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی سەرکۆنەی ئەو هێرشەیان کردووە و شەرمەزاریان کردووە، لەبەر ئەوە لە ئاکامی ئەو هێرشانە شەهید هەبووە و لە ناویاندا منداڵی ساواشی تێدا بووە.

لەسەر ئاستی ناوخۆی کوردستان، ئەو خۆپیشاندانانەی لە دژی ئەم هێرش و دەستدرێژییانە کران، کارێکی باش بوو، بەڵام بەداخەوە هەڵوێستی حزبە سیاسییەکان لە ئاستی پێویست و گەورەیی ڕووداوەکە نەبوو. ئێمە چاوەڕێی هەڵوێستی توندتر و ڕژدترمان دەکرد، لەبەر ئەوەی یەکەم هەولێر پایتەختی کوردستانە و، ئەو قوربانییانەشی لە ئاکامی ئەو هێرش و دەستدرێژییە شەهید بوون، خەڵکی هەرێمی کوردستانن، شەهید پێشڕەو دزەیی هەموو کوردستان دەیناسێت و دەزانن خزمەتی هەرێمی کوردستان و تەنانەت عێراقیشی کردووە.

هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەسەر ئەم هێرش و دەستدرێژییانەی کرانە سەر هەولێر، تا ڕاددەیەکی زۆر باش بوو، بەتایبەتی کە دەوڵەتە گەورەکانی وەك ئەمریکا و بەریتانیا و فیدراسیۆنی یەکێتیی ئەورووپا هەموویان سەرکۆنەی ئەو هێرش و دەستدرێژییەی ئێرانیان کرد و شەرمەزاریان کرد.

**هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەسەر ئەم هێرش و دەستدرێژییانەی کرانە سەر هەولێر، تا ڕاددەیەکی زۆر باش بوو، بەتایبەتی کە دەوڵەتە گەورەکانی وەک ئەمریکا و بەریتانیا و فیدراسیۆنی یەکێتیی ئەورووپا هەموویان سەرکۆنەی ئەو هێرش و دەستدرێژییەی ئێرانیان کرد و شەرمەزاریان کرد**







د.سالار عوسمان

بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان:

# بەداخەوە لە ئێستادا، لەبری یەکڕیزی و تەبایی و یەکهەڵویستی، پەرتەوازەیی و هەڵوێستی جیاوازی حزبی دەبینین

د.سالار عوسمان بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە دەستپێکی بازنەی گفتوگۆی ئەمجارەدا «بەئامانجگرتنی هەرێمی کوردستان و هۆکارەکانی»، زۆر بە گەرمی بە خێرهاتنی میوانە بەشداربووەکانی ئەم گفتوگۆیەی کرد و، ئاماژەی بەوە کرد، «بازنەی گفتوگۆ»، ئۆرگانێکی سەربەخۆی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە و لە سەرەتای ساڵی ڕابردوو (٢٠٢٣) ئەم ئۆرگانە دامەزراوە و، مانگانە گفتوگۆ لەسەر پرس و مژارێکی گەرم و گرنگی نەتەوەیی و نیشتمانی و پەیوەست بە ژیانی ڕۆژانەی خەڵك بەڕێوە دەبات، تا ئێستا ١٢ گفتوگۆی بە بەشداریی زیاتر لە ٨٠ دەستەبژێری سیاسی و ئەکادیمی و نیشتمانی و هەزاران هاووڵاتی لە ڕێگەی ئامادەکردنی ڕاپۆرتی مەیدانی و ڕاپرسییەکانی لە سەرانسەری کوردستان ئەنجام داوە، بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن بڕیاری داوە، چالاکییەکانی بازنەی گفتوگۆ بەردەوامی پێبدات. ئامانج لەم بەردەوامیپێدانە ئەوەیە کە مەبەستمانە ئەم پلاتفۆرمە کراوەیە ڕایەڵەیەك بێت بۆ پێکەوەگرێدانەوەی بیروبۆچوونە جیاوازەکان و هەروەها ڕایەڵەیەك بێت بۆ کۆکردنەوەی ئایین و نەتەوە جیاوازەکانی کوردستان و خەمە حزبی و لۆکاڵییەکان بگۆڕین بۆ خەمی نیشتمانی و هەموومان پێکەوە بە خەمی خۆمانی بزانین و پێکەوە گەنگەشەیان بکەین و چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزینەوە.

سەبارەت بە گفتوگۆی ئەمجارەش، بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، بە بەشداربوانی گفتوگۆکەی ڕاگەیاند: گفتوگۆی ئەمجارە بابەتێکە لە بابەتە گەرمەکانی کارەساتێك کە وەك غەدر دژی هاووڵاتیانی سڤیل و قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان ئەنجام دراوە. پرسیارێکمان کردووە: «بۆچی هەرێمی کوردستان بە ئامانج دەگیرێت و هۆکاری ئەم بەئامانجگرتنە چییە؟» دەمانەوێت گفتوگۆیەکی ڕاشکاوانە بکەین و وەڵامێك بۆ ئەم پرسیارە وەربگرینەوە، دوای ئەم وتەیە بەمجۆرە دید و تێڕوانین و پێشنیارەکانی خستەڕوو:

من هەوڵدەدەم باسی دەرهاویشتە خراپەکانی میدیا و ڕاگەیاندنەکانی کوردستان بکەم لە شێوازی مامەڵەکردنیان لەگەڵ ئەو هێرش و دەستدرێژییانەی کرانە سەر ماڵی هاووڵاتییەکی سڤیل و سەرمایەدارێکی نیشتمانپەروەری ئەم وڵاتە کە لە ئاکامدا چەندین هاووڵاتی شەهید بوون کە لەناویاندا ئافرەت و منداڵی ساوای تەمەن ١١ مانگیشی تێدا بوو.

ئەوەی لە مامەڵەی بەشێك لە میدیای کوردستان هەستم پێکرد، نەبوونی هەستی نیشتمانپەروەری بوو، بەوەی چۆن مامەڵە لەگەڵ ڕووداوێکی گەورەی بەمجۆرە دەکات و زیانی بۆ بەرژەوەندیی نیشتمانی و سایکۆلۆژیەتی هاووڵاتیان و ئاشتی کۆمەڵگە نەبێت. بەداخەوە لەبری ئەو هەستە، من تێبینم کرد لەناو ئەو بەشەی میدیای کوردستاندا، جۆرێك لە تێکەڵکردنی کێشەکان هەیە کە پێی دەڵێن کێشەی »تێکەڵکردن و ئاریشەی ئاڵۆزکردن»، هەروەك چۆن ئەم تێکەڵکردنە لای بەشێك لە سیاسەتمەدارەکانی کوردستان پیادە دەکرێت.

کاتێك میدیا دەبینێت نیشتمانەکەی ڕووبەڕووی مەترسی، یان کارێکی تیرۆریستیی گەورە بووەتەوە، پێویستە بیرکردنەوەکانی خۆی، یان شێوازی ڕووماڵکردنی ئەو ڕووداوە گەورە پۆلین بکات و ئاگای لەوە بێت، خۆی نەبێتە فاکتەرێك بۆ ئەوەی ئەم ڕووداوە گەورەیە بە شتی لاوەکی تێکەڵ بکات و کارێك بکات کە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی دوژمنی نیشتمانەکەی خۆی بکات. هەر بۆیە مامەڵەی بەشێك لە میدیا لە چۆنیەتی ڕووماڵکردنی ئەو غەدرە گەورەیەی لە خەڵکی سڤیل و قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان کراوە، بە جۆرێك بوو هەستی نیشتمانپەروەری تێدا نەدەبینرا، بۆیە من داواکارم ڕۆژنامەنووس و میدیاکارانی کوردستان ئەمە بە هەند وەربگرن و، ڕێگە چارەیەك بۆ ئەو دەرهاویشتە خراپانەی نەبوونی هەستی نیشتمانپەروەری لە کاری ڕۆژنامەنووسیدا بدۆزنەوە، بەتایبەتی کە لە ڕووماڵی بەشێك لە میدیای کوردستان لەسەر ئەم ڕووداوە گەورەیە بینیمان.

دەرهاویشتەیەکی دیکەی نەرێنی هەر تایبەت بەم ڕووداوە گەورەیە هەستمان پێکرد، بێدەنگیی بەشێکی دەستەبژێری ڕووناکبیر و ڕۆشنبیرانی کوردستان بوو. ئێمە بینیمان دەستەبژێری سیاسیی و حزبە سیاسییەکان هەر یەکەیان بە جۆرێك بە ڕێگەی ئاخافتن و بڵاوکردنەوەی بەیاننامە، بۆچوونەکانی خۆیانیان لەسەر ئەم پرسە خستە ڕوو، بەڵام هەستمان کرد لەناو ئەم ڕووداوە گەورەیەدا، بەشێك لە ڕۆشنبیرانی ئێمە بوونیان نییە، ئەمە لە کاتێکدا دەستەبژێری ڕۆشنبیر لە هەموو وڵاتێکدا، قسەو هەڵویستی جددی لەسەر هەموو ڕووداو و کارەساتەکانی نیشتمانی خۆیان هەیە. هەر بۆ نموونە لە دوای کارەساتی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠١١ کە ئەمریکا کەوتە بەر هێرشی تیرۆریستان، ئەوە دەستەبژێری ڕۆشنبیری ئەمریکا بوون، ئەو پرسیارە گەورەیەیان ڕووبەڕووی جیهان کردەوە «بۆچی ڕقتان لێمانە؟» ئەمە بەو مانایەی بۆچی ڕق و بوغز و کینەتان بەرانبەرمان، گەیشتووەتە ئەو ئاستەی هاووڵاتیانی سڤیلی ئێمە بە بێ پاساو کۆمەڵکوژ دەکەن؟ لەم ڕوانگەیەوە دەبوو دەستەبژێری ڕووناکبیری ئێمەش ئەو پرسیارەیان ڕووبەڕووی جیهان بکردایەتەوە، بۆچی ڕق و کینەتان بەرانبەر بە هەرێمی کوردستان گەیشتووەتە ئەو ئاستەی بە ڕۆکێتی بالیستیکی منداڵێکی تەمەن ١١ مانگی ئێمە شەهید دەکەن؟ من ئەم پرسیارە بۆ دەستەبژێری ڕووناکبیری کوردستان بەجێدەهێڵم بۆ ئەوەی وەڵامی بدەنەوە.

خاڵی گرنگ بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکی سەردەمییانە لەگەڵ کۆی کێشەکانمان بە کێشەی پەرتەوازەیی نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستان و کێشە هەڵواسراوەکانمان لەگەڵ بەغدا و ئەو کێشانەشی لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ هەمانە، من لەژێر یەك تایتڵدا کۆیان دەکەمەوە کە ئەویش «گفتوگۆی ڕاشکاوانە و دانوستاندنە لەگەڵ یەکتری».

***

بۆیە لەناو ئەم ناونیشانەدا « گفتوگۆ و دانوستاندن» دۆست و دوژمن دەگرێتەوە و ئەمەش بەشێکە لە دیپلۆماسیەتی مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانیش، پێموایە ئێستا دووبارە کاتی ئەوەیە کە هەرێمی

**مامەڵەی بەشێک لە میدیا لە چۆنیەتی ڕووماڵکردنی ئەو غەدرە گەورەیەی لە خەڵکی سڤیل و قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان کراوە، بە جۆرێک بوو هەستی نیشتمانپەروەری تێدا نەدەبینرا**

**ئێستا دووبارە کاتی ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان و هێزە سیاسییەکانی دەست بە پرۆسەیەکی دیکەی دیپلۆماتی و دانوستاندن بکەنەوە**

**هێزە سیاسییەکانی کوردستان دەبێت پێکەوە گفتوگۆ و دانوستاندنی ڕاشکاوانە و جددی بکەن و لە داواکاریی یەکتری تێبگەن و لە پێناوی بەرژەوەندنی باڵای ئەم نیشتمانە لەسەر پرانسیپێکی هاوبەش ڕێکبکەون**

**لە دەرەوەی حکومەتی عێراق هێزێکی دیکە هەیە کە ڕێگرە لەوەی حکومەت ڕێز لەو ئیمزایانەی خۆی بگرێت کە لەسەر ڕێککەوتنەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان ئیمزای دەکات**



کوردستان و هێزە سیاسییەکانی دەست بە پرۆسەیەکی دیکەی دیپلۆماتی و دانوستاندن بکەنەوە، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا پێویستیمان بۆ «گفتوگۆ و دانوستاندن» بەسەر چوار تەوەرەی سەرەکی و گرنگ بەمجۆرە دابەش دەکەم:

یەکەم: گفتوگۆ و دانوستاندن لەسەر ئاستی پرۆسەی سیاسی لە ناوخۆی هەرێمی کوردستان.

لەم قۆناغەدا پێویستمان بە پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنەوەی پرۆسەی سیاسیی ناوخۆی کوردستان هەیە. هەموو لایەکمان دەزانین و لەم گفتوگۆیەشدا زۆر جەختی لەسەر کرایەوە کە یەکێك لەو هۆکارانەی دەبێتە هۆکاری بەهێزی هەرێمی کوردستان و چۆنیەتی مامەڵەکردنیکی دروست لەگەڵ کۆی گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە و ئەو هەڕەشانەشی ڕووبەڕوومان دەبنەوە، یەکڕیزی و تەبایی و یەکهەڵوێستی هێزە سیاسییەکانی کوردستانە، بەداخەوە لە ئێستادا، لە بری یەکڕیزی و تەبایی و یەکهەڵویستی، پەرتەوازەیی و هەڵوێستی جیاوازی حزبی دەبینین. بۆیە زۆر گرنگە لەناو خۆی پرۆسەی سیاسیی کوردستانەوە دەست پێبکەین. هێزە سیاسییەکانی کوردستان دەبێت پێکەوە گفتوگۆ و دانوستاندنی ڕاشکاوانە و جددی بکەن و لە داواکاریی یەکتری تێبگەن و لە پێناوی بەرژەوەندنی باڵای ئەم نیشتمانە لەسەر پرانسیپێکی هاوبەش ڕێکبکەون، بۆ ئەوەی بتوانن هەنگاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان هەڵبگرن و شێواز و میکانیزمی گونجاو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشە و مەترسییەکان بدۆزنەوە.

دووەم : گفتوگۆ و دانوستاندن لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراق.

کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق گەیشتوونەتە ئاستێك، پێویستی بە گفتوگۆ و دانوستاندنی زۆر ڕاشکاوانە لەگەڵ عێراق هەیە، لەدوای دەستبەکاربوونی حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانی لە تشرینی یەکەمی ٢٠٢٢ هەتا ئێستا، گفتوگۆ و دانوستاندنی بەردەوام لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و کابینەکەی سوودانیدا هەبووە. لەم ماوەیەدا چەندین ڕێککەوتنی گرنگیان ئیمزا کردووە، بەڵام ئەم ڕێککەوتنانە بە کردەیی جێبەجێ نەکراون، ئەمە مانای ئەوەیە وەك بەڕێزانیش لەم گفتوگۆیە جەختیان لەسەر کردەوە، لە دەرەوەی حکومەتی عێراق هێزێکی دیکە هەیە کە ڕێگرە لەوەی حکومەت ڕێز لەو ئیمزایانەی خۆی بگرێت کە لەسەر ڕێککەوتنەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان ئیمزای دەکات، بۆیە دەبێت ئەمە یەکلایی بکرێتەوە و پێویستە ئێمە وەك هەرێمی کوردستان و هێزە سیاسییەکان لەگەڵ لەگەڵ حکومەت و هێزە سیاسییە دەستڕۆیشتووەکانی عێراق دانوستاندنی ڕاشکاوانە بکەین و ئەم پرسە بەلایەکدا یەکلایی بکەینەوە، بۆ ئەوەی بە ئاستێك لە یەکتری تێبگەین کە وەڵامی ئەم پرسیارەمان بدەنەوە «ئایا هەرێمی کوردستان، هەرێمێکە لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵیی عێراقدا، یان بڕیارتان داوە وەك لایەنێکی نەیار و دوژمن مامەڵەمان لەگەڵ بکەن؟» بە قەناعەتی من ئەگەر لایەنە کوردستانییەکان بە یەکگرتوویی پێداگری بکەن، وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە لە بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستان وەردەگرینەوە.

سێهەم: گفتوگۆ و دانوستاندن لەسەر ئاستی هەرێمایەتی «دەوڵەتانی دراوسێ».

جوگرافیای هەرێمی کوردستان کەوتووەتە ناوچەیەك کە چەند دەوڵەت دراوسێەتی و ئێمە خۆمان هەڵمانەبژاردوون، بەڵکو جوگرافیا بەسەریدا سەپاندووین، ئەم جوگرافیایەش نە بە ئێمە دەگۆڕێت و نە بەوانیش، بۆیە ئەگەر کێشەیەك، یان تەنانە شەڕیشمان لەگەڵ یەکتری هەبێت، لەنێوان دوو کەوانەدا، ئەوا سەرەنجام وەك مێژوو پێمان دەڵێت، کێشەکان بە کاروکاردانەوە چارەسەر ناکرێن و دەبێت هەردوو لایەنی کێشەکە پێکەوە دابنیشن و گفتوگۆی ڕاشکاوانە بکەن، بۆ ئەوەی هەر لایەك لە دیدو بۆچوون و تێڕوانینی لایەکەی دیکە تێبگات. لەم چوارچێوەیەدا ئێمە پێویستمان بە گەڕێکی دیکەی «گفتوگۆ و دانوستاندن» لەگەڵ دەوڵەتەکانی دراوسێمان هەیە. دەبێت بە یەکگرتوویی سەردانیان بکەین و زۆر بە ڕاشکاوی گفتوگۆیان لەگەڵ بکەین و بزانین ئەوان چۆن سەیری ئێمە دەکەن، بۆچی

**جوگرافیای هەرێمی کوردستان کەوتووەتە ناوچەیەک کە چەند دەوڵەت دراوسێەتی و ئێمە خۆمان هەڵمانەبژاردوون، بەڵکو جوگرافیا بەسەریدا سەپاندووین**

**بۆچی لەبری چارەسەرکردنی کێشەکان، دەیانەوێت بە زمانی فڕۆکەی درۆن و مووشەکی بالیستیکی مامەڵەمان لەگەڵ بکەن؟**

**گفتوگۆ و دانوستاندن چەند گرنگە بۆ دۆستان و هاوپەیمانان، دوو هێندە گرنگە بۆ چارەسەرکردنی کێشە و لێکتێنەگەیشتنی نێوان لایەنە پێکناکۆکەکان**

**ئێستا ئێمە وەک هەرێمی کوردستان کۆمەڵێک بەرژەوەندیی هاوبەش و گەورەمان لەگەڵ کۆی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دەوڵەتانی هاوپەیمان هەیە**



لەبری چارەسەرکردنی کێشەکان، دەیانەوێت بە زمانی فڕۆکەی درۆن و مووشەکی بالیستیکی مامەڵەمان لەگەڵ بکەن؟ ئەم هەنگاوە دەمانباتە ئەو قۆناغەی کە گفتوگۆ و دانوستاندنەکانمان لە ئاستی ناوخۆی کوردستانییەوە بگوازینەوە بۆ دیالۆگێك لەسەر ئاستی هەرێمایەتی. گفتوگۆ و دانوستاندن چەند گرنگە بۆ دۆستان و هاوپەیمانان، دوو هێندە گرنگە بۆ چارەسەرکردنی کێشە و لێکتێنەگەیشتنی نێوان لایەنە پێکناکۆکەکان، یان ئەو لایانەی کێشەی قورس و گەورە لە نێوانیاندا هەیە.

چوارەم: گفتوگۆ و دانوستاندن لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و دۆست و هاوپەیمانەکانمان.

ئەگەر «بەرژەوەندی» بناغەی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان بێت وەك دەڵێن، ئەوا ئێستا ئێمە وەك هەرێمی کوردستان کۆمەڵێك بەرژەوەندیی هاوبەش و گەورەمان لەگەڵ کۆی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دەوڵەتانی هاوپەیمان هەیە، لە هەندێك لە کێشە هاوبەشەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە نموونە شەڕی دژی تیرۆریستان و تیرۆریستانی داعش، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دەوڵەتانی هاوپەیمانان بەبێ هەرێمی کوردستان و قارەمانیەتیی هێزی پێشمەرگە، دەستەوەستانن لەوەی چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم مەترسییە گەورەیە بکەن، کە شەڕی دژی تیرۆریستانە، هەروەها لەسەر ئاستی ئابووری و وەبەرهێنان و هەردوو سێکتەرە گرنگەکەی وزە «نەوت و گاز» دیسان بەرژەوەندیی هاوبەشی گەورەمان لەگەڵ وڵاتانی جیهان هەیە، بۆیە لەم قۆناغەدا پێویستمان بەوەیە جارێکی دیکە وەك هەرێمی کوردستان گەشتی دیپلۆماتی بۆ ئەو وڵاتانە دەست پێبکەینەوە و زۆر بە ڕاشکاوانە گفتوگۆ و دانوستاندیان لەگەڵ بکەین و دەبێت لە چوارچێوەی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانمان دووبارە پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پتەو بکەینەوە.

**کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دەوڵەتانی هاوپەیمانان بەبێ هەرێمی کوردستان و قارەمانیەتیی هێزی پێشمەرگە، دەستەوەستانن لەوەی چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم مەترسییە گەورەیە بکەن، کە شەڕی دژی تیرۆریستانە**



**د.کاوە مەحموود**

سکرتێری حزبی شیوعی کوردستان:

# مەبەست لەو هێرشە ڕۆکێتییانە تەنیا بەئامانجگرتنی هەرێمی کوردستان نییە، بەڵکو مەسەلەی کورد لە تەواوی ناوچەکە کراوەتە ئامانج و، دەیانەوێت ناسنامەی کوردبوونمان نەمێنێت

د.کاوە مەحمود وەك پێشمەرگەیەکی دێرینی حزبی شیوعیی عێراق و پاشانیش حزبی شیوعیی کوردستان، هەتا دوای ڕاپەڕینیش هەر بە ناوی سەردەمی شاخ هاوڕێ «هادی مەحموود» دەماننناسی، بەڵام دوای ئەوەی وەك حزبی شیوعیی کوردستان بەشدارییان لە کابینەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد و پۆستی وەزیری ڕۆشنبیری و، پاشانیش وتەبێژی حکومەتی کوردستانی وەرگرت، گەڕایەوە بۆ ناوە ئەسڵییەکەی خۆی.

ئەم تێکۆشەرە دێرینە کە لە ئێستادا سکرتێری حزبی شیوعیی کوردستانە، لە هەمان کاتدا، ئەکادیمست و توێژەر و نووسەر و ڕووناکبیرێکی دیاری کوردستانە و، لەسەر پرسە نیشتمانی و نەتەوەییەکان هەڵوێست و قسەی جددیی خۆی هەیە و بەرژەوەندیی باڵای نیشتمان دەخاتە سەرووی بەرژەوەندییە حزبییەکان، لەم گفتوگۆیەدا «بە ئامانجگرتنی هەرێمی کوردستان و هۆکارەکانی»، بەمجۆرە دید و تیڕوانین و پێشنیار و چارەسەرەکانی خستەڕوو:

بۆ ئەوەی بتوانین ناونیشانێك بۆ ئەو رووداوە گەورەیە دابنێین كە «بەئامانجگرتنی هەرێمی كوردستان و هۆكارەكانی»یەتی و ئێمە لێرە گفتوگۆی لەسەر دەكەین، دەمەوێت ئاماژە بەوە بكەم كە لە ساڵی ٢٠١٦ لە تۆلوس پێشانگایەكیان بۆ تابلۆكانی پیكاسۆ كردبووەوە، لەو پێشانگایەدا تابلۆیەك بە ناونیشانی «فرۆكە» سەرنجی راكێشام، تابلۆكە بریتی بوو لە دیمەنی كەنار دەریایەك و دوو ژن مەلەیان دەكرد و لە سووچێكی تابلۆكەوە شتێكی بچووكی رەش دیار بوو، ئەویش فرۆكە بوو، لەم تابلۆیەدا وێنەی فرۆكەكە زۆر بچووك دیارە و بەڵام كەسەكان گەورە، بۆیە ئەگەر بمانەوێت لەو تابلۆیە تێبگەین، دەبێت هەموو رەهەندەكانی پێكەوە گرێ بدەینەوە.

لێرەوە ئەگەر بمانەوێت ئەو هێرشانەی دەكرێنە سەر هەرێمی كوردستان وەك تابلۆیەك سەیر بكەین و ناونیشانێكی بۆ دابنێین، ئەوا دەبێت بەوجۆرە خوێندنەوە بۆ ئەم رووداوانە بكەین، كە هەموو رەهەندەكانی ببینین، لە هەمان كاتدا ئەم رووداوە بەشێكن لە چەندین رووداوی دیكە كە پانۆرامایەك پێكدەهێنن، ئەم پانۆرامایەش پەیوەندیان بە بارودۆخی ئێمە و ناوچەكە و جیهانەوە هەیە، ئەوجا لێرەوە ئەگەر وردەكاریی ئەو تابلۆیە بخوێنینەوە كە رووداوەكانی ئێمە پێكدەهێنێت، دەبینین كۆمەڵێك بابەت لە خۆی دەگرێت كە بریتین لە:

١- شەڕی سەربازی

هەرێمی كوردستان هەڕەشەی شەڕی سەربازی لەسەرە، وەك بینیمان لە ١٦ی ئۆكتۆبەری ٢٠١٧ بە شەڕی سەربازی هێرش كرایە سەر كەركووك و ناوچەكانی دیكەی كوردستان و هەتا ئێستاش بە بەردەوامی رۆژانە بە رۆكێت و كاتیۆشا و درۆن هێرش دەكرێتە سەرمان، لە چوارچێوەیەكی فراوانتردا ئەم شەڕە سەربازییە جیا لە میلیشیا چەكدارەكانی عێراق، ئێرانیش بە مووشەك هێرش دەكاتە سەر هەولێر و توركیاش بە شێوازێكی دیكە هێرش دەكات.

٢- شەڕی ئابووری

شەڕێكی ئابووریی سەختی فرەڕەهەند لە دژی هەرێمی كوردستان بەڕێوەدەچێت، هەر لە بڕینی بەشە بودجە و مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی كوردستان، تا ئەوەی ئێستا گەیشتووەتە لێدانی سەرمایەدار و بازرگانەكانمان بۆ ئەوەی وەبەرهێنان لە كوردستان نەهێڵن و ژێرخانی ئابووریی كوردستان برووخێنن.

٣- شەڕی گۆڕانكاریی دیموگرافی

هەتا ئێستاش بە رێگەی سیاسەتی بەعەرەبكردن، سیاسەتی گۆڕینی دیموگرافیای بەشێكی زۆری ناوچەكانی دەرەوەی هەرێمی كوردستان بەردەوامە و بە زۆر لەلایەن عەرەبەكانی كەركووكەوە، زەویی جووتیارەكانمان زەوت دەكرێن و داگیر دەكرێن.

٤- شەڕ پێفرۆشتنەكانی دادگای فیدراڵی بە هەرێمی كوردستان

ئەم دادگایە لە رێگەی ئەو بڕیارانەی دژی هەرێمی كوردستان دەریان دەكات، بووەتە سەرچاوەی هەڕەشە و مەترسییەكی گەورە بۆ سەر قەوارەی سیاسیی هەرێمی كوردستان. دەبینین بە بڕیارەكانی ئەم دادگایە، پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاكان هەڵدەوەشێنێتەوە، حكومەتەكەمان دەبێتە حكومەتی كاربەڕێكەر، كۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنمان نامێنێت، لەمەش زیاتر كە لای خۆمان بایەخی پێ نادەین، بە بڕیاری ٢٣٣ ئەم دادگایە بڕگەیەك لە یاسای باری كەسێتی دەگۆڕێت، كە لە بنەڕەتدا ئەم بڕگەیە پەیوەندی بە مافی ژنانی كوردستانەوە هەیە و، لایەنە سیاسییەكان بایەخیان پێ نەداوە.

٥- شەڕی دەروونی

هەموو ئەو شەڕانەی لەدژی هەرێمی كوردستان پیادە دەكرێن لە پێناوی ئەوەیە كە شپرزەیی دەروونی لای خەڵكی كوردستان دروست بكەن و متمانەیان بە دەسەڵاتی سیاسی هەرێمی كوردستان نەمێنێت، لە بەرانبەر ئەمەشدا بە هۆی ئەو ناتەباییەی نێوان لایەنە سیاسییەكانی كوردستان خەڵك بە جۆرێك خەریكە نائومێد بێت و توانای بەرگری نەمێنێت، یان لاواز بێت.

ئەم پێنج رەهەندە ترسناكە تێكڕای ئەو تابلۆیە پێكدەهێنێت كە ئەویش «بەئامانجگرتنی هەرێمی كوردستان و هۆكارەكانی»یەتی. لەم روانگەیەوە ئەگەر ناونیشانی تابلۆكەی

**جیا لە میلیشیا چەكدارەكانی عێراق، ئێرانیش بە مووشەك هێرش دەكاتە سەر هەولێر و توركیاش بە شێوازێكی دیكە هێرش دەكات**

**شەڕێكی ئابووریی سەختی فرەڕەهەند لە دژی هەرێمی كوردستان بەڕێوەدەچێت، هەر لە بڕینی بەشە بودجە و مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی كوردستان، تا ئەوەی ئێستا گەیشتووەتە لێدانی سەرمایەدار و بازرگانەكانمان بۆ ئەوەی وەبەرهێنان لە كوردستان نەهێڵن**

**هەتا ئێستاش بە رێگەی سیاسەتی بەعەرەبكردن، سیاسەتی گۆڕینی دیموگرافیای بەشێكی زۆری ناوچەكانی دەرەوەی هەرێمی كوردستان بەردەوامە و بە زۆر لەلایەن عەرەبەكانی كەركووكەوە، زەویی جووتیارەكانمان زەوت دەكرێن و داگیر دەكرێن**

**هەموو ئەو شەڕانەی لەدژی هەرێمی كوردستان پیادە دەكرێن لە پێناوی ئەوەن كە شپرزەیی دەروونی لای خەڵكی كوردستان دروست بكەن و متمانەیان بە دەسەڵاتی سیاسی هەرێمی كوردستان نەمێنێت**



**به هۆی ئەو ناتەباییەی نێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستان خەڵک بە جۆرێک خەریکە نائومێد بێت و توانای بەرگری نەمێنێت، یان لاواز بێت**

پیکاسۆ «فڕۆکە» بێت، ئەوا ناونیشانی تابلۆکەی ئێمە «هەوڵدانە بۆ نەهێشتنی ئیرادەی خەڵکی کوردستان، دەستەمۆکردنی کوردایەتی بە شێوازی جۆراوجۆر، کۆتاییهێنانە بەو پرۆسە سیاسییەی لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ وە لە عێراق دەستی پێکردووە، کە ئەویش پرۆسەی بونیادنانەوەی دەوڵەتی عێراقە لەسەر بنەمای فیدراڵییەت».

لێرەوە ئەگەر تابلۆی «ڕەوشی کوردستان» سەیر بکەین، کە وەك پانۆرامایەك زنجیرە تابلۆیەکی دیکە تەواو دەکات، بەرچاومان بۆ بیننی کۆمەڵێك خاڵ ڕۆشن دەکاتەوە کە بریتین لە:

یەکەم: لە ڕوانگەی شوناسی کۆمەڵگەکانەوە لە خوێندنەوەی ئەم تابلۆیەدا، ململانێ ناوخۆییەکان لە هۆکارە دەرەکییەکان جیا ناکرێنەوە.

دووەم: ناکرێت ئەم تابلۆیە بە شێوەیەکی تەجریدی سەبارەت بە هەموو شەڕ و ناکۆکییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بخوێنرێتەوە، ڕاشکاوانەتر نابێت مەزندەمان بەوجۆرە بێت کە ئێمە دوورگەیەکی دابڕاوین لە ناوچەکە و



ئەوەی ڕوودەدات پەیوەندی بە ئێمەوە نییە و پڕیشکی ناگاتە ئێمە، بەپێچەوانەوە ئێمە بەشێك لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستین، لەلایەکی دیکەش ڕاستە لەدوای تەواوبوونی شەڕی سارد، جیهان بووە تاکجەمسەری، بەڵام جەمسەری هێزی هەرێمییش دروست بوو، ئێستا ئێران و تورکیا دوو جەمسەری هێزی هەرێمین و کاریگەریی خۆیان لەسەر هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە و، تێکڕای سیاسەتەکانیشان بە بۆچوونی من دژایەتیی دۆزی ڕەوای گەلی کوردستانە، هەر بۆیە ناکرێت خۆمان لە تێکڕای ئەم گۆڕانکارییانەی لە ناوچەکە و جیهان ڕوو دەدەن، جیا بکەینەوە.

سێیەم: هەندێك لە کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کێشەی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمە و ئێستا ئێمە لە چارەکی یەکەمی سەدەی بیست و یەکەمداین بە چارەسەرنەکراوی ماونەتەوە، لەوانە یەکێکیان کێشەی فەلەستینە، ئەویتریان مەسەلەی کوردستانە، کە دەشڵێم کوردستان، مەبەستم هەر چوار پارچەی کوردستانە، نەك هەرێمی کوردستان بە تەنیا. لە ماوەی دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە تاکو

**نابێت مەزندەمان بەوجۆرە بێت کە ئێمە دوورگەیەکی دابڕاوین لە ناوچەکە و ئەوەی ڕوودەدات پەیوەندی بە ئێمەوە نییە و پڕیشکی ناگاتە ئێمە**





**ئێستا ئێران و تورکیا دوو جەمسەری هێزی هەرێمین و کاریگەریی خۆیان لەسەر هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە و، تێکڕای سیاسەتەکانیشان بە بۆچوونی من دژایەتیی دۆزی ڕەوای گەلی کوردستانە**

ساڵی ٢٠٢٠، زیاتر لە ٢٨٥ شەڕ ڕوویان داوە و ئەمە جگە لەوەی هەموو خەبات و بەرگری و تێکۆشانێکیش کە بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکان کردوویانە، خراونەتە خانەی شەڕی ناوخۆی دەوڵەت، نەك خەبات لە پێناوی ئازادی و سەربەستی.

چوارەم: یەکێك لەو گۆڕانکارییانەی بەتایبەتی لە ماوەی ئەم ١٠ ساڵەی دوایی هاتووەتە ئاراوە، ئەوەیە کە ئەم شەڕانە تەنیا بە هێزی سەربازی و سوپای فەرمیی دەوڵەتی ناکرێن، بەڵکو بەشی زۆریان بە هێزی میلیشیایی دەکرێت. ئەگەر سەرنج بدەین لە عێراق حەشدی شەعبی هەیە، لە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا ڤاگنەر هەبوو، لە لوبنان حزبوڵڵا هەیە و لە یەمەن حوسییەکان، لەناو ئەم گۆڕانکارییەدا دیاردەی دەوڵەتی قووڵیش بە فراوانی دروست بووە و وەك هێزێك دەوڵەت بەڕێوە دەبات.

**لە ماوەی دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە تاکو ساڵی ٢٠٢٠، زیاتر لە ٢٨٥ شەڕ ڕووی داوە**

پێنجەم: بە هۆی پێشکەوتنە خێراکانی تەکنەلۆژیا و دەرکەوتنی زیرەکیی دەستکرد، میلیشیا و گرووپە چەکدارەکان، چەکی کوشندەیان دەست کەوتووە و شەڕی پێدەکەن. تیرۆریستانی داعش یەکێك بوون لەو میلیشیا چەکدارانە کە توانییان خەلافەتی ئیسلامی وەك دەوڵەت ڕابگەیەنن، بۆیە دەبێت سەرنج لەسەر ئەوەش بدەین، تەنانەت شەڕی میلیشیا چەکدارەکان، شەڕی تەقلیدی نین و چەکەکانیشیان تەقلیدی نین و بەشێك لەو شەڕانەش بە وەکالەت بۆ دەوڵەتی دیکە دەکرێن.

**بە هۆی پێشکەوتنە خێراکانی تەکنەلۆژیا و دەرکەوتنی زیرەکیی دەستکرد، میلیشیا و گرووپە چەکدارەکان، چەکی کوشندەیان دەست کەوتووە و شەڕی پێدەکەن**

شەشەم: لەناو ئەم هەموو شەڕ و گۆڕانکارییانەدا، دەبینین جیهان لەم سەردەمەدا لە ناو بارودۆخێکی پاشاگەردانی و نادڵنیایی دەژی، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی توانای چارەسەرکردنی کێشەکانی نییە و، وەك دەبینین شکستی هێنا لە چارەسەری ئەو کێشانەی لە شەڕی غەززە ڕوویان داوە.

لێرەوە بەگرێدانەوەی هەموو ڕەهەندە جیاوازەکانی ئەم تابلۆیە، ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە دەبینەوە «ئایا پێویستە لەسەرمان چی بکەین؟» کە پێویستە وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە:

**شەڕی میلیشیا چەکدارەکان، شەڕی تەقلیدی نین و چەکەکانیشیان تەقلیدی نین و بەشێك لەو شەڕانەش بە وەکالەت بۆ دەوڵەتی دیکە دەکرێن.**

- گرنگە دەستنیشانی ئەوە بکەین، ئەو شەڕ و هێرشە ڕۆکێتییانەی دەکرێنە سەر هەرێمی کوردستان، تەنیا بەئامانجگرتنی هەرێمی کوردستان نییە، بەڵکو مەسەلەی کورد لە تەواوی ناوچەکە کراوەتە ئامانج و، دەیانەوێت ناسنامەی کوردبوونمان نەمێنێت.
- ئەو دەستدرێژییانەی دەکرێنە سەر هەرێمی کوردستان، پرسێکە پەیوەندی بە بوونی بنکەی هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانانەوە نییە، بەڵکو هەوڵێکە بۆ ئەوەی هەموو ئاراستەکان دژی دۆزی ڕەوای کورد بن و هێرشی بکەنە سەر.
- دەبێت لایەنە سیاسییەکانی کوردستان هەڵسەنگاندن بکەن لەسەر شێوازی بەشدارییان لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا و ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین: «ئایا پرۆسەی سیاسیی عێراق بەرەو کوێ دەڕوات؟» ئەوەی من دەیبینم، ئەوەیە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ هەلێك هاتە پێشەوە بۆ ئەوەی عێراق ببێتە دەوڵەتێکی فیدراڵی و کوردستانیش هەرێمێك بێت لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتە فیدراڵییە، ئێستا هەلەکە کۆتایی هات و تەواو بووە. ئەمەش مانای ئەوەیە ئێمە ئێستا گەڕاوینەتەوە بۆ قۆناغی گواستنەوە و نازانین چیمان بەسەر دێت و بەرەو کوێ دەچین، بەتایبەتیش کە ئەو شاڵاو و دەستدرێژییانەش بە بەردەوامی دەکرێنە سەر گەلی کوردستان.
- بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەم شاڵاو دەستدرێژییانە، ئێمە وەك هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان پێویستمان بە یەکگرتوویی هەیە، ناکرێت ئێمە لە هێرشی داگیرکارێك بێدەنگ و لەسەر ئەوی دیکە بەدەنگ بین، بۆ ئەمە پێویستمان بە یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی هەیە لە چوارچێوەی بەرژەوەندیی باڵای گەلی کوردستاندا.

لە دوماهی قسەکانمدا و لە چوارچێوەی ئەو سەرنجانەی لە قسەی بەشداربووان لام دروست بوون، ئەو سەرنجەم لادروست بوو کە لە ئێستادا گوتارێکی سیاسی لەناو خەڵکی هەرێمی کوردستاندا زاڵە و هێزە سیاسییەکانیش ڕۆڵیان تێدا هەبووە، ئەگەر هەموو ڕەهەندەکانی ئەو گوتارە زاڵە پێکەوە کۆبکرێتەوە، لە تایتڵی شانۆگەرییەکی سامۆئیل بیکت بەناونیشانی «لە چاوەڕوانیی گۆدۆ»دا بەرجەستە دەبێتەوە، ئەمەش بەو مانایەی ئێمەش لە چاوەڕوانیی ئەوەین کە هۆکارێکی نێودەوڵەتی

بێتە پێشەوە و ئەم بارودۆخە یەکلایی بکاتەوە و هۆکاری ناوخۆیی هیچ ڕۆڵێکی نییە.

ئەوەی ئێمە باسی دەکەین، پرسی ناکۆکیی نێوان دوو هێز نییە کە لە چوارچێوەیەکدا لایەك سەرکەوتن بەسەر لایەکەی دیکە بەدەست دەهێنێت، ئەم پرسە پاشخانێکی مێژوویی هەیە. ڕووداوەکانی غەززە دەریانخست قوبەی ئاسانین و سیستەمی پیکاسۆ ناتوانێت ئاسایشی ئیسرائیل بپارێزێت، دەریخست تەنیا بە هێرشەکانی حەماس ناتوانێت سیفەتی ڕزگاریخوازی وەربگرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە مانای بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ئەوە نییە کە خەڵکی مەدەنی بکوژێت، بۆیە ئەوەی کە دێتە پێشەوە ئەوەیە کە ڕێگەچارەی دیالۆگ و دانوستاندن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بوونی نەماوە، کاتێك باسی هێرش و دەستدرێژییەکان دەکەین بۆ سەر هەرێمی کوردستان، دەبێت لەوە ئاگادار بین، ئەم پرسە پەیوەندی بە پرۆسەی سیاسی و ئیشکالیەت لە دەوڵەتی عێراق و دەوڵەتانی ناوچەکە (سووریا و ئێران و تورکیا)وە هەیە.

لەم چوارچێوەیەدا گرنگە ئێمە بەو جۆرە سەیری ئەم پرسە بکەین، کە ئاسایشی هەرێمی کوردستان یەك ئاسایشە و بەشێکە لە ئاسایشی نەتەوەیی هەر چوار پارچەی کوردستان، ئەگەر سەرنج بدەین دەوڵەتانی (ئێران، عێراق، تورکیا، سووریا» وێڕای هەموو ناکۆکییەکانی نێوانیان، بەڵام بە درێژایی مێژوو هەمیشە لەسەر لێدانی پرسی کورد و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان پێکەوە کۆك بوون. هەر بۆیە ئەو هێرشانەی ئێران و تورکیا و میلیشیا چەکدارەکانی عێراق دەیکەنە سەر هەرێمی کوردستان هەموو یەك ئامانجیان هەیە و ناکرێت لێکیان جیا بکەینەوە.

ئەمە یەکەم جار نییە ئێران بە ڕۆکێت هێرش دەکاتە سەر هەرێمی کوردستان، پێشتر هێرشی کردووەتە سەر کۆیە و لە کەمپی ئاوارە مەدەنییەکانی حزبی دیموکراتی کوردستانی داوە و بە دەیان ژن و منداڵی شەهید کردوون، هەروەها تورکیا بۆ نموونە هێرشی کردە سەر ناوچە گەشتیارییەکانی زاخۆ بە دەیان گەشتیار بوونە قوربانی، لە هەمان کاتدا چەندین هاووڵاتیی سڤیل لە گوندەکانی کوردستان بە هۆی ئەو هێرشانەوە کوژراون، لە بەرانبەر ئەم دەستدرێژییانە عێراق وەك دەوڵەت هیچی پێ نەکراوە، لەوەی زاخۆ کە هەندێك گەشتیاری عەرەب بوونە قوربانی هەندێك نارەزایی و بەیاننامەی دەرکرد، بەڵام بۆ ئەوەی ئێران ئەوەشی نەبووە. کوشتنی خەڵکی مەدەنی لە هەر کوێیەك ببێتە قوربانی وەك یەکە و تاوانی گەورەیە، بۆیە ئەم حاڵەتە پێویستی بە تەکیفیکی یاسایی هەیە. ئەوەی لە ناوچەکە ڕوودەدات، بەتایبەتی لەو شەڕ و دەستدرێژییانەی ڕوودەدەن و خەڵکی مەدەنی و بێتاوانی تێدا دەبێتە قوربانی، ئەوجا ئەم تاوانانە لە سووریا بن، یان لەو هێرش و دەستدرێژییانە بن کە لەلایەن دەوڵەتانی دراوسێمان بێت، ئەوەی عێراق لە دژی هەرێمی کوردستان دەیکات، هەموویان دەکەونە چوارچێوەی تیرۆری ڕێکخراوی دەوڵەتەوە.

پرسیاری گرنگ ئەوەیە لەناو ئەو هەموو کارەسات و چارەنووس نادیارییەدا، بۆچی هەر دەبێت چاوەڕوانی « گۆدۆ» و هۆکارێکی دەرەکی بین، بۆ ئەوەی بارودۆخەمان بۆ یەکلایی بکەنەوە، یان دەبێت خۆشمان خەمێك لە خۆمان بخۆین؟

بۆ ئەوەی بتوانین خۆشمان ڕۆڵێکمان هەبێت لەم بارودۆخەدا، خاڵی گرنگ کە دەبێتە بناغە بۆ چارەسەری هەموو کێشەکان، گرێدانی دیالۆگی نیشتمانییە، ئەم دیالۆگە دەبێت دیالۆگێکی ڕەخنەگرانە بێت، پێداچوونەوە بێت بە هەموو سیاسەتەکان، پێداچوونەوە بێت بە سیاسەتی چەمکی حوکمڕانیی باش لەسەر ئاستی سیاسی و ئابووری، ئەمە تەنیا ڕێگە چارەیە و دەبێت خۆمان بۆ گۆڕانکارییەکان ئامادە بکەین. دەبێت کاریگەر بین لەناو گۆڕانکارییەکاندا، دەبێت پێش هەر شتێك لە خۆمانەوە دەست بە گۆڕانکاری لە خۆماندا بکەین، ئەگەرنا هەر چاوەڕێی هۆکاری دەرەوە بکەین بۆ ئەوەی بارودۆخەکەمان بۆ یەکلایی بکاتەوە، ئەوا بەدڵنیاییەوە دەکەوینە چوارچێوەی ئەو تایتڵەی کە ساموئیل بیکت دایناوە: «لە چاوەڕوانیی گۆدۆ»دا دەمێنینەوە.

**بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەم شاڵاو دەستدرێژییانە، ئێمە وەک هێز و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان پێویستمان بە یەکگرتوویی هەیە، ناکرێت ئێمە لە هێرشی داگیرکارێک بێدەنگ و لەسەر ئەوی دیکە بەدەنگ بێین**

**ئاسایشی هەرێمی کوردستان یەک ئاسایشە و بەشێکە لە ئاسایشی نەتەوەیی هەر چوار پارچەی کوردستان**

**دەوڵەتانی (ئێران، عێراق، تورکیا، سووریا» وێڕای هەموو ناکۆکییەکانی نێوانیان، بەڵام بە درێژایی مێژوو هەمیشە لەسەر لێدانی پرسی کورد و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان پێکەوە کۆک بوون**

**ئەو دەستدرێژییانەی دەکرێنە سەر هەرێمی کوردستان، پەیوەندیان بە بوونی بنکەی هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان نییە، بەڵکو هەوڵێکە بۆ ئەوەی هەموو ئاراستەکان دژی دۆزی ڕەوای کورد بن**



## ئایدن مەعروف

وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان:

# لایەنە سیاسییەکانی بەغدا ئەوەیان لەبەر چاو نەگرت کە ئەو مووشەکبارانەی هەولێر پێشێلکردنی سەروەریی وڵاتەکەیانە

ئایدن مەعروف وەزیری هەرێمە بۆ کاروباری پێکهاتەکان لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی کوردستان و پەرلەمانتاری هەردوو خولی چوارەم و پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان بووە و دەرچووی کۆلێژی یاسای زانکۆی سەلاحەدینە لە هەولێر و بڕوانامەی ماستەری لە بواری پەیوەندییە نیودەوڵەتییەکان لە زانکۆی غازی لە ئەنقەرە وەرگرتووە، هاوکان لێپرسراوی مەکتەبی بەرەی تورکمانی هەرێمی کوردستانە، وەك کەسایەتییەکی کوردستانییش هەوڵ بۆ پتەوکردنی پێکەوەژیانی نێوان نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان دەدات، هەر ئەم پەرۆشیەشی هۆکاری ئەوەیە کە هەموو پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستان ڕازی بن کە وەك وەزیری هەرێم لە ناو کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا نوێنەرایەتیی و بەدواداچوون بۆ کاروبارەکانیان بکات. لە بازنەی گفتوگۆی ئەمجارەش «بەئامانجگرتنی هەرێمی کوردستان و هۆکارەکانی»، زۆر بە گیانێکی کوردستانییانە وەك هاووڵاتییەکی تورکمان لە هەرێمی کوردستان، سەرکۆنەی ئەو هێرش و دەستدرێژییانەی کرد کە لە ماوەی یەك دوو هەفتەی ڕابردوو کردیە سەر هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان و بەمجۆرە دید و تێڕوانین و پێشنیارەکانی خۆی خستە ڕوو.

سازدانی ئەم گفتوگۆیە «بەئامانجگرتنی هەرێمی کوردستان و هۆکارەکانی»، پرسێکی لە ڕاددەبەدەر گرنگە، بەتایبەتی وەك لە کۆبوونەکە سەرنج دەدەین، نوێنەری ئایین و نەتەوە جیاوازەکان و بیروبۆچوونە سیاسییە جیاوازەکانیش بەشدارن، ئەمەش پیشاندانی ئەوەیە کە خەڵکی کوردستان بە جیاوازیی نەتەوە و ئایین و بیروبۆچوونی سیاسییەوە، ئەم هێرش و دەستدرێژییانەی ئێران بۆ سەر هەرێمی کوردستان ڕەت دەکەنەوە و سەرکۆنەی دەکەن.

هێرشی ئەم دواییەی ئێران بە ڕۆکێتی بالیستیکی بۆ سەر هەولێر و بۆ سەرماڵێکی مەدەنی و ماڵی سەرمایەدارێکی دیاری کوردستان کە شەهید پێشڕەو دزەیی بوو، بووە هۆکاری شەهیدبوونی چەندین کەس کە ژن و منداڵێکی تەمەن ١١ مانگی تێدا بوو.

لە هێرشەکانی پێشتری کۆماری ئیسلامی جیاوازتر بوو، چونکە ئەمجارە ئەم دەستدرێژییەی ئێران قوربانییەکانی ژن و منداڵی ١١ مانگی و هاووڵاتییەکی کریستیانیشی تێدایە، ترس و تۆقاندنی لەناو منداڵی باخچەی ساوایان تا تادەگاتە هاووڵاتیانی بەتەمەن بڵاو کردووەتەوە، بەمەش نیگەرانییەکی زۆری دەروونی لەسەر خەڵکی هەولێر و هەرێمی کوردستان بە تەواوەی جێهێشتووە.

کاتێك لەم گفتوگۆیە باس لەو هێرش و دەستدرێژییە گەورەیەی ئێران دەکەین، کە بە ڕۆکێتی بالیستیکی خەڵکی مەدەنی کردووەتە ئامانج، بەشێك لە بەڕێزان لە قسەکانیاندا باسیان لە هێرشەکانی تورکیاش کرد، بۆ سەر سنوورەکانی هەرێمی کوردستان، هەندێك چەمکیان بەکارهێنا گونجاو نەبوو، بەتایبەتی بەرانبەر وڵاتێکی گرنگی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە تورکیایە. بەڕاستی ئەم هێرش و دەستدرێژەی ئێران بۆ سەر خەڵکی مەدەنی لە هەولێر و هەرێمی کوردستان لەگەڵ هێرشەکانی تورکیا بەراورد ناکرێت، ئەگەر ئێران بە ڕۆکێتی بالیستیکی لەهەر دەوڵەتێکی دیکەی بدایە، دەبووە شەڕێکی گەورە لە گەڵیان، هەر وەك چۆن کاردانەوەکانی دەوڵەتی پاکستانمان بینی کە چۆن وەڵامی هێرشە مووشەکییەکانی ئێرانی دایەوە.

دەوڵەتی تورکیا کێشەی لەگەڵ ڕێکخراوی پەکەکە هەیە و ئەم ڕێکخراوە لە سووریا و تورکیا و لە هەرێمی کوردستانیش مەترسی لەسەر ناوچەکە دروست کردووە و هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر ئەم ڕێکخراوەیە و خەڵکی مەدەنی هەرێمی کوردستانی نەکردووەتە ئامانج، لەمەش زیاتر تورکیا دراوسێیەکی هەرێمی کوردستانە و پەیوەندیەکی زۆر باشی لەگەڵ هەرێمی کوردستان و دامەزراوە شەرعییەکانی هەیە و کێشەی لەگەڵ هەرێمی کوردستان نییە.

هەولێر شاری پێکەوەژیانی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانە، شارێکە ئاسایش و سەقامگیری تێدایە، شاری هەموومانە، بۆ ئەو هێرش و دەستدرێژییانەی ئێران دەیکاتە سەر هەولێر، ئامانجی سیاسی لە پشتەوەیە وەك بەڕێزان ئاماژەیان پێکرد، ئێران هەژموونێکی گەورەی لە باشوور و ناوەڕاستی عێراق هەیە، بەڵام لە هەولێر و هەرێمی کوردستان ئەو هەژموونەی نییە، بۆیە دەیەوێت هەولێر بکاتە ئامانج، تا ناچاری بکات بە داواکانی ئێران ڕازی بێت، بەڵام ئەوەی زۆر گرنگە ئەوەیە هەولێر بە ئیرادەی خۆی سیاسەت دەکات و ملکەچی هیچ ئیرادەیەکی دیکە نابێت کە بیەوێت بەزۆر خۆی بەسەردا فەرز بکات.

ئێران بە شێوازی دیکەش لە ڕێگەی ئەو گرووپانەی سەر بە ئێران، گوشار دەخاتە سەر هەرێمی کوردستان و هەوڵی تێکدانی ئەو پەیوەندییانە دەدات کە لەنێوان حکومەتی بەغدا و حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە و دەیانەوێت لە میانەی ئەو هەوڵانە کێشەکانی نێوان خۆیان بە ئاشتی و دیالۆگ چارەسەر بکەن، بۆ ئەم مەبەستەش لە ماوەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی کوردستان پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغدا چ لە سەردەمی بەڕێزان عادل عەبدولمەهدی و مستەفا کازمی و ئێستاش لەگەڵ حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانی لە زۆر کاتدا دیالۆگ و دانوستاندنی نێوان هەردوو حکومەت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان ئاکامی زۆر باشی هەبووە، هەر بۆ نموونە لەسەر ئاساییکردنەوەی شنگال

**خەڵکی کوردستان بە جیاوازیی نەتەوە و ئایین و بیروبۆچوونی سیاسییەوە، ئەم هێرش و دەستدرێژییانەی ئێران بۆ سەر هەرێمی کوردستان ڕەت دەکەنەوە و سەرکۆنەی دەکەن**

**ئەم هێرش و دەستدرێژییەی ئێران بۆ سەر خەڵکی مەدەنی لە هەولێر و هەرێمی کوردستان لەگەڵ هێرشەکانی تورکیا بەراورد ناکرێت**

**ئەگەر ئێران بە ڕۆکێتی بالیستیکی لەهەر دەوڵەتێکی دیکەی بدایە، دەبووە شەڕێکی گەورە لە گەڵیان، هەر وەک چۆن کاردانەوەکانی دەوڵەتی پاکستانمان بینی**

**دەوڵەتی تورکیا کێشەی لەگەڵ ڕێکخراوی پەکەکە هەیە و ئەم ڕێکخراوە لە سووریا و تورکیا و لە هەرێمی کوردستانیش مەترسی لەسەر ناوچەکە دروست کردووە**





و گێڕانەوەی ئاوارەکان بۆ سەر ماڵ و حاڵی خۆیان، گەیشتنە ڕێککەوتنێکی زۆر باش کە بە «ڕێککەوتنی شنگال» ناسراوە، لەسەر پرۆژە یاسای بودجە بۆ ساڵەکانی (٢٠٢٣، ٢٠٢٤، ٢٠٢٥») ڕێککەوتنێکی زۆر باش کرا و یاساکە لە پەرلەمانی عێراق پەسەند کرا، بەڵام بە گوشاری لایەنەکانی سەر بە ئێران هەموو ئەم ڕێککەوتنانە بوونە مەرەکەبی سەر کاغەز و جێبەجێ نەکران، بەڵام لە بەرانبەردا ئەگەر ڕێککەوتنێك لە بەرژەوەندیی ئێران بێت، بۆ نموونە ڕێککەوتنی «بەغداد — تاران» کە ڕێککەوتن بوو لەسەر ئاسایشی سنوورەکان لە ماوەی یەك هەفتە جێبەجێ کرا، بەڵام ڕێککەوتنی شنگال پەك دەخەن، کە ڕێککەوتنێکی ناوخۆیی عێراقە لە نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا بۆ ئەوەی بارودۆخی ئەو شارە ئاسایی بکرێتەوە و خوشك و برا ئێزدییەکانمان بتوانن بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان، کەچی دەبینین بە پراکتیکی ڕێککەوتنی شنگال سڕ کراوە و کاری پێ ناکرێت، لەناو شنگالیش پەکەکە زوڵمێکی زۆر لە دانیشتووانی شارەکە دەکات و ڕێگرە لە گەڕانەوەیان.

خاڵی سەرەکی و گرنگ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم هێرش و دەستدرێژیانە، نەبوونی یەکڕیزییە لەنێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستاندا، بەداخەوە هەتا ئێستا یەکڕیزی و تەبایی بوونی نییە، بە بەرچاوی خۆیانەوە دەبینن هەولێر وەك پایتەختی کوردستان لەلایەن ئێرانەوە موشەکباران دەکرێت، بەڵام هەندێك لایەنی سیاسیی کوردستانی هەڵوێستیان زۆر لاواز بووە، بگرە بە شێوەیەك لە شێوەکان بەرگری لەو دەستدرێژی و مووشەکبارانەش دەکەن، کە ئێران هەرێمی کوردستانی پێ بۆردومان دەکات.

بە ڕاستی زۆر گرنگە کە ئەم هەڵوێستانە ڕاست بکرێنەوەو، پێویستە لایەنە سیاسییەکانی کوردستان یەك هەڵوێستیان بەرانبەر بە پرسە نیشتمانییەکان و بەغدا هەبێت. ئێمە وەك هەرێمی کوردستان چەندین کێشە و بابەتی هەڵواسراومان لەگەڵ بەغدا هەیە و ئەگەر یەکڕیز و تەبا نەبین، ئەو کێشانە هەر بە هەڵواسراوی وبەبێ چارەسەر دەمێننەوە، سەرەنجامیش دەبێت هەموو گەلی کوردستان باجەکەی بدات.

ئێمە وەك پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان هەموو کات پشتگیری لەوە دەکەین کە هێزە سیاسیەکانی کوردستان یەکریز و تەبا بن، بەڕاستی ئەم پەرتەوازەییەی ناو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان زیانێکی زۆری بە پێکەوەژیانی برایانەی نێوان ئایین و نەتەوە جیاوازەکانی کوردستان گەیاندووە. پێکەوە ژیانی نێوان ئایین و نەتەوە جیاوازەکان لەکابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئاستێکی زۆر باشدا بوو، شەخسی سەرۆکی حکومەت پشتگیرییەکی گەورە بوو بۆ بەهێزکردنی ئەم پێکەوە ژیانە کە هەموومان لەسەر ئاستی ناوچەکە و جیهان شانازیی پێوە دەکەین، بەڵام بەداخەوە بە هۆی ئەو پەرتەوازەییەی نێوان لایەنە سیاسییەکان، ئێستا لایەنێکی سیاسیی کوردستانی لە ناو دادگای فیدراڵی تانەی لەسەر کورسیی پێکهاتەکان تۆمار کردووە و، دەیانەوێت بە بڕیارێکی ئەو دادگایە گوشار لەسەر

**ئێران هەژموونێکی گەورەی لە باشوور و ناوەڕاستی عێراق هەیە، بەڵام لە هەولێر و هەرێمی کوردستان ئەو هەژموونەی نییە، بۆیە دەیەوێت هەولێر بکاتە ئامانج، تا ناچاری بکات بە داواکانی ئێران ڕازی بێت**

**هەولێر بە ئیرادەی خۆی سیاسەت دەکات و ملکەچی هیچ ئیرادەیەکی دیکە نابێت کە بیەوێت بەزۆر خۆی بەسەردا فەرز بکات**

**ئەگەر ڕێککەوتنیک لە بەرژەوەندیی ئێران بێت، بۆ نموونە ڕێککەوتنی «بەغداد — تاران» کە ڕێککەوتن بوو لەسەر ئاسایشی سنوورەکان لە ماوەی یەک هەفتە جێبەجێ کرا، بەڵام ڕێککەوتنی شنگال پەک دەخەن**

**بە پراکتیکی ڕێککەوتنی شنگال سڕ کراوە و کاری پێ ناکرێت، لەناو شنگالیش پەکەکە زوڵمێکی زۆر لە دانیشتووانی شارەکە دەکات و ڕێگرە لە گەڕانەوەیان**



حکومەتی هەرێمی کوردستان دروست بکەن و گرفت بۆ کورسیی کۆتاکان دروست بکرێت و کورسییەکانیان بەسەر پارێزگاکاندا دابەش بکرێت. ئەم هەنگاوە ئەگەر بۆیان بچێتە سەر، زیانێکی گەورە لە ڕەوشی پێکەوەژیانی برایانەی نێوان نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان دەدات، بۆیە بۆ ئێمە وەك نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان، تەبایی و یەکریزی زۆر زۆر گرنگە، ئەگەر ئەو تەبایی و یەکڕیزییە هەبوایە، ئێمەش وەك پێکهاتەکان پڕیشکی ئەو ناتەبەییەمان بەر نەدەکەوت.

ئەوەی لە دوماهیدا دەمەوێت ئاماژەی پێ بکەم، ئەوەیە کە ڕۆڵی میدیا لە شێوازی ڕووماڵکردنی کارەسات و ئەو دەستدرێژییانەی دەکرێنە سەر هەرێمی کوردستان زۆر نەرێنی بووە، بە شێوەیەکی زۆر خراپ زانیاری لەسەر ڕووداوەکان بڵاو دەکەنەوە، لەوانەیە ئەوانەی شارەزای سیاسەتن بزانن هۆکاری خراپی ئەو ڕووماڵانەی میدیا بۆچی دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەم زانیاری و ڕووماڵە خراپانە دێتە ناو مۆبایل و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی خێزان و شپرزەیی و بێزاری لای خێزان و منداڵان دروست دەکات، ئەوانیش نازانن هۆکاری ئەم شێوازە خراپەی میدیا بۆ ڕووماڵی ڕووداوەکان بۆچی دەگەڕێتەوە.

لە هەمان کاتدا هەڵوێستی لایەنە سیاسییەکانی بەغدا لەبەرانبەر ئەو مووشەکبارانەی هەولێر زۆر خراپ بوو، بە هیچ شێوەیەك ئەوەیان لەبەر چاو نەگرت کە مووشەکبارانکردنی هەولێر وەك شارێکی عێراقی، پێشێلکردنی سەروەریی وڵاتەکەیانە لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە، ئێمە هەر یەك دوو ڕۆژ پێش سەردانی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا بینیمان کە بەشداریی مەراسیمێکی کرد و لەگەڵ تەواوی لایەنە سیاسییە عێراقییەکان کۆبووەوە و خەڵك چاوەڕێی ئەوە بوون دوای گەڕانەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە بەغدا، هەواڵی خۆش ببیستن و بەغدا مووچەیان بۆ بنێرێت، بەڵام بەداخەوە دوای گەڕانەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ئەو هێرش و دەستدرێژییانە کرانە سەر هەولێر کە بەڕاستی کارەساتێکی گەورە بوو.

**بە بەرچاوی خۆیانەوە دەبینن هەولێر وەک پایتەختی کوردستان لەلایەن ئێرانەوە موشەکباران دەکرێت، بەڵام هەندێک لایەنی سیاسیی کوردستانی هەڵوێستیان زۆر لاواز بووە، بگرە بە شێوەیەک لە شێوەکان بەرگری لەو دەستدرێژی و مووشکەبارانەش دەکەن**



### د.عەبدوڵڵا وەیسی

سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئیسلامی کوردستان:

# ئەم هێرش و دەستدرێژییانە، ترس و تۆقاندن لەناو دڵی هاووڵاتیان دروست دەکات، ئایینی پیرۆزی ئیسلامیش ئەوە ڕەت دەکاتەوە

د.عەبدوڵڵا وەیسی، جیا لەوەی لە بنەماڵەیەکی ئایینپەروەری ناوداری کوردستان پەروەردە بووە و، خۆیشی یەکێکە لەو مەلا و زانا ئیسلامییانەی کە بە زانستی ئیسلامی پیرۆز خزمەتی دۆزی ڕەوای گەلەکەمانی کردووە و، یەکێکە لەو زانایانەی ئایینی ئیسلام کە گیانی پێکەوە ژیان و برایەتی لەنێوان تەواوی ئایینە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان قووڵتر کردووەتەوە و لە ناو مەکتەبی تەنفیزیی یەکێتیی زانایانی ئیسلامیی کوردستانیشدا، کاروبارەکانی بەو جۆرە ڕێك خستووەتەوە کە پاراستن و بەرگریکردن لە نیشتمان و کوردستان وەك ئەرکێکی ئایینی لە قەڵەم بدرێت. لەم گفتوگۆیەدا «بەئامانجگرتنی هەرێمی کوردستان و هۆکارەکانی»، زۆر بە لۆژیکانە لەبەر ڕۆشنایی بنەماکانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام، هێرشکردنە سەر هاووڵاتیانی سڤیل و شەهیدکردنی ژن و منداڵی سەرکۆنە کرد و چەندین پێشنیار و ڕاسپاردەی بەرزیشی بەمجۆرە خستە ڕوو.

بە ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

سازدانی ئەم گفتوگۆ ڕاشکاوانە و بەم ئاستە بەرزەی، ئەم بەڕێزانە بەشداری تێدا دەکەن، هەروەها ئەو ڕاپۆرتە مەیدانییەشی بۆ ئەم گفتوگۆیە ئامادە کراوە و ڕای خەڵکانی دەستەبژێرتان وەرگرتووە و ئێمە سەیرمان کرد، کارێکە جێگەی دەستخۆشییە کە دەبینین تا ڕادەیەك هەموو خەڵکی کوردستان ئەو هێرش و دەستدرێژییانە بۆ سەر هەولێر و هەرێمی کوردستان ڕەت دەکەنەوە.

ئەم هێرش و دەستدرێژییانە کە تێیاندا هاووڵاتیانی سڤیل و ئافرەت و منداڵی بوونە قوربانی، پێش هەموو شت کارێکە دژی بنەماکانی ئایینی پیرۆزی ئیسلامە، هەروەها کارێکیشە دژی مرۆڤایەتی، لایەنێکیشی کە پەیوەندی بە سیاسەتەوە هەیە، من وەك مەلایەك زۆر شارەزای سیاسەت نیم، بەڵام وەك چاودێرێك هەوڵ دەدەم تیشك بخەمە سەر ئەم لایەنەش.

سەرەتا لەلایەنە ئایینی و مرۆڤایەتییەکەوە باسی دەکەم، لەو ڕۆژەوەی ئەو هێرش و دەستدرێژییانە لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێران کراونەتە سەر ماڵی پێشڕەو دزەیی و ئەو خەڵکە مەدەنییانە و ژینای تەمەن ١١ مانگ شەهید بوو، بەردەوام قسەم بۆ ڕاگەیاندنەکان کردووە و پێم لەسەر ئەوە داگرتووە، کە بە ئامانجگرتنی هەرێمی کوردستان ١٠٠٪ دژی بنەما سەرەکییەکانی ئایینی پیرۆزی ئیسلامە. ئەوجا ئەو پەلامار و هێرشە نامرۆڤانەیە لە هەر لایەنێك و دەوڵەتێکەوە بێت، لەبەر ئەم هۆکارانە:

١- ئەم هێرش و دەستدرێژییانە، ترس و تۆقاندن لەناو دڵی هاووڵاتیان دروست دەکات، ئایینی پیرۆزی ئیسلامیش ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە تۆ ئازاری هاووڵاتیەك بدەیت بە ڕێگەی ترس و تۆقاندن.

٢- لە ڕووی دراوسێتییەوە، ئایینی پیرۆزی ئیسلام ڕێنماییمان دەکات، بە باشترین و جوانترین شێوە مامەڵە لەگەڵ دراوسێکانت بکەیت و نەبیتە هۆی مەترسی و زیان بۆ دراوسێکانت. لەم چوارچێوەیەدا ئێمە وەك هەرێمی کوردستان هەرگیز نەبووینە سەرچاوەی مەترسی و زیان بۆ دراوسێکانمان، هیچ نیەتێکیشمان نییە کە ئاسایش و سەقامگیریی دراوسێکانمان تێك بدەین. بەڵام بەداخەوە ئەوە دەوڵەتانی دراوسێی ئێمەن، دێن بێباکانە مووشەکبارانمان دەکەن و ماڵی هاووڵاتیانی سڤیل دەکەنە ئامانج وئافرەت و منداڵمان شەهید دەکەن.

٣- ئەمجۆرە هێرش و دەستدرێژییانە بنەمای پێکەوە ژیان و لێبوردەیی لەنێوان نەتەوە و ئایینە جیاوازەکاندا ناهێڵێت. ئایینی پیرۆزی ئیسلام زۆر جەخت لەسەر پێکەوە ژیانی ئاشتییانە و لێبوردەیی نێوان نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان دەکاتەوە، بۆیە کاتێك ئەم هێرش و دەستدرێژییانە دەبنە مایەی ترس و دڵەڕاوکێ لە ناخی هاووڵاتیانی بە ئایین و نەتەوە جیاوازەکانەوە. هەر بۆ نموونە لە دوایین هێرشی تیرۆریستیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر ماڵی شەهید پێشڕەو دزەیی، هاووڵاتییەکی کریستیانیش خوێنی لەگەڵ هاووڵاتییەکی کورد تێکەڵاو بوو، بۆیە لەم لایەنەشەوە ئەم هێرش و دەستدرێژییانە بە ئامانجگرتنی ئەو پێکەوە ژیانە بەرزەیە کە ئێستا هەموو نەتەوە و ئایینەکانی کوردستان شانازی پێوە دەکەن.

٤- ئەم هێرش و دەستدرێژییانە دەبنە هۆکاری کوشتنی مرۆڤ، ئەمە لە کاتێکدا ئایینی پیرۆزی ئیسلام داوامان لێدەکات ژیانی مرۆڤ بپارێزین، ئەوجا ئەو مرۆڤە موسڵمان بێت، یان غەیرە موسڵمان، بە دین بێت، یان بێ دین. لە ئایینی ئیسلامدا مرۆڤ بەڕێزترین بوونەوەرە لەسەر ئەم زەوییە. ئایینی ئیسلام سەیری مرۆڤ دەکات وەك مرۆڤ، نەك ئەو بیروباوەڕەی کە هەیەتی. بۆیە کاتێك بە مووشەکی بالیستیکی هەولێر بۆردومان دەکەن و منداڵێکی تەمەن ١١ مانگ بە ناوی ژینا شەهید دەکەن، ئیتر ئەوە بێڕێزییە بەرانبەر مرۆڤ و دژی بنەماکانی ئایینی پیرۆزی ئیسلامە.

٥- ئایینی پیرۆزی ئیسلام ئامۆژگاریمان دەکات بۆ ئەوەی ماڵ و سەروەت و سامان بپارێزین، بەڵام کاتێك سوپای پاسداران دێت و ماڵی دوو سەرمایەدار و بازرگانی گەورە دەکاتە ئامانج، ئەمە دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە سەرمایەدار و بازرگانەکانی دیکەش بترسن

**ئەم هێرش و دەستدرێژییانە کە تێیاندا هاووڵاتیانی سڤیل و ئافرەت و منداڵی بوونە قوربانی، پێش هەموو شت کارێکە دژی بنەماکانی ئایینی پیرۆزی ئیسلامە**

**بەردەوام قسەم بۆ ڕاگەیاندنەکان کردووە و پێم لەسەر ئەوە داگرتووە، کە بە ئامانجگرتنی هەرێمی کوردستان ١٠٠٪ دژی بنەما سەرەکییەکانی ئایینی پیرۆزی ئیسلامە**

**ئایینی پیرۆزی ئیسلام ڕێنماییمان دەکات، بە باشترین و جوانترین شێوە مامەڵە لەگەڵ دراوسێکانت بکەیت و نەبیتە هۆی مەترسی و زیان بۆ دراوسێکانت**

**ئێمە وەک هەرێمی کوردستان هەرگیز نەبووینە سەرچاوەی مەترسی و زیان بۆ دراوسێکانمان، هیچ نیەتێکیشمان نییە کە ئاسایش و سەقامگیریی دراوسێکانمان تێک بدەین**



**ئەم هێرش و دەستدرێژییانە بە ئامانجگرتنی ئەو پێکەوە ژیانە بەرزەیە کە ئێستا هەموو نەتەوە و ئایینەکانی کوردستان شانازی پێوە دەکەن**

**ئایینی پیرۆزی ئیسلام داوامان لێدەکات ژیانی مرۆڤ بپارێزین، ئەوجا ئەو مرۆڤە موسڵمان بێت، یان غەیرە موسڵمان، بە دین بێت، یان بێ دین**

**کاتێک بە مووشەکی بالیستیکی هەولێر بۆردمان دەکەن و منداڵێکی تەمەن ١١ مانگ بە ناوی ژینا شەهید دەکەن، ئیتر ئەوە بێڕێزییە بەرانبەر مرۆڤ و دژی بنەماکانی ئایینی پیرۆزی ئیسلامە**

**کاتێک سوپای پاسداران دێت و ماڵی دوو سەرمایەدار و بازرگانی گەورە دەکاتە ئامانج، ئەمە دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە سەرمایەدار و بازرگانەکانی دیکەش بترسن و نەوێرن بە سەرمایەکانیان لە کوردستان وەبەرهێنان بکەن و کوردستان ئاوەدان بکەنەوە**

و نەوێرین بە سەرمایەکانیان لە کوردستان وەبەرهێنان بکەن و کوردستان ئاوەدان بکەنەوە، بە هێرشی درۆن فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی دەکەنە ئامانج، ئەوە ئیدی خەڵك دەترسێت بە ئازادی گەشت بکات، هێڵە ئاسمانییە جیاوازەکان دەترسن و گەشتەکانیان بۆ هەولێر هەڵدەوەشێننەوە، کە ئەمەش هەمووی زیاندانە لە ئابووری و بەهەدەردانی سامانی خەڵکە، بۆیە ئەمەش دژی بنەماکانی ئایینی پیرۆزی ئیسلامە.

٦- پرسی نەسل «زاو و زێ» لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا زۆر گرنگی پێ دراوە. پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئایا ئەو درۆن و رۆکێتە بالیستیکییانەی هەولێریان پێ بۆمبباران دەکرێت، چ گەرەنتییەك هەیە کە ماددەیەکی کیماویان تێدا نەبێت و کاریگەری لەسەر زاو و زێ لە کوردستان نەبێت؟ یان ئەو درۆن و رۆکێتانە ترس و تۆقاندن لە ناخی هاووڵاتیان و منداڵەکانمان دروست دەکەن، ئایا ئەمە تاچەند کاریگەریی خراپی لەسەر پەروەردەی نەوەکانی داهاتوومان دەبێت؟ ئەمە دەرهاویشتەی زۆر مەترسیدارن و دژی بنەماکانی ئایینی پیرۆزی ئیسلامن.

لێرەوە ئەگەر چەند قسەیەکیش لەلایەنە سیاسییەکەی ئەم هێرش و دەستدرێژییانە بکەین، راشکاوانە دەتوانین جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە، ئەم هێرش و دەستدرێژییانە دژی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان و دژی پرسی کوردە لە هەموو ناوچەکەدا.

ئێمە بە درێژایی مێژوو تەسلیمی زوڵم و ستەمکاری رژێمە یەك لە دوایەکەکانی عێراق بەتایبەتی حکومەتی بەعس، نەبووینەتەوە و شۆڕش و خەباتمان کردووە، بۆ ئەوەی زوڵم و ستەمکاری لەسەر میللەتەکەمان نەمێنێت و لە نیشتمانی خۆماندا بە ئازادی و سەربەستی بژین، بەڵام ئەوەی بە درێژایی ئەم مێژووە بۆمان دەرکەوتووە، ئەوەیە دەموچاوەکان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، بەڵام ئەقڵییەتی ئەو دەستەبژێرەی حوکمرانیی عێراقیان دەکەوێتە ئەستۆ، هەر وەك ئەقڵییەتی حوکمڕانانی پێشووە و بەرانبەر بە پرسی کوردستان و مافەکانی خەڵکی کوردستان هیچ گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە و بگرە لەوەی پێش خۆی خراپتر بووە.

لە دوای رووخانی رژێمی بەعس، ئومێدی ئێمە ئەوە بوو کە ئەقڵییەتێك حوکمرانی عێراق بکات، کە بڕوای بە پێکەوە ژیان و مافەکانی بەرانبەری هەبێت. ئێمە کێشەی ئەوەمان لەگەڵ رژێمی بەعس هەبوو، کە بڕوای بە پێکەوە ژیان نەبوو و نکوڵی لە مافەکانی خەڵکی کوردستان دەکات، ئێستا هەمان کێشەمان لەگەڵ ئەو دەسەڵاتدارانە هەیە کە عێراق بەڕێوە دەبەن.

لە ناو دەستووری نوێی عێراق هەندێك لە مافەکانی گەلی کوردستان چەسپێندراوە و، بەرپرسانی بەغدا لە لێدوانەکانیان بۆ میدیا و راگەیاندنەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن، کە بە دەستوورەکە پابەند دەبن، بەڵام بە کردار دەستوورەکە پێشێل دەکەن و لە رێگای دادگای فیدراڵییەوە بریاری زۆر خراپیش دژی حکومەت و خەڵکی کوردستان دەردەکەن.

عێراقی دوای ٢٠٠٣ بریار بوو لەسەر بنەمای «هاوبەشی، پێکەوەسازان و هاوسەنگی» بونیاد بنرێتەوە، لە ئێستادا ئەم سێ بنەما سەرەکییە نەك هەر کاری بۆ نەکراوە، بەڵکو بڕواشیان پێی نەماوە و رەتی دەکەنەوە.

کێشەیەکی دیکەمان لەگەڵ رژێمی بەعس و سەدام ئەوە بوو، هاووڵاتیانی کوردستانیان وەك هاووڵاتی پلەیەك لە عێراقدا سەیر نەدەکرد، ئێستا ئەوانەی لە بەغدا حوکمرانی دەکەن، بە هەمان تێڕوانین سەیری هاووڵاتیانی کوردستان دەکەن، بەڵام بە میکانیزمێکی دیکە.

من وای دەبینم، ئەوەی ئێستا لە هەرێمی کوردستان روودەدات، یان ئەو پەلامار و هێرش و دەستدرێژییانەی دەکرێتە سەری، یان ئەو بێباکییەی بەغدا کە بەئەنقەست ئەو هەموو سیاسەتە چەوتە دژی هەرێمی کوردستان پیادە دەکات، دەرهاویشتەی ئەو بارودۆخە ناجۆرییە کە سەرهەڵدانی تیرۆریستی داعش وردە وردە بەدوای خۆیدا هێنا و بارودۆخێکی دروست کرد لە بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستان نەبێت.

لە ساڵی ٢٠١٤ کە داعش دوو لەسەر سێی خاکی عێراقی داگیر کرد، چەند کیلۆمەترێکی مابوو بگاتە بەغدا و داگیری بکات، بەڵام لەوێوە خۆی سووڕاند و پشتی لە بەغدا کرد

و هێرشی کردە سەر هەرێمی کوردستان، زۆر ناوچەی کوردستانیان داگیر کرد، بە تایبەتی شنگال و دەشتی نەینەوا کە بە هۆیەوە خەڵکانێکی زۆر کۆمەڵکوژ کران و خەڵکانێکی زۆریش ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوون، بەڵام پێش ئەم هێرشەی داعش بۆ سەر هەرێمی کوردستان، حکومەتی عێراق بە هەشت مانگ پێشتر بودجە و مووچەی حکومەت و خەڵکی کوردستانی بڕیبوو، نەك هەر لە شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش هاوکاری پێشمەرگەی نەکرد، وەك دەوڵەتێکی دراوسێش هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستانی بە یەك دینار نەکرد، بۆ حەواندنەوەی ئەو هەموو ئاوارەیە کە نزیکەی دوو ملیۆن کەس بوون.

ویڕای هەموو قەیرانەکانی شەڕ و گەمارۆی ئابووری، هەرێمی کوردستان نەکەوت و بەرەوپێشەوە چوو، ئەم بەرەوپێشەوەچوونەی هەرێمی کوردستان، ڕق و کینەی نەیارانی کوردستانیان بەرانبەر ئەم قەوارە سیاسییە گەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە نایێت هەرێمی کوردستان بە بەهێزی لەناو ئەو هاوکێشە تازەیەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوونی هەبێت، کە بە هۆی شەڕی غەززە دروست بووە و عێراقیش لەناو ئەو هاوکێشەیە ئەڵقەیەکی لاوازە. بۆیە ئێستا دەیانەوێت ئەم بەهێزی و خۆڕاگرییەی هەرێمی کوردستان کە ڕێگەی نەداوە ببێتە بەشێك لە گرێدانەوەی هیلالی شیعی «بەیرووت، دیمەشق، هەولێر، تاران» بە ڕێگای زەمینی، لاواز بێت و ئەم ئامانجەیان بێننەدی.

ئێران، ئێستا هەژموونێکی گەورەی لە باشوور و ناوەڕاستی عێراق هەیە، بەڵام هەژموونی بەو ئاستە نییە لە هەرێمی کوردستاندا بەگشتی و لە هەر دوو پارێزگای هەولێر و دهۆك بەتایبەتی، بۆیە دەیەوێت بە ڕێگەی ئەو هێرش و دەستدرێژییانەی بۆ سەر هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان، هەژموونی خۆی بەسەر کوردستاندا فەرز بکات، ئەوجا پرسەکە لەو هێرشانەش زیاترە و ڕێگەی دیکەشی گرتووەتەبەر. من دڵنیام ئەو کێشە ئابوورییانەی لە ڕێگەی یاسای بودجە و نەناردنی مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان دروستی دەکەن، ڕاستە لەبەر چاوی دەزگاکانی ڕاگەیاندن وەك کێشەی نێوان هەرێم و بەغدا پیشان دەدرێت، بەڵام ئەمەش بەشێکە لەو شەڕەی ئێران دژی هەرێمی کوردستان پیادەی دەکات و دەیەوێت لەم ڕێگایەوە هەژموونی لە هەرێمدا بالادەست بێت.

باشترین چارەسەر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەموو قەیرانەکان و ئەو هێرش و دەستدرێژییانەی دەکرێنە سەر هەرێمی کوردستان، یەکڕیزی و تەبایی ناوخۆییە لەنێوان هێز و لایەنە کوردستانییەکاندا، دەبێت لایەنە سیاسییەکان بەگشتی و پارتی دیموکراتی کوردستان بەتایبەتی قوربانی لە پێناوی هێنانەدی ئەم یەکڕیزییەی ناوماڵی کوردستان بدەن. ڕاستە پارتی هۆکاری ئەم پەرتەوازەییەی ناو ماڵی کوردستان نییە، بەڵام خەڵکی کوردستان بە درێژایی مێژوو چاویان لەوە بووە، جەنابی سەرۆك بارزانی هەموو کاتێك لە پێناوی بەرژەوەندیی باڵای کوردستان قوربانی داوە، ئێستا بەرژەوەندیی باڵای کوردستان پێویستی بە یەکڕیزی و تەبایی نێوان هێزە سیاسییەکان هەیە و خەڵك چاوەڕێی ئەوە دەکەن سەرۆك بارزانی بۆ ئەمەش قوربانی بدات.

هەروەها گرنگە ئێمە پێداچوونەوەیەك بکەین لەسەر ئاستی شێوازی سیاسەت و بەشداریکردنمان لەگەڵ حکومەتی بەغدا، ئێمە لە دوای ٢٠٠٣وە باس لە «هاوبەشی و پێکەوەسازان و هاوسەنگی» دەکەین، بەڵام ئەوە ٢٠ ساڵە ئەم بنەمایانە بوونیان نییە، بۆیە گرنگە پێداچوونەوەیەك بە خۆماندا بکەین، بزانین بە چ شێوازێکی دیکە دەتوانین پەیوەندییەکانمان لەگەڵ بەغدا لەسەر بنەمایەکی نوێ ڕێك بخەینەوە.


لە دوماهیدا جارێکی دیکە دەستخۆشی لە مامۆستایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان دەکەم، کە بە درێژای مێژوو لەگەڵ نەهامەتی و کارەسات و ئازاری گەلەکەی خۆیاندا بوون، بەرگریکردن لە خەڵکی کوردستان بە ئەرکێکی ئایینی دەزانن، لە ئیدانەکردنی ئەم هێرش و دەستدرێژییانەی کرانە سەر هەولێریش، ڕۆڵی دیار و بەرچاویان هەبوو کە جێگەی ڕێز و تەقدیرە.

**ئەو درۆن و ڕۆکێتە بالیستیکیانەی هەولێری پێ بۆمباران دەکرێت، چ گەرەنتییەک هەیە کە ماددەیەکی کیمیاوی تێدا نەبێت و کاریگەری لەسەر زاوزێ لە کوردستان نەبێت؟**

**ئێمە بە درێژایی مێژوو تەسلیمی زوڵم و ستەمکاری ڕژێمە یەک لە دوایەکەکانی عێراق بەتایبەتی حکومەتی بەعس، نەبووینەتەوە و شۆڕش و خەباتمان کردووە، بۆ ئەوەی زوڵم و ستەمکاریی لەسەر میللەتەکەمان نەمێنێت**

**ئەقڵییەتی ئەو دەستەبژێرەی حوکمڕانیی عێراقیان دەکەوێتە ئەستۆ، هەر وەک ئەقڵییەتی حوکمڕانانی پێشووە و بەرانبەر بە پرسی کوردستان و مافەکانی خەڵکی کوردستان هیچ گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە**

**بەرپرسانی بەغدا لە لێدوانەکانیان بۆ میدیا و ڕاگەیاندنەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن، کە بە دەستوورەکە پابەند دەبن، بەڵام بە کردار دەستوورەکە پێشێل دەکەن و لە ڕێگای دادگای فیدراڵییەوە بڕیاری زۆر خراپیش دژی حکومەت و خەڵکی کوردستان دەردەکەن**



# ئەگەر ببین بە دەوڵەتێکی بچکۆلە و خاوەنی سوپایەکی بەهێزی پڕ چەک بین، نە عێراق و نە دەوڵەتانی دراوسێش بوێری ئەوەیان نابێت هێرشمان بکەن سەر


**پۆڵا سەعید**

نووسەر و ڕووناکبیر:


پۆڵا سەعید، یەکێکە لەو نووسەر و ڕووناکبیرە دیارانەی کە چەندین کتێب و توێژینەوە و وتاری لەسەر پرسە هەستیارە نەتەوەییەکانی کورد هەیە و یەکێکە لەو ڕۆشنبیرانەی کە زۆر بە قووڵایی بیری نەتەوەیی کوردیدا ڕۆچووە و، پێداگری لەسەر ئەوە دەکات، کە تەنیا ڕێگە چارە بۆ ئەوەی داگیرکارانی کوردستان چیتر کورد وەك ئەڵقەیەکی لاواز سەیر نەکەن و، کەی بیانەوێت بە ئارەزووی خۆیان هێرش و دەستدرێژی بکەنە سەرمان و خەڵکی سڤیل و ژن و منداڵ لە بەرچاوی جیهانەوە شەهید بکەن، بۆ کۆتاییهێنانیش بەو لاوازییە تەنیا ڕێگە چارە ئەوەیە خۆمان ئازاد بکەین و بە ئازادی بانگەشە بۆ سەربەخۆیی کوردستان بکەین. لەم گفتوگۆیەدا «بەئامانجگرتنی هەرێمی کوردستان و هۆکارەکانی» کە بە ڕێگەی سکایپ بەشداری لەگەڵ کردین، بەمجۆرە دید و تێڕوانین و پێشنیار و چارەسەرەکانی خستە ڕوو.

جێگەی دەستخۆشییە کە بازنەی گفتوگۆی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەم هەموو بەڕێزەی کۆکردووەتەوە و لەسەر پرسێکی گرنگی وەك «بە ئامانجگرتنی هەرێمی کوردستان و هۆکارەکانی» گفتوگۆیەکی ڕاشکاوانە بەڕێوەدەبات، لەمەش گرنگتر ڕاپۆرتێکی مەیدانییان ئامادە کردبوو، کە لە سەرانسەری هەرێمی کوردستان ڕاوبۆچوونی کۆمەڵێك دەستەبژێریان وەرگرتبوو، کە بۆچوونی ئەو کەسانەی لە ڕاپۆرتەکە ڕای خۆیان دەربڕیبوو، زۆر سەرنجی ڕاکێشام، کە یەکێك لەو بەڕێزانە، ئەو هێرشانەی سوپای پاسدارانی ئێرانی بۆ سەر هەولێر وەك «تیرۆری دەوڵەت» لە قەڵەم دا، کە دەتوانم بڵێم ماوەی ١٣ ڕۆژە (مەبەستی ٢٨ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٤ـە کە گفتوگۆکەی تیا ئەنجام دراوە) ئەو کارەساتە تیرۆریستییە لە هەولێر ڕووی داوە، یەکەمجارە گوێم لە تاکێکی کورد دەبێت چەمکی تیرۆر بێنێتە ناو ئەم باسەوە، هەر بۆیە ئەمە خاڵێکی زۆر گرنگە و جێگەی ئەوەیە گفتوگۆی لەسەر بکەین.

لە دوای ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ـەوە چەمکی تیرۆر وەك پەتایەك بە سەرانسەری جیهاندا بڵاو بووەتەوە، دەوڵەتانی داگیرکاری کوردستان ئەم چەمکی تیرۆرەیان زۆر بە باشی لە دژی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان لە هەر چوار پارچەی کوردستان بەکارهێناوە و، بە تیرۆریست ناویان دەبەن.

ئەوەی لێرەدا گرنگە وەك کاك ئازاد جوندیانی لە کتێبی «هەڵاتن لە سەربەخۆیی» زۆر جوان ئاماژەی پێ کردووە و ئێمە لە بەرانبەری کەمتەرخەمین، بریتییە لەوەی ئەو چەمکانەی داگیرکاران بەرانبەر کورد بەکاری دەهێنن، ئێمە کاردانەوەیەکمان بەرانبەری نییە، بەڵکو ئەو چەمکانە بەو شێوە بەکار دێنین، کە دوژمنان دەیسەپێنن بەسەرماندا، هەر وەك چۆن ئەمڕۆ دەوڵەتانی داگیرکار هەموو جووڵانەوەیەکی چەکدارانەی کورد بۆ سەربەخۆیی بە تیرۆریست ناو دەبات.

لەبەرانبەر ئەمەدا، من وای دەبینم هەر دەستدرێژییەك کە داگیرکاران دەیکەنە سەر هەرێمی کوردستان و تیایدا خەڵکی سڤیل و ژن و منداڵی بێتاوانی تێدا شەهید دەبێت، دەبێت وەك تیرۆر لە میدیاکاندا مامەڵەی لەگەڵ بکەین و وەك تیرۆر سکاڵای لەسەر تۆمار بکەین.

سەبارەت بە تایتڵی ئەم گفتوگۆیەش «بە ئامانجگرتنی هەرێمی کوردستان و هۆکارەکانی»، من بە باشی دەزانم لە چەمکی «تیرۆر»ـەوە قسە لەسەر ئەم پرسە گرنگە بکەین.

چەمکی تیرۆر بە واتا لاتینییەکەی واتا شۆکپێهێنان و تۆقاندن، ئێمە لەلایەن هێزی دەوڵەتانی داگیرکارەوە، هەمیشە سەرقاڵی ئەوەین کە بتۆقێنرێین، بترسێنرێین، ئامانجی ئەم هێرشەی سوپای پاسدارانی ئێران بە ڕۆکێتی بالیستیکی بۆ سەر هەولێر بۆ تۆقاندن و ترساندنی ئێمەیە کەواتە کارێکی تیرۆریستییە.

هەر لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ و پاشانیش دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئامانجی دەوڵەتانی داگیرکاری کوردستان ئەوە بووە، کە ئەم ئەزموونەش بە هاوشێوەی کۆماری کوردستان لە مەهاباد لەناو بچێت و نەمێنێت.

ئەو هێرشەی هێزەکانی عێراق لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ کردیانە سەر کوردستان و ئەوەشی ئێران بە ڕۆکێت و لە ڕێگەی میلیشیاکانییەوە لە عێراقدا دەیکاتە سەر کوردستان و ئەو سنوور بەزاندنانەی تورکیاش کە دێتە ناو خاکی کوردستان، هەموویان بۆ ئەوەیە ئەم قەوارە سیاسییە نەمێنێت و دەکەونە ناو یەك تایتڵ و چوارچێوەوە.

خاڵێکی دیکە کە گرنگە هەڵوەستەی لەسەر بکەین ئەوەیە کە دەوڵەتی عێراق لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ بووەتە ئوستانێکی (پارێزگایەکی) گەورەی ئێران، و بووتە ئەو قەڵغانەی ئێران لە پێش خۆی ڕایگرتووە، بۆ ئەوەی ئەو شەڕانەی دەیکات، لەسەر خاکی خۆی نەبێت، ئەمە ستراتیژیەتی ئێرانە هەر لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتی سەفەوییەکانەوە تاکو ئێستا.

ئێران لەم ئوستانە گەورەیەی کە لە عێراقدا دروستی کردووە، ٧٥٪ی عێراقی بەدەستەوەیە،

**چەمکی تیرۆر بە واتا لاتینییەکەی واتا شۆکپێهێنان و تۆقاندن، ئێمە لەلایەن هێزی دەوڵەتانی داگیرکارەوە، هەمیشە سەرقاڵی ئەوەین کە بتۆقێنرێین، بترسێنرێین، ئامانجی ئەم هێرشەی سوپای پاسدارانی ئێران بە ڕۆکێتی بالیستیکی بۆ سەر هەولێر بۆ تۆقاندن و ترساندنی ئێمەیە کەواتە کارێکی تیرۆریستییە**

**هەر دەستدرێژییەک کە داگیرکاران دەیکەنە سەر هەرێمی کوردستان و تیایدا خەڵکی سڤیل و ژن و منداڵی بێتاوانی تێدا شەهید دەبێت، دەبێت وەک تیرۆر لە میدیاکاندا مامەڵەی لەگەڵ بکەین و وەک تیرۆر سکاڵای لەسەر تۆمار بکەین**

**دەوڵەتی عێراق لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ بووەتە ئوستانێکی (پارێزگایەکی) گەورەی ئێران، و بووتە ئەو قەڵغانەی ئێران لە پێش خۆی ڕایگرتووە، بۆ ئەوەی ئەو شەڕانەی دەیکات، لەسەر خاکی خۆی نەبێت**



بەڵام لە ٢٥٪ی کە هەرێمی کوردستانە، دەسەڵاتێك هەیە نایەوێت خۆی بچەمێنێت، هەر بۆیە لە ڕێگەی ترس و تۆقاندنەوە دەیەوێت مل بەم ٢٥٪ەش کەچ بکات، بەڵام خۆشبەختانە لەناو ئەم ٢٥٪ ئیرادەیەکی بوێر هەیە بە دەنگی بەرز پێیان دەڵێت: «نەخێر، ئێمە تیاشبچین خۆمان ناچەمێنین»، بەڕاستی ئەمە زۆر گرنگە و جێگەی ستایشە.

کەواتە چارەسەر چییە؟ ڕاشکاوانە دەڵێم: ئێمە لە باشووری کوردستان خاوەنی دەوڵەت نین، بۆیە تەنیا دەتوانین بە ڕێگەی دەوڵەتی عێراق سکاڵا لە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لەسەر ئێران تۆمار بکەین، بەڵام ئەوەی لە عێراقدا دەگوزەرێت، لە بەرژەوەندیی ئێمەدا نییە، لەبەر ئەوەی خودی عێراق بووەتە بەشێك لە ئێران، هەر بۆیە تاکە چارەسەر بۆ ئێمە سەربەخۆیی و دووبارە زیندووکردنەوەی ئاکامەکانی ڕیفراندۆم و تیکۆشانە بۆ سەربەخۆیی.

لەم بارودۆخەدا کە ئێمە دەوڵەت نین، دەبێت بیر لەوە بکەینەوە، بە ڕێگەی ئەو دیپلۆمات و سیاسەتمەدارە کارامەیانەی کە هەمانن، وەك هەنگاوی یەکەم دەبێت هەوڵ بدەین بە ڕێگەی دیپلۆماتی هەوڵەکانمان بخەینە گەڕ، بۆ ئەوەی بتوانین هەندێك چەکی پێشکەوتووی بەرگری ئاسمانی پەیدا بکەین، بۆ ئەوەی بتوانین بە شێوەیەك لە شێوەکان خۆمان بپارێزین، وەك هەنگاوی دووەم، ئەوەیە ئێمە خاوەنی کۆمەڵێك گەنجی مێرخاسی بەتوانا و خاوەن ئەقڵین، ئێمە دەتوانین لە جێگەیەك لە ڕێگەی دامەزراندنی دامەزراوەیەکی پیشەسازیی سەربازی، کۆمەڵێك گەنجی مێرخاس و بەتوانای خۆمان ئامادە بکەین، بۆ ئەوەی خۆمان بتوانین چەك بۆ خۆمان بەرهەم بێنین. ئەمڕۆ لە ئەورووپا کۆمەڵێك ئەندازیار هەن، لایان گرنگ نییە چەك بۆ چ لایەك دروست دەکەن، بەڵکو ئەوان وەك بزنێس کار دەکەن و قازانجی خۆیان دەبێت، بۆیە گرنگە ئێمە بەشێك لە سەرمایەی خۆمان لەو پڕۆژە گرنگەدا وەك وەبەرهێنان بخەینە گەڕ.

خاڵێکی دیکە کە زۆر گرنگە بۆ پشتبەستن بە خۆمان، ڕووخسەت لە د.کاوە مەحموود وەردەگرم و دووبارە چەمکی «لە چاوەڕوانی گۆدۆ» بەکار دەهێنمەوە، ڕاشکاوانە، دەڵێم، ئێمە ناتوانین لە چاوەڕوانیی هیچ دەسەڵاتێکی دەرەوەی خۆمان بین و، مەزندەی ئەوە بکەین بە هانامانەوە دێت و ڕزگارمان دەکات.

لێرەدا ئێمە وەك کوردێك زۆر گرنگە تیشکێکی گرنگ لەسەر ئاگامەندی ڕابگرین، تێبگەین کە «گۆدۆ» لەناو خودی خۆماندایە. گۆدۆ قەت نابێتە فریادڕەسی ئێمە، بۆیە گرنگە ئاگامەند بین کە گۆدۆ لەناو خودی خۆماندایە، ئەمەش واتا ئاگامەندیی خۆمان، گۆدۆی خۆمانە.

ئەو هۆکارانەی کە فاکتەرێکی زۆر گەورەن لەسەر هەموو ئەو کارەساتانەی بەسەر ئێمەدا دێن، فاکتەرێکی گەورەن لەسەر بێدەنگیمان بەرانبەر ئەو هەموو تیرۆرەی لە بەرانبەرمان دەکرێت، ئەوجا ئەو تیرۆرە هەر دەوڵەتێکی داگیرکار لە دژمان بیکات، هیچ لە باسەکە ناگۆڕێت، لەبەر ئەوەی تێڕوانینی ئەوان بۆ کورد و کوردستان ئایدیۆلۆژیەتێك، یان پارتێکی سیاسی نییە، بەڵکو شێوازی ستراکتۆری تاکە لە کۆمەڵگەی «تورك، فارس، عەرەب»دا.

دەوڵەتانی داگیرکاری کوردستان لەوەتی هەن لە ڕێگەی دروستکردنی سێ جۆر ترسەوە تاکی کوردیان ترساندووە، کە بریتین لە:

١- ترسی مۆڕاڵی

داگیرکاران هەوڵیانداوە بە ڕێگەی کۆمەڵێك بیانگە و فاکتەری ئایینییەوە، کورد تۆمەتبار بکەن بە شتێك کە نەیکردووە، بەشێکی زۆر لە ئێمە لە ڕێگەی ئەم ترسەوە دەگەڕێتەوە بۆ دواوە.

٢- ترسی ڕیاڵیتی «واقیعی»

داگیرکاران بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدان لە ڕێگەی تیرۆر و ترس و تۆقاندن و شۆکاندن و برسیکردن و بەردەوامیدانیان بە هێرشەکانیان، ترسێکمان لا دروست بکەن، کە بڵێین: «ئێمە هەرگیز لەم دۆخە ڕزگارمان نابێت». ئەم ترسە وای کردووە، کە هەمیشە بەشێك لە هەرێمی کوردستان دەڵێن چارەسەری ئێمە لە بەغدایە، ڕۆشنبیرەکانمان هەوڵ دەدەن، ڕازیمان بکەن بەوەی ئێمە لەژێر ئاڵا و لەناو دەوڵەتی عێراقدا کوردێکی بەختەوەر دەبین و پێویستە

**ئێران لەم ئوستانە گەورەیەی کە لە عێراقدا دروستی کردووە، ٧٥٪ی عێراقی بەدەستەوەیە، بەڵام لە ٢٥٪ی کە هەرێمی کوردستانە، دەسەڵاتێك هەیە نایەوێت خۆی بچەمێنێت، هەر بۆیە لە ڕێگەی ترس و تۆقاندنەوە دەیەوێت مل بەم ٢٥٪ەش کەچ بکات**

**ئەوەی لە عێراقدا دەگوزەرێت، لە بەرژەوەندیی ئێمەدا نییە، لەبەر ئەوەی خودی عێراق بووەتە بەشێك لە ئێران، هەر بۆیە تاکە چارەسەر بۆ ئێمە سەربەخۆیی و دووبارە زیندووکردنەوەی ئاکامەکانی ڕیفراندۆم و تیکۆشانە بۆ سەربەخۆیی**

**دەبێت هەوڵ بدەین بە ڕێگەی دیپلۆماتی هەوڵەکانمان بخەینە گەڕ، بۆ ئەوەی بتوانین هەندێك چەکی پێشکەوتووی بەرگری ئاسمانی پەیدا بکەین، بۆ ئەوەی بتوانین بە شێوەیەك لە شێوەکان خۆمان بپارێزین**

**داگیرکاران هەوڵیانداوە بە ڕێگەی کۆمەڵێك بیانگە و فاکتەری ئایینییەوە، کورد تۆمەتبار بکەن بە شێتك کە نەیکردووە، بەشێکی زۆر لە ئێمە لە ڕێگەی ئەم ترسەوە دەگەڕێتەوە بۆ دواوە**

هەموو شتێکمان بگێڕینەوە بۆ بەغدا، ئەوکات ئێمە بەختەوەر دەبین، بەڵام ئەمڕۆ دەبینین هەتا ئێستاش بە دەست کێشەی مووچەوە دەناڵێنین.

### ٣- ترسی هەڵاتن بۆ ناو کۆنفورمیتی

ئەم هەڵاتنە بۆ ناو کۆنفۆرمیتی، بریتییە لە گشتگیرییەك، ئەم گشتگیرییە لە دوای ئاکامەکانی ڕیفراندۆمەوە، بەشێوەیەکی زۆر بەربڵاو بە دەستییەوە ناڵاندوومانە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کۆمەڵێك بەناو ڕۆشنبیر و دەستەبژێری سیاسیمان تووشی پەتای ئەم گشتگیرییە بوون، هەر بۆیە ئێمە ترسێندراوین بەوەی کە عێراق و دەوڵەتانی دراوسێ دەتوانن هێرش بکەنە سەرمان، ئەگەر بۆ سەربەخۆیی تێکۆشان بکەن و پێمان دەڵێن: «ئێستا کاتی خەبات و تیکۆشان بۆ سەربەخۆیی نییە»، ئەم گشتگیرییە بەشێك لە سیاسەتمەدار و بەناو ڕۆشنبیرەکانی ئێمە بە کردەیی پراکتیزەی دەکەن.

بۆ ئێمە کورد گرنگە ئاگامەندانە تیشك بخەینە سەر چەمکی ئازادی، گرنگە بزانین چۆن لە چەمکی ئازادی تێدەگەین، چۆن بیری لێ بکەینەوە تا دەگاتە ئەوەی ئازاد بین کە یەك بین.

ئێمە لە ئێستادا بە ئەرگۆمێنتی زۆر چڕ و پڕەوە دژ بە یەکین، بۆ نموونە سەیری زۆنی «سەوز و زەرد» بکەین بە ئاستێك دژ بەیەکین کە بەخوێنی سەری یەکتر تینووین.

من لێرەدا زیاتر ڕووی قسەم دەکەمە زۆنی سەوز کە زیاتر لە ٥٠ ساڵە ئەم ئاوە دەڕێژن و نەوە لەدوای نەوە پێی تێدەکات، ئەم زۆنە دەبێت ئاگامەندانە بیر لەوە بکاتەوە، کە ئازاد بێت لەوەی کە بیرکردنەوەیەکی زۆرلێکراو لە مێشکیدا هەیە، کە هەوڵی داوە ئەوە لە مێشکیدا بچەسپێنێت کە فلان بنەماڵە، فلان پارتی سیاسی، فلان کەس، مەترسین لەسەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان و ئایندەی کورد.

ئازادی ئەوەیە، ئێمە ئازاد بین بۆ ئەوەی بە ئاشکرا بانگەشە بۆ مافی خۆمان و سەربەخۆیی بکەین، ئێمە کاتێك دەرفەتمان بۆ بێتە پێش و بتوانین ببین بە دەوڵەتێکی بچکۆلە لە باشووری کوردستاندا، خاوەنی سوپایەکی بەهێزی پڕ چەك بین، ئەو کات نە عێراق و نە دەوڵەتانی دراوسێش بوێری ئەوەیان نابێت هێرشمان بکەن سەر.

دوورکەوتنەوە لە بانگەشەی ئاشکرامان بۆ سەربەخۆیی، جۆرێکی دیکە لە «هەڵاتن لە سەربەخۆیی»یە، واتە بەشێك لە ئێمە هەوڵی داوە هەڵبێت بۆ ناو پۆپۆلیستی، ئەمە بە ئاشکرا دیارە و هەستی پێدەکرێت، بەشێك لە سیاسەتمەدارانی زۆنی سەوز هێندە تینووی




دەسەڵاتن، هەوڵیان داوە هەموو شتێك بکەن بە قوربانی خواستیان بۆ دەسەڵات، بۆ ئەمەش پەنا دەبەنە سەر تێکدان و شێواندنی هەموو بەها و پیرۆزییەك، دەیانەوێت هەوڵەکان بۆ سەربەخۆیی ناشیرین بکەن و دەستەواژەی ناشیرینی بۆ دادەتاشن و بیرکردنەوەیەکی زۆرلێکراو لەناو خەڵك و لاوەکانمان دروست دەکەن، خەریکی تێکدانی هەموو ئەو هەوڵانەن کە ئەم کابینە حکوومییەی باشووری کوردستان بەڕێوە دەبات، تەگەرەی بۆ دروست دەکەن و کێشەی سیاسی بۆ دروست دەکەن.

زۆنی سەوز دەیەوێت ئەو خەڵکەی باشووری کوردستان کە ئامادە نەبووە خۆی بچەمێنێ، بە یارمەتیی ئێران ئەو ئیرادەیەش بچەمێنن.

**بەشێک لە سیاسەتمەدارانی زۆنی سەوز هێندە تینووی دەسەڵاتن، هەوڵیان داوە هەموو شتێک بکەن بە قوربانی خواستیان بۆ دەسەڵات، بۆ ئەمەش پەنا دەبەنە سەر تێکدان و شێواندنی هەموو بەها و پیرۆزییەک، دەیانەوێت هەوڵەکان بۆ سەربەخۆیی ناشیرین بکەن**






کەریم سلێمان

ڕاوێژکاری جڤاتی ڕۆحانیی ئێزدی:


# ئەگەر سەقامگیریی کوردستان بکەوێتە مەترسییەوە، پێکهاتەکان ناچار دەبن بیر لە کۆچکردن بکەنەوە

کەریم سلێمان، جیا لەوەی ڕاوێژکاری جڤاتی ڕۆحانیی ئێزدییە، لە هەمان کاتدا بریکاری وەزارتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە و، یەکێك لە کەسایەتی و ڕۆشنبیرە دیارەکانی ئێزدییە لەسەر ئاستی کوردستان، لەم گفتوگۆیەدا «بە ئامانجگرتنی هەرێمی کوردستان و هۆکارەکانی»، جیا لەوەی بە ناوی میر و جڤاتی ڕۆحانیی ئێزدی، سەرکۆنەی تەواوی ئەو هێرش و دەستدرێژییانەی کرد کە لەلایەن ئێرانەوە دەکرێنە سەر هاووڵاتیانی سڤیل لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان، لە هەمان کاتدا ئەوەشی خستە ڕوو کە ئاسایش و سەقامگیریی هەرێمی کوردستان بۆ پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینە جیاوازەکان زۆر گرنگە وجەختی لەوەش کردەوە، کوردانی ئێزدی گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە تەنیا شوێنێك بتوانن بە ئازادی تێیدا بژین، هەرێمی کوردستانە، بەمجۆرەش دید و تێڕوانین و بۆچوونەکانی خۆی سەبارەت بە تەوەری ئەمجارەی بازنەی گفتوگۆ خستە ڕوو.

هێرش و دەستدرێژییەکانی ئێران بۆ سەر هەرێمی کوردستان و لێدانی خەڵکی مەدەنی و بازرگان و سەرمایەداری کوردستان، بابەتێکی گەلێك گرنگ و ترسناکیشە. وەك ڕاوێژکاری جڤانی ڕۆحانیی ئێزدی دەمەوێت زۆر بە ڕاشکاوانە لەسەر ئەم بابەتە قسە بکەم و تیشك بخەمە سەر ئەوەی بۆچی هەولێر بەئامانج دەگیرێت و بۆچی ئەم هەموو گوشارە دەکرێتە سەر هەولێر؟

پێش ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە، دەمەوێت باسی ئەو ترسە بکەم کە لە دوای ٣ی ئابی ٢٠١٤ لای ئێزدییەکان دروست بووە، ئێمەی ئێزدی گەیشتووینەتە قەناعەتێك کە تەنیا شوێنێك مابێت، بۆ ئەوەی بتوانین لێی بژین و هەست بە ئارامی بکەین، هەرێمی کوردستانە، بۆیە لەم ڕاستەوە پاراستنی ئاسایش و سەقامگیریی کوردستان بۆ ئێمەی ئێزدی زۆر گرنگە و، ئەم ئاسایش و سەقامگیرییە تێك بچێت، ئێمە پێش هەمووان بە مەترسی دەزانین بۆ سەر ژیانی خۆمان.

بارودۆخی ئێزدی هێجگار قورسە، هەڕەشەی یەکجار زۆری لەسەرە، بەتایبەتی کە ئێستا ئەو ئاوارانەی لە کەمپەکانی هەرێمی کوردستانن، ناتوانن بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان لە شنگال.

ئەم پرسە زۆر گرنگە، لەبەر ئەوەی هیچ کەمپێکی ئاوارە لە سەرانسەری عێراق وا نییە، ئەو کەمپانەی لە کوردستان ماون، بە ڕێژەی ٩٠٪ ئاوارەی ئێزدی تێیدا ماونەتەوە.

بەداخەوە جۆرێك لە موزایەدەی سیاسی دەکرێت و پێمان دەڵێن بارودۆخی شنگال ئارامە و ئەو ئاوارانە دەتوانن بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان، بەڵام ئەم بابەتە کە بەمجۆرە باس دەکرێت، وا نییە. ئەوەتا ڕێککەوتنی ئاساییکردنەوەی شنگال لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق کە ماوەی دوو ساڵە ئیمزا کراوە، هەتا ئێستا جێبەجێ نەکراوە، ئەمە پێمان دەڵێت بارودۆخی شنگال ئاسایی نەبووەتەوە و ئێستاش جێگەی مەترسییە بۆ ئێمە وەك ئێزدی، بۆیە ئەمە وەك بابەتێکی سیاسی لێکراوە کاتێك لەلایەن هەندێك لایەنەوە گوشار دەخرێتە سەر وەزیری کۆچ و کۆچبەرانی عێراق کە بە زۆر ئەو ئاوارانە بگێڕێتەوە بۆ شنگال. ئێمە ئەم هەنگاوە وەك پیلانێکی سیاسی و مەترسی بۆ سەر ئێزدییەکان لە قەڵەمی دەدەین. ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەو کارەساتەی دوای ٣ی ئابی ٢٠١٤ بەسەر ئێمە هات، بە جۆرێك ئێمەی ترساندووە کە بێجگە لە هەرێمی کوردستان هیچ شوێنێکی دیکە نییە کە ئێمە بتوانین بە ئازادی تیایدا بژین.

ئەوجا سەبارەت بە ئاسایشی هەرێمی کوردستان بەگشتی و هەولێریش بەتایبەتی وەك پایتەختی هەرێمی کوردستان، بۆ ئێمە زۆر گرنگە لە هەر کەسێکی دیکە و لە سەرانسەری جیهانیشدا ئەو کەمینانەی مەترسی لەسەر ژیانیان هەیە بە دوای ئەو شوێنێکی سەقامگیر و ئاسایشدا دەگەڕێن کە مەترسی لەسەر ژیان و مانیان دروست نەبێت. لەم چوارچێوەیەدا هەر گوشارێك بخرێتە سەر هەرێمی کوردستان، ئەوجا گوشاری سەربازی، سیاسی، ئابووری، ئێمە وەك ئێزدی پێش لە هەر کەسێکی دیکە هەست بە مەترسی لەسەر خۆمان دەکەن.

ئەگەر لە چوارچێوەیەکی فراوانتر هەڵوەستە لەسەر ئەم پرسە بکەین، بەڕاستی پرسەکە ڕوون و ئاشکرایە، هەرێمێك هەیە خاوەنی ئەزموونێکی حوکمڕانیی خۆیەتی، تەمەنی ئەم حوکمڕانییە کوردییە کە لە ساڵی ١٩٩١ هەتا ئێستا بەردەوامی هەیە، درێژترین تەمەنی حوکمڕانیی کوردییە لە تەواوی مێژووی کوردستاندا، هەر بۆیە هەندێك جار قەناعەتێکی بەو جۆرەم لا دروست دەبێت، کە دەوڵەتانی دەوروبەر و عێراقیش مەترسییان هەیە لەوەی کە لەم ناوچەیەدا هەرێمی کوردستان بە ئەزموونێکی پێشکەوتوو دەرکەوتووە و توانیویەتی ژینگەیەکی ئەوتۆ دروست بکات، کە تەواوی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی عێراقیش ڕوو بکەنە ئەم هەرێمە و لێرە بە ئارامی و سەلامەتی بژین، ئەوان دەترسن کوردستان ببێتە ئەو ئەزموونەی گەلانی ئەو دەوڵەتانەش داوای ئەزموونێکی وابکەن و مەترسی بکەوێتە سەر ئەو دەسەڵاتانەی کە ئێستا لەو وڵاتانە هەیانە، هەر بۆیە ئەو دەوڵەت و لایەنانە هەرێمی کوردستان بەئامانج دەگرن و هێرشی سەربازی

**ئێمەی ئێزدی گەیشتووینەتە قەناعەتێك کە تەنیا شوێنێك مابێت، بۆ ئەوەی بتوانین لێی بژین و هەست بە ئارامی بکەین، هەرێمی کوردستانە**

**ڕێککەوتنی ئاساییکردنەوەی شنگال لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق کە ماوەی دوو ساڵە ئیمزا کراوە، هەتا ئێستا جێبەجێ نەکراوە، ئەمە پێمان دەڵێت بارودۆخی شنگال ئاسایی نەبووەتەوە**

**دەوڵەتانی دەوروبەر و عێراقیش مەترسییان هەیە لەوەی کە لەم ناوچەیەدا هەرێمی کوردستان بە ئەزموونێکی پێشکەوتوو دەرکەوتووە و توانیویەتی ژینگەیەکی ئەوتۆ دروست بکات، کە تەواوی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی عێراقیش ڕوو بکەنە ئەم هەرێمە و لێرە بە ئارامی و سەلامەتی بژین**

**گەشبینییەک هەیە کە ئەوەی لە دوای ٢٠٠٣وە بۆ عێراق هەڵکەوتووە، پێشکەوتنێکی زۆر گەورەیە، لەوانەیە فرسەتێک بێتە پێشەوە عێراق و هەرێمی کوردستانیش ببنە ژاپۆنێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست**



**بەڕێز مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆڕبەندی ئابووریی جیهان – داڤۆس ئامادە بوو، ئامانجی ئەوە بوو قسە لەگەڵ سەرمایەدار و کۆمپانیا و وەبەرهێنەرانی وڵاتانی جیهان بکەن، بۆ ئەوەی سەرنجیان ڕابکێشت و بێنە کوردستان و سەرمایەکانیان لە کوردستان بەگەڕ بخەن**

**ئاشکرایە ئەم هێرش و دەستدرێژییانەی سوپای پاسداران بەو ئامانجە بوو، بە جیهان بڵێت، هەرێمی کوردستان مەترسی لەسەرە و شوێنێکی ئارام نییە**

**گفتوگۆی نێو قەیرانەکان دەبێت هەموو ڕەهەندەکان لەخۆی بگرێت و تا دەکرێت بە شێوازی دیپلۆماتی و هێزی نەرم هەوڵ بدەین لە قەیرانەکان بێینە دەرەوە**

**وەک جڤاتی ڕۆحانیی ئێزدی زۆر بە توندی ئەو هێرش و دەستدرێژییانەمان شەرمەزار کردووە کە کراونەتە سەر هەولێر**

بە ڕۆکێت و فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان دەکەنە سەری، کە بە هەموو پێوەرێك هێرشی زۆر مەترسیدار و نائاسایی بوون. ئەوان ترسی گەورەیان لە سەرکەوتنی ئەزموونی حوکمڕانی هەرێمی کوردستان هەیە. بەڵام وێڕای ئەم بە ئامانج گرتنەی هەولێر و هەرێمی کوردستانیش، من جۆرە گەشبینییەك دەبینم و پێموایە لەگەڵ ئەوەی بارودۆخی ناوچەکە بەگشتی شڵەژاوە، بەڵام جۆرە گەشبینییەك هەیە کە ئەوەی لە دوای ۲۰۰۳وە بۆ عێراق هەڵکەوتووە، پێشکەوتنێکی زۆر گەورەیە، لەوانەیە فرسەتێك بێتە پێشەوە عێراق و هەرێمی کوردستانیش ببنە ژاپۆنێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

وەك جڤاتی ڕۆحانیی ئێزدی کە ئێمە هەر لە یەکەم ڕۆژەوە بەیاننامەمان هەبووە و لە هۆیەکانی ڕاگەیاندنیش زۆر بە توندی ئەو هێرش و دەستدرێژیانەمان شەرمەزار کردووە کە کراونەتە سەر هەولێر، لەبەر ئەوەی هیچ هۆکارێك نەبووە کە ببێتە پاساو بۆ ئەو هێرشانە، بەداخەوە ئەم هێرشانە بەئامانجگرتنی بازرگان و سەرمایەدارێکی دیاری وەك شەهید پێشڕەو دزەیی، کە ڕۆڵی کاریگەری هەبووە لە ئاوەدانکردنەوەی ئەم وڵاتەدا و جاری یەکەمیش نییە هێرشی دڕندانەی لەمجۆرە دەکرێتە سەر هەولێر و هەرێمی کوردستان.

ئەگەر سەرنجی ئەم هێرش و دەستدرێژییانەی سوپای پاسداران بۆ سەر هەولێر بدەین، دەبینین هاوکاتە لەگەڵ ڕێوڕەسمی کۆڕبەندی ئابووریی جیهان – داڤۆس لە سویسرا، کە بەڕێز مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەت تێیدا ئامادە بوو، ئامانجی ئەوە بوو قسە لەگەڵ سەرمایەدار و کۆمپانیا و وەبەرهێنەرانی وڵاتانی جیهان بکەن، بۆ ئەوەی سەرنجیان ڕابکێشێت و بێنە کوردستان و سەرمایەکانیان لە کوردستان بەگەڕ بخەن، بۆیە ئاشکرایە ئەم هێرش و دەستدرێژییانەی سوپای پاسداران بەو ئامانجە بوو، بە جیهان بڵێت، هەرێمی کوردستان مەترسی لەسەرە و شوێنێکی ئارام نییە. هەمووانیش دەزانن، سرووشتی سەرمایەداران بەو شێوەیەیە ئەگەر شوێنێك ئارام و سەقامگیر نەبێت، نایەن بۆ ئەو وڵاتە هەتا بە ملیۆنەها دۆلار وەبەرهێنانی تێدا بکەن، کە ئەمەش هەوڵێکی دیکەی ئێران و چەکدارە لە یاسا دەرچووەکانی میلیشیاکانی عێراقن کە چاویان بە ئاوەدانکردنەوەی کوردستان هەڵنایەت و دەیانەوێت هەموو ڕێگەیەك بگرنە بەر، بۆ ئەوەی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان نەهێڵن و ئەو ژێرخانە ئابوورییەی هەمانە، لەبەر یەك هەڵیبوەشێنن.

قەدەری ئێمە وەك هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە هەتا ئێستاش ئێمە پارچەیەکین لە دەوڵەتی عێراق، ئەم وڵاتەش بووەتە شوێنی ململانێی دوو هێزی سەرەکی کە «ئێران و ئەمریکا»یە، هەرێمی کوردستانیش هەوڵی داوە کە لەنێوان ئەم ململانێیەدا سەربەخۆ بێت و بە شێوەیەکی بێلایەنانە مامەڵە لەگەڵ هەردوو لایەنی ئەم ململانێیەدا بکات، بەڵام ئیتر بارودۆخەکە بەو جۆرەیە پریشکی ئەو ململانێیە هەر بەر ئێمە دەکەوێت.

لە ساڵی ۲۰۱۷ ئێمە ڕیفراندۆممان ئەنجام دا بۆ ئەوەی سەربەخۆ بین و خۆمان لە کێشە و ململانێیانە ڕزگار بکەین، بەڵام ئەوە بوو هەموو جیهان لە دژمان ڕاوەستا و ڕێگەیان نەداین سەربەخۆ بین و، ئەوجا لەگەڵ ئەوەی ڕێگەشیان نەداین سەربەخۆ بین، ئەوەیە کە دەبینین ئەوانەی دەسەڵاتیان بە دەستەوەیە لە بەغدا ئەو دەستوورەش جێبەجێ ناکەن کە لە ساڵی ۲۰۰۵ عێراقییەکان دەنگیان پێ داوە و پەسەندیان کردووە، تەنانەت ئەو ڕێککەوتنانەشی لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغدا دەکرێن، بۆ نموونە ڕێککەوتنی شنگال کە ماوەی دوو ساڵە ئیمزا کراوە، بەڵام هێزێك هەیە ڕێگە نادات ئەو ڕێککەوتنەش جێبەجێ بکرێت کە جێبەجێکردنی ئەم ڕێککەوتنە بۆ ئێمە وەك ئێزدی و گەڕانەوەی ئاوارەکانمان لە کەمپەکان زۆر زۆر گرنگە، بۆیە بارودۆخی عێراق نائاساییە، ئەوەی بە ئاشکرا ئێستا وەك حکومەت دیارە و بە حیساب حوکمڕانی عێراق دەکات، دەبینین هێزێکی دیکە لە پشتی پەردەوە ڕێگرە لە بەردەم ئەو کارانەی کە حکومەتی عێراق دەیەوێت ئەنجامی بدات.

لەم چوارچێوەیەدا هەموو کاتێك گفتوگۆکردن زۆر گرنگە، دەبێت لەسەر هەموو ئاستەکان گفتوگۆ لەسەر پرس و کێشەکانی خۆمان



بکەین، لەو کاتانەی کە قەیرانیش دروست دەبێت، دیسان گفتوگۆکردن هەر گرنگە و پێی دەگوترێت «گفتوگۆ لەناو قەیرانەکاندا»، گفتوگۆی نێو قەیرانەکان دەبێت هەموو ڕەهەندەکان لەخۆ بگرێت و تا دەکرێت بە شێوازی دیپلۆماتی و هێزی نەرم هەوڵ بدەین لە قەیرانەکان بێینە دەرەوە.

لە دوماهیدا ئەوە دەخوازم ئەوە بڵێم بۆ ئێمە وەك پێکهاتەی ئێزدی، هەروەها بۆ نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی دیکە و بەتایبەتی خوشك و برا کریستیانەکان،ئەم بارودۆخە زۆر بە مەترسی بۆ ژیان و ئایندەی خۆمان دەزانین، چونکە پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستان بەگشتی و ئێزدی بەتایبەتی گەیشتووینەتە قەناعەتی تەواو کە تەنیا شوێنێك ئێمە بتوانین بە ئازادی تیایدا بژین هەرێمی کوردستانە، ئەگەر ئەم بارودۆخە سەقامگیرەی هەرێمی کوردستان بکەوێتە مەترسییەوە، ئەوا ئێمەی ئێزدی و کریستیانەکانیش هیچ ڕێگەیەکمان لەبەردەم نامێنێ، بێجگە لەوەی دەبێت بەناچاری بیر لە کۆچکردن بکەینەوە و ئەم وڵاتە بەجێبهێڵین.

کارەساتەکانی دوای ساڵی ٢٠١٤ بە جۆرێك ترسیان لە ناخی هاووڵاتیانی ئێمە دروست کردووە، بێجگە لە هەرێمی کوردستان، متمانەیان بە هیچ شوێنێکی دیکە نییە کە بتوانن بە ئازادی تێیدا بژین.





**ئەحمەد هۆشیار**

بەڕێوەبەری گشتیی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر:

# ئامانجی راستەقینەی میلیشیا چەکدارەکان ئەوەیە هێڵە ئاسمانییەکان گەشتەکانیان بۆ فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر ڕابگرن بەمەش کوردستان لە جیهانی دەرەوە دابب‌ڕێت

ئەحمەد هۆشیار، لە مانگی ئەیلوولی ٢٠٢٠ وە بەڕێوەبەری گشتیی فڕۆکەخانەی هەولێرە و لەو ماوەیەی ئەم ئەرکەی پێ سپێردراوە، توانیویەتی ڕۆڵێکی گرنگ لە بەرەوپێشەوەچوونی کاروبارەکانی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر بگێڕێت، لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردووی (٢٠٢١، ٢٠٢٢،٢٠٢٣) بەپێی ئەو ئامارە وردبینەی دەستەی فڕۆکەوانیی شارستانیی عێراق لەسەر گشت فڕۆکەخانەی عێراق بڵاوی دەکاتەوە، فڕۆکە خانەی هەولێر توانیویەتی بە ڕێژەی ٦٠٪ پێشوازی لە کۆی ئەو کەلوپەلانە بکات، کە بە ڕێگەی هێڵی کارگۆ کەلوپەل دەهێننە عێراقەوە، هەروەها فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر تاکە فڕۆکەخانەیە لە عێراقدا کە هێڵە ئاسمانییەکانی جیهان گەشتی ڕاستەوخۆ لە هەولێرەوە بۆ ئەورووپا ئەنجام دەدەن، بەڵام بەهۆی هێرشی فڕۆکە بێ فڕۆکەوانەکانی میلیشیا چەکدارە لە یاسا دەرچووەکان، کە بە بیانووی بنکەی هێزەکانی هاوپەیمانان دەیکەنە سەر فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەلێر، زیانێکی زۆر بە کار و گەشتەکانی ئەم فڕۆکەخانەیە کەتووە و چەندین هێڵی ئاسمانی گەشتەکانی خۆیان بۆ هەولێر هەڵوەشاندووەتەوە.

لەم گفتوگۆیەدا «بەئامانجگرتنی هەرێمی کوردستان و هۆکارەکانی»، ئەحمەد هۆشیار بەڕێوەبەری گشتیی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر زۆر بە وردی ئامانجی ئەو میلیشیا چەکدارە لە یاسا دەرچووانەی بۆ هێرشکردنە سەر فڕۆکەخانەی هەولێر خستە ڕوو.

هۆکاری بە ئامانجگرتنی کوردستان زۆرن، لە هەمان کاتدا شێواز و میکانیزمی ئەو بەئامانجگرتنەش هەمەجۆرن. پێش ئەوەی بێمە سەر باسکردنی زیانەکانی ئەو هێرشانەی بە فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان دەکرێنە سەر فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر، دەخوازم بە شێوەیەکی گشتی هەڵوەستەیەك لەسەر کۆی ئەو هێرش و دەستدرێژییانە بکەم کە دەکرێنە سەر هەرێمی کوردستان.

هێرشی شەوی ١٤ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٤ بە مووشەکی بالیستیکی لەلایەن سوپای پاسدارانی ئێران بۆ سەر ماڵی شەهید پێشرەو دزەیی، کە تیایدا چەندین کەس شەهید بوون و لە ناویاندا ژن و منداڵی ساوا، هەروەها هاووڵاتییەکی کریستیانیشی تێدا بوو، بەڕاستی ئەم هێرش و دەستدرێژییە بۆ سەر پایتەختی هەرێمی کوردستان جیا لەوەی پێشێلکردنی سەروەریی عێراق و یاسا نێودەوڵەتییەکان و هەموو بنەماکانی دراوسێیەتیی نێوان دوو دەوڵەت بوون، لە هەمان کاتدا کارێکی دژ بە مرۆڤایەتی بوو، ترس و تۆقاندنی لەناو خەڵکی هەولێر و تەواوی هەرێمی کوردستان دروست کرد و دەبێت زۆر بە باشی سەرکۆنە بکرێت و، خۆی لە خۆیدا هەوڵێکی دوژمنکارانەیە بۆ بەئامانجگرتنی سەرمایەدار و بازرگانەکانی کوردستان بۆ ئەوەی ژینگەیەکی وا دروست بکات، کە سەرمایەدار و بازرگانی دیکەش بترسن و نەتوانن سەرمایەکانیان بۆ ئاوەدانکردنەوەی هەرێمی کوردستان بخەنە گەڕ و، ئامانجی سەرەکیشی ئەوەیە کە پرۆسەی پەرەپێدان و بونیادنانەوە لە هەرێمی کوردستان بوەستێن و ژێرخانی ئابووریی کوردستان بروخێنن.

لێرەوە ئەگەر بێمە سەر ئەو هێرشانەی بە فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان دەکرێنە سەر فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر، ئەوا چەند ساڵێکە ئەم هێرشانە بەردەوامیان هەیە، یەکەم هێرش کە کرایە سەر فڕۆکەخانەکە بە فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان لە مانگی ١١ی ساڵی ٢٠٢٠ بوو، بیانووی ئەم هێرشەش بوونی بنکەی هێزەکانی هاوپەیمانان بوو، کە ئەم هێزانە «لەسەر داوای حکومەتی عێراق، نەك حکومەتی هەرێمی کوردستان»، لە ساڵی ٢٠١٤ هاتوونەتە عێراق و لە چەند شوێنێکی عێراق بنکەیان داناوە و ئامانجیان لەم بنکانە هاوکاریی هێزەکانی پێشمەرگە و هێزەکانی سوپای عێراقە بۆ تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش. بەڵام ئەم هێرشانە لە دوای شەڕی غەززە لە تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣ زیادی کرد و لە سەرەتای مانگی کانوونی ساڵی ٢٠٢٤ زۆر زیاتر بوو، ئامانجی سەرەکیشیان لەم هێرشانە بۆ سەر فڕۆکەخانەی هەولێر، هێندەی مەبەستیانە ترس و تۆقاندن لەسەر گەشتە ئاسمانییەکانی هەرێمی کوردستان دروست بکەن، هێندە ئامانجیان بنکەی هاوپەیمانان نییە، چونکە ئەوان باش دەزانن بنکەی هاوپەیمانان چەکی بەرگریی دژە ئاسمانیی زۆر پێشکەوتوویان لایە و ناتوانن ئامانجەکانی خۆیان بپێکن.

لایەنێکی دیکەی بەئامانجگرتنی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر لەسەر ئاستی تەواوی فڕۆکەخانەکانی عێراق، تەنیا فڕۆکەخانەیە کە متمانەی ڕێکخراوی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی بەدەست هێناوە، زۆربەی هێڵە ئاسمانییەکانیش تەنیا لە فڕۆکەخانەی هەولێرەوە گەشتی ڕاستەوخۆ بۆ دەوڵەتانی ئەورووپا ئەنجام دەدەن و، لە فڕۆکەخانەکانی دیکەی عێراقەوە ئەنجامی نادەن و، ئەگەر هاووڵاتییەکی پارێزگاکانی دیکەی عێراق بیەوێت ڕاستەوخۆ گەشت بۆ ئەورووپا بکات، دەبێت بێتە فڕۆکەخانەی هەولێر و لێرەوە گەشتەکانی ڕاستەوخۆ بۆ ئەورووپا ئەنجام بدات.

لە ساڵی ٢٠٢٣ ڕێکخراوی فڕۆکەوانیی نێودەوڵەتی بڕیاری دا و داوای لە دەستەی فڕۆکەوانیی شارستانیی عێراق کرد کە وردبینی لەسەر ئاستی «سەلامەتی و ئاسایش» لە ناو هەموو فڕۆکەخانەکانی عێراق بکرێت، لەم وردبینییەدا فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر بە پلەی ٨٠٪ دەرکەوت کە هەموو مەرجەکانی «سەلامەتی و ئاسایشی» تێدا بوو، کە بوو بە یەکەم فڕۆکەخانە لەسەر ئاستی عێراق، کە دەوڵەتی عێراق لە ساڵی ١٩٢١ـەوە خاوەنی فڕۆکەخانەیە، ئەم ڕاپۆرتەش لە ١٧٩ دەوڵەتی جیهان بڵاو کرایەوە.

**هەوڵێکی دوژمنکارانەیە بۆ بەئامانجگرتنی سەرمایەدار و بازرگانەکانی کوردستان بۆ ئەوەی ژینگەیەکی وا دروست بکات، کە سەرمایەدار و بازرگانی دیکەش بترسن و نەتوانن سەرمایەکانیان بۆ ئاوەدانکردنەوەی هەرێمی کوردستان بخەنە گەڕ**

**یەکەم هێرش کە کرایە سەر فڕۆکەخانەکە بە فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان لە مانگی ١١ی ساڵی ٢٠٢٠ بوو، بیانووی ئەم هێرشەش بوونی بنکەی هێزەکانی هاوپەیمانان بوو، کە ئەم هێزانە «لەسەر داوای حکومەتی عێراق، نەك حکومەتی هەرێمی کوردستان»**

**ئامانجی سەرەکیشیان لەم هێرشانە بۆ سەر فڕۆکەخانەی هەولێر، هێندەی مەبەستیانە ترس و تۆقاندن لەسەر گەشتە ئاسمانییەکانی هەرێمی کوردستان دروست بکەن، هێندە ئامانجیان بنکەی هاوپەیمانان نییە**

**فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر لەسەر ئاستی تەواوی فڕۆکەخانەکانی عێراق، تەنیا فڕۆکەخانەیە کە متمانەی ڕێکخراوی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی بەدەست هێناوە، زۆربەی هێڵە ئاسمانییەکانیش تەنیا لە فڕۆکەخانەی هەولێرەوە گەشتی ڕاستەوخۆ بۆ دەوڵەتانی ئەورووپا ئەنجام دەدەن**



**دەستەی فڕۆکەوانیی شارستانیی عێراق ئەم ئاکامەی زۆر پێ ناخۆش بووە، کە فڕۆکەخانەی هەولێر پێش فڕۆکەخانەکانی «بەغدا و نەجەف و بەسرا » بکەوێت و ئەو ئاکامە باشە بەدەست بهێنێت**

لەلایەکی دیکەوە بەپێی وردبینیی دەستەی فڕۆکەوانیی شارستانیی عێراقیش کە ساڵانە ئامارێکی ورد لەسەر گشت فڕۆکەخانەکانی عێراق ئامادە دەکات و بڵاوی دەکاتەوە، خۆشبەختانە بۆ هەر سێ ساڵی لەسەر یەکی «٢٠٢١، ٢٠٢٣،٢٠٢٢» کارگۆی فڕۆکەخانەی هەولێر ٦٠٪ی هەموو کارگۆی فڕۆکەخانەکانی عێراق بووە و، زۆربەی کۆمپانیای هێڵە ئاسمانییەکانی کارگۆ وەك «UPS، FedEx، DHL» هەموویان بارەکانیان دێنە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر، لەبەر ئەوەی دەزانن بەپێی ستاندەری نێودەوڵەتی مامەڵە لەگەڵ ئەو بارانە دەکرێن و پاشان لە هەولێرەوە دەگوازرێنەوە بۆ سەرجەم پارێزگاکانی دیکەی عێراق.

لەسەر ئەم بنەمایە و وەك خۆشمان دیراسەتی هێرشی درۆنی میلیشیا لە یاسا دەرچووەکانمان کردووە، بۆمان دەرکەوتووە ئەو هێرشانە بە ڕێژەی ٨٠٪ بەئامانجگرتنی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێرە و بە ڕێژەی ٢٠٪ بەئامانجگرتنی بنکەی هێزەکانی هاوپەیمانانە. ئەمەش ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات، ئامانجی سەرەکی لەم هێرشانە بە پلەی یەکەم ئەوەیە کە هێڵە ئاسمانییەکانی جیهان نەوێرن گەشتەکانیان بۆ هەولێر ئەنجام بدەن و فڕۆکەخانەکە لە کار بخەن.

ئەم هێرشانە بوونە هۆکاری ئەوەی کە زیانێکی گەورە بە داهاتی فڕۆکەخانەی هەولێر بگەیەنن، تەنیا لە مانگی کانوونی دووەمی ئەمساڵدا **٩٣** گەشتی ڕاستەوخۆ لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێرەوە بۆ ئەورووپا هەڵوەشێنراونەتەوە.

لەگەڵ دەستپێکی هێرشەکان لە مانگی ئەیلوولی **٢٠٢٣** چەند هێڵێکی ئاسمانی گەشتەکانیان بۆ هەولێر ڕاگرتووە، لەوانە «هێڵی ئاسمانیی لوفهانتزای ئەڵمانی، هێڵی ئاسمانیی یورینگ، هێڵی ئاسمانیی ئۆستریان، ئەم سێ هێڵە ئاسمانییە گەشتەکانیان لەگەڵ فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر بەشێوەیەکی کاتی ڕاگرتووە و، ئەگەر چ حاڵەتێکی نەخوازراو ڕوو نەداتەوە، ئەوا گەشتەکانیان دەست پێدەکەنەوە. هێڵی ئاسمانیی فیدیکس ئیماراتی کە هێڵی ئاسمانی کارگۆی لەگەڵ هەولێر هەبوو و هەفتانە **٢٠٠** تەن کەلوپەلی دەهێنا، ئەویش گەشتەکانی لەگەڵ هەولێر ڕاگرتووە، بەڵام خۆشبەختانە هێڵە ئاسمانییەکانی دیکە وەك «تورکیش ئیرلاین، بیکاسۆس، فلای دوبەی، قەتەرییە» ئەم هێڵە ئاسمانییانە گەشتەکانی خۆیان زیاد کردووە و قەرەبووی ئەو کەموکورتییانەیان پڕ کردووەتەوە کە لە گەشتەکاندا بە هۆی ڕاگرتنی هێڵە



ئاسمانییەکانی ئەوروپا دروست بووە. هەروەها هێڵی ئاسمانیی فلای ئەربیل ئەو خشتەیەی بەر هێڵە ئاسمانییەکانی ئەوروپا دەکەوت، ئێستا هێڵی ئاسمانیی فلای ئەربیل وەریان دەگرێت و ئەو تەنیا هێڵی ئاسمانییە کە بەبەردەوامی گەشتەکانی ئەنجام دەدات.

ئەوەی لە دوماهیدا دەمەوێت جەختی لێ بکەمەوە، ئەوەیە کە ئەو هێرش و دەستدرێژییانەی لەلایەن دەوڵەتی ئێران بە بیانووی بوونی بنکەی موسادی ئیسرائیلی دەکرێتە سەرماڵی سەرمایەدار و بازرگانی مەدەنی لە هەرێمی کوردستان و ئەو هێرشانەشی کە چەکدارە لە یاسا دەرچووەکانی عێراق بە بیانووی بە ئامانجگرتنی بنکەی هێزەکانی هاوپەیمانان دەیکەنە سەر فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر، هەموویان بیانووی بێ بنەمان، سەبارەت بە بیانووەکانی دەوڵەتی ئێران، ئێمە ئەو لیژنە هاوبەشەی حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستانمان بینی کە بۆ بەدواداچوونی ئەم کارەساتە سەردانی شوێنی ڕووداوەکەیان کرد و، گوێمان لە قاسم ئەعرەجی ڕاوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی عێراق بوو، کە ڕایگەیاند، ئەو شوێنە بێجگە لە ماڵێکی ئاسایی بۆ ژیانی مەدەنیی خێزانێك شتێکی دیکە نەبووە، هەروەها سەردانی لیژنەی پەرلەمانی عێراقیشمان بینی و ئەوانیش هەمان ڕاستییان دووبارە کردەوە، سەبارەت بە هێرشی فڕۆکە بێ فڕۆکەوانەکانی میلیشیا چەکدارەکانیش، ئەوانیش وەك ئێمە دیراسەتمان کردووە و بۆمان دەرکەوتووە، ئەوانیش بیانووەکەیان بێ بنەمایە و خۆشیان باش دەزانن کە هێرشەکانیان بۆ سەر بنکەی هاوپەیمانان بێ ئاکامە و ئامانج ناپێکێت، لەبەر ئەوەی بنکەی هاوپەیمانان چەکی بەرگریی ئاسمانیی پێشکەوتوویان هەیە و دەتوانن فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان و تەنانەت ڕۆکێتیش لە ئاسمان بتەقێننەوە.

بۆیە ئامانجی ڕاستەقینەی هێرشەکانی ئێران بە مووشەکی بالیستیکی بۆ سەر هاووڵاتییانی سڤیل بۆ پەکخستنی پرۆسەی پەرەپێدان و ئاوەداکردنەوە و پەکخستنی ژێر خانی کوردستانە، ئامانجی ڕاستەقینەی میلیشیا چەکدارەکانیش بۆ ئەوەیە هێڵە ئاسمانییەکان بترسن و گەشتەکانیان بۆ فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر ڕابگرن و، سەرەنجامیش فڕۆکەخانەی هەولێر ڕابوەستێت و بەمەش کوردستان لە جیهانی دەرەوە دابڕن و زیانێکی گەورەش بە ئابووری کوردستان بگەیەنن.

**وەک خۆشمان دیراسەتی هێرشی درۆنی میلیشیا لە یاسا دەرچووەکانمان کردووە، بۆمان دەرکەوتووە ئەو هێرشانە بە ڕێژەی ٨٠٪ بەئامانجگرتنی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێرە و بە ڕێژەی ٢٠٪ بەئامانجگرتنی بنکەی هێزەکانی هاوپەیمانانە**





**قەشە ئیشایا داود فیلیبس**

بەرپرسی کەنیسەی مارگۆرگیسی ڕۆژهەڵات لە هەولێر:

# لەم هێرشانەدا هاووڵاتی موسڵمان و کریستیان بوونە قوربانی، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە دوژمن جیاوازی لەنێوان ئایین و نەتەوەکان ناکات

قەشە ئیشایا داود فلیبس، بەرپرسی کەنیسەی مارگۆرگیسی ڕۆژهەڵاتە لە هەولێر، یەکێکە لە کەسایەتییە دیارەکانی هەولێر و کوردستان و، وەك هاووڵاتیەکی کوردستانی شانازییەکی گەورە بەو سەقامگیری و ئارامییەی کوردستانەوە دەکات کە بووەتە هەوێنی پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی نێوان ئایین و نەتەوە جیاوازەکان، بۆ گفتوگۆی ئەمجارە «بەئامانجگرتنی هەرێمی کوردستان و هۆکارەکانی»، بڕیار بوو لەناو گفتوگۆکە لەگەڵمان بەشدار بێت، بەڵام بە هۆی هەندێك کاروباری کەنیسەوە کە دەبوو وەك ئەرکێکی ئایینی پێوەی پابەند بێت، بە جیا قسەی بۆکردین و بەمجۆرە دیدوتێڕوانین و پێشنیار و ڕاسپاردەکانی خستە ڕوو.

لەدوای ئەو هێرشە مووشەکییەی کرایە سەر هەولێر و ماڵی بازرگان و سەرمایەدارێك (پێشڕەو دزەیی) کرایە ئامانج و لە ئاکامی ئەم هێرشە چەندین کەس شەهید بوون، کە لە ناویاندا ئافرەت و منداڵی ساوای تێدا بوو. قەداسەتی پاپا و سەرۆکایەتیی کەنیسەکانی «کلدانی – کاسۆلیکی» ئەو هێرشەی ئێرانیان بۆ سەر هەولێر سەرکۆنە و شەرمەزار کردووە، لەلای ئێمەش وەك کەنیسەی مارگۆرگیسی ڕۆژهەڵاتی ئاشوور لەلایەن قەداسەتی مارئاوا، دیسان ئەم هێرشانە سەرکۆنە و ڕیسوا کران و برووسکەی هاوخەمیمان بۆ بەڕێزان سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ناردووە.

ئێمە وەك کریستیان غەدر و دەستدرێژی لە هەر کوێیەك بکرێت و دەستدرێژی بکرێتە سەر هەر نەتەوەیەك لە دژی ڕادەوەستینەوە و شەرمەزاری دەکەین. لای ئێمە ئەوە ڕەتکراوەیە کە دەوڵەتێکی دراوسێ بەو جۆرە هێرش و دەستدرێژی بکاتە سەر وڵاتی دراوسێی خۆی. لە کتێبی پیرۆز هاتووە «چۆن خۆتت خۆش دەوێت، دەبێت دراوسێی خۆشت وا خۆش بووێت»، هەڵوێستی ئێمە وەك کریستیان لەسەر ئاستی عێراقیش دیارە کە بەردەوام دژی غەدر و توندوتیژی و دەستدرێژی بووین. هەمیشە لایەنی دەستدرێژیکارمان شەرمەزار و ڕیسوا کردووە و پشتگیرمان لە مەزڵووم و غەدرلێکراو کردووە.

ئێمە نازانین هۆکارەکەی چییە ئێران ماڵی سڤیلێك لە هەولێر بە مووشەك دەکاتە ئامانج و تیایدا چەندین کەس شەهید دەبن، کە یەکێك لە شەهیدەکان منداڵێکی ساوای تەمەن ١١ مانگە، بەڵام هیچ هۆکارێك نابێتە بیانوو بۆ لێدانی خەڵکی سڤیل، هەر بۆیە جارێکی دیکەش دووبارەی دەکەمەوە، ئێمە ئەو جۆرە هێرش و دەستدرێژییانە هەر دەوڵەت و لایەنێك بیکات، بەتایبەتیش کە ئەو هێرش دەستدرێژییانە بۆ سەر هەرێمی کوردستان و هەولێر بێت، بە توندی شەرمەزاری دەکەین و ئەوە بە کارێکی نامرۆڤانە و دژی مرۆڤایەتی لە قەڵەمی دەدەین. ئەم هەڵوێستەی ئێمە گشتگیرە، هەروەك چۆن پێشتریش سەرکۆنەی ئەو هێرشانەی تورکیاشمان کردووە کە گوندە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستانی بە ئامانج گرتووە و خەڵکانی سڤیل بوونە قوربانی.

دیمەنێکی دیکەی ئەم هێرش و دەستدرێژییانە ئەوەیە کە لەناو شەهیدەکانی ئەم ڕووداوەدا هاووڵاتیەکی کریستیانی هاوڕێی شەهید پێشڕەو دزەییشی تێدایە، ئەم دیمەنە پێمان دەڵێت: زوڵم و غەدر جیاوازی لەنێوان کەسەکان ناکات، ناپرسێت ئەو کەسە سەر بە چ نەتەوە و ئایین و ڕەنگێکە، غەدر و زوڵم هەموو ئایین و نەتەوەیەك بەیەك چاو سەیر دەکات و دەستدرێژی دەکاتە سەریان، ئێمە وەك ئایینی کریستیان مرۆڤین و هەر وەك مرۆڤیش سەیری پیڕەوانی ئایینەکانی دیکە دەکەین، بەتایبەتیش پیڕەوانی ئایینی ئیسلام و وەك خۆمان سەیری برا موسڵمانەکانیشمان دەکەین.

لە مێژووی پێکەوە ژیانی ئێمە لەسەر خاکی کوردستان، زۆر جار بینیومانە خوێنی کریستیان و موسڵمان و ئیزدی تێکەڵی یەکتری بووە، ڕژێمی بەعس کاتێك هێرشی دەکردە سەر گوند و شارەکانی کوردستان و بۆمبارانی دەکردن، نەیدەپرسی ئەوە مزگەوتە، یان کەنیسەیە، یان پەرستگا، بەڵکو هەموومانی وەك یەك سەیر دەکرد و مزگەوت و کەنیسە و پەرستگای پێکەوە کاول دەکرد، بۆیە دەبێت زۆر باش لەو ڕاستییە تێبگەین کە دوژمن جیاوازی لە نێوانمان ناکات و ئەوەی لەسەر ئەم خاکە بژی و ناسنامەی کوردستانی بێت، دوژمن بە ئامانجی دەگرێت.

لەلایەکی دیکەوە بە درێژایی مێژوو تەواوی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان بە ئاشتی و تەبایی پێکەوە ژیاون، ئەم کەلتوورە لەناو کوردستاندا ڕەگی داکوتیەوە و بە هێرش و دەستدرێژیی دوژمنان هەڵناگیرێت. سەیر بکەن چەند گوند هەتا ئێستاش لە کوردستان هەن، کە نیوەی موسڵمانە و نیوەی کریستیانە، گوندمان هەیە بە درێژایی مێژوو موسڵمان و کریستیان و ئێزدی پێکەوە ژیاون و پێکەوە کاریان کردووە و هەماهەنگی و هاریکاریی یەکتریان کردووە، لەمەش زیاتر پێشتر گوندمان هەبووە لە کوردستان موسڵمان و کریستیان و جوو پێکەوە ژیاون و هیچ کێشەیەکش لە نێوانیدا نەبووە، لە بەرانبەریشدا دوژمن هەر کاتێك مەبەستی

**ئێمە وەک کریستیان غەدر و دەستدرێژی لە هەر کوێیەک بکرێت و دەستدرێژی بکرێتە سەر هەر نەتەوەیەک لە دژی ڕادەوەستینەوە و شەرمەزاری دەکەین**

**سەرکۆنەی ئەو هێرشانەی تورکیاشمان کردووە کە گوندە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستانی بە ئامانج گرتووە و خەڵکانی سڤیل بوونە قوربانی**

**دوژمن جیاوازی لە نێوانمان ناکات و ئەوەی لەسەر ئەم خاکە بژی و ناسنامەی کوردستانی بێت، دوژمن بە ئامانجی دەگرێت**

**بە موسڵمان و کریستیان و ئێزدی لە پێناوی ئەم خاکە قوربانیمان داوە و خوێنمان بۆ ڕشتووە، ئێستاش بۆ پاراستنی هەرێمی کوردستان ئامادەی خەبات و قوربانیدان دەبین**



بوو بێت، هێرشمان بکاتە سەر، نەیپرسیوە تۆ چ ئایین، یان سەر بە چ نەتەوەیەکی، ئەم مێژووە دەبێت ئەو وانەیەمان فێر بکات، کە ئێمەش لە کوردستان بە جیاوازی نەتەوە و ئایینمانەوە، دوژمن وەك دوژمن و زاڵم سەیر بکەین و هەموو پێکەوە هێرش و دەستدرێژییەکانی شەڕمەزار و ڕیسوا بکەین و بەرپەرچی بدەینەوە، هەموو لایەکیشمان بە موسڵمان و کریستیان و ئیزدی لە پێناوی ئەم خاکە قوربانیمان داوە و خوێنمان بۆ ڕشتووە، ئێستاش بۆ پاراستنی هەرێمی کوردستان ئامادەی خەبات و قوربانیدان دەبین.

لە ئێستادا شێوازەکانی بەئامانجگرتنی کوردستان زۆرن، وەك دەبینین بە هێرشی مووشەکی بالیستیکی کوردستان بە ئامانج گیراوە، هێرشی درۆنی تورکیا و ئێران و میلیشیا لە یاسا دەرچووەکانی عێراق لەسەر هەولێر و کوردستان بەردەوامە و، ئەم هێرش و دەستدرێژییانە کاریگەریی زۆر خراپ و نەرێنیان لەسەر ڕەوشی سەقامگیری و ئابووریی کوردستان هەیە و، ترس و تۆقاندن لە کۆمەڵگە بڵاو دەکاتەوە، ئامانجیش لێی ئەوەیە کە خەڵك ناچار بێت، بیر لە کۆچکردن

**هێرشی درۆنی تورکیا و ئێران و میلیشیا لە یاسا دەرچووەکانی عێراق لەسەر هەولێر و کوردستان بەردەوامەو، ئەم هێرش و دەستدرێژییانە کاریگەریی زۆر خراپ و نەرێنیان لەسەر ڕەوشی سەقامگیری و ئابووریی کوردستان هەیە**

بکاتەوە و نیشتمانی خۆی جێبهێڵێت، لەمەش زیاتر شەڕی سیاسی و ئابووریش بە هەرێمی کوردستان دەفرۆشرێت و، هەموو ئەم هێرشانەش هۆکارەکەی ئەوەیە ئێمە لە ناومالّی خۆمان لە کوردستاندا یەکڕیز و یەکگرتوو نین و لە شێوازێکی پەرتەوازەییدایین، ئەمەش هۆکاری سەرەکیی ئەو غەدر و زوڵمانەیە کە دەرهەق بە کوردستان دەکرێن و جۆرێك لە دڵەڕاوکێی و بێزاری لە دەروونی هاووڵاتیاندا دروست کردووە.

لایەنێکی دیکەش کە لەم هێرش و دەستدرێژییانە تێبینی دەکرێت، ئەوەیە کە ڕاستە بە شێوەیەکی گشتی هەرێمی کوردستان بەئامانج گیراوە، بەڵام بە شێوەیەکی تایبەتی هەولێر وەك پایتەختی هەرێمی کوردستان بە ئامانج گیراوە، هۆکاری سەرەکییشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەولێر سەنتەری کونسوولخانەی دەوڵەتان و نوێنەرایەتیی نەتەوە یەکگرتووەکان و بازرگان و وەبەرهێنەران و کۆمپانیا بیانییەکانە، هەروەها هەموو دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان وەك پەرلەمان و حکومەت و دەسەڵاتی دادوەری لە هەولێرن، هەروەها لە ئێستادا هەولێر هەنگاوی زۆر باشی بەرەو پەرەپێدان و ئاوەدانکردنەوە



هەڵگرتووە، توانراوە ئاسایش و ئارامییەکی زۆر باش دابین بکرێت، کە ئەمەش وای کردووە دوژمنانی هەرێمی کوردستان چاویان بەم ئاوەدانی و بەرەوپێشچوون و سەقامگیرییەی کوردستان هەڵنەیەت و بیانەوێت ئەو پێشکەوتنانە ڕابگرن و سەنتەری هەموو ئەم پێشکەوتن و ئاوەدانی و سەقامگیری و ئارامییەش هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستانە، بۆیە بەردەوام بە چەندین شێواز هێرش و دەستدرێژی دەکرێتە سەر و ئامانج لێی ئەوەیە کوردستان بە شێوەیەك لاواز بکەن، تا دەگاتە ئەوەی قەوارە سیاسییەکەی نەهێڵن.

لە دوماهیدا دەمەوێت جەخت لەوە بکەمەوە، کە ئەم هێرش و دەستدرێژییانەی دەکرێنە سەر هەرێمی کوردستان، لەسەر ئێمەی کریستیان چ کاریگەرییەکیان هەبووە، پێش هەموو شت، ئەم هێرش و دەستدرێژییانە کاریگەریان لەسەر هەر هاووڵاتییەکی کوردستان هەبووە و جۆرێك لە ترسی بڵاو کردووەتەوە لە کۆمەڵگەدا، بۆ ئێمەی کریستانیش کە هەرێمی کوردستان تەنیا شوێنە لە ناوچەکە بتوانین بە ئازادی و ئارامی و دڵنیایی تێیدا بژین، ئەگەر ئەم سەقامگیری و ئارامییەی کوردستان تێك بچێت، ئەوا دەبێت لەم وڵاتە کۆچ بکەین. سەرنج بدەن، ئەوە دوو جارە ئێران بە مووشەکی بالیستیکی هێرش دەکاتە سەر ماڵی دوو بازرگان و سەرمایەداری کوردستان، کە یەکەمیان بەئامانجگرتنی ماڵی شێخ باز بوو، ئەوەی ئەمجارەش بە ئامانجگرتنی ماڵی شەهید پێشڕەو دزەیی بوو، ئەم دوو هێرشە کە تیایدا سەرمایەدار و بازرگانەکانی کوردستان بە ئامانج گیراون، وای کردووە ترس بکەوێتە سەر ژیانی بازرگان و سەرمایەدارەکانی ئەم وڵاتە، ئەمەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی بازرگان و وەبەرهێنەرانی دیکەی ناوخۆش هەست بە مەترسی بکەن و لەمەش زیاتر کۆمپانیا و بارزگان و سەرمایەداری بیانییش نەوێرن بێنە هەرێمی کوردستان و وەبەرهێنان بکەن، لە سەرووی هەمووشیانەوە ترس لەسەر ئەو پێکەوە ژیان و ئاشتەوایی برایانەی هەرێمی کوردستانیش دروست دەکات. بۆیە جارێکی دی دووبارەی دەکەمەوە و جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە، کە ئەگەر هەوڵ نەدەین یەکگرتوو بین، ناتوانین بەرپەرچی ئەم هەموو تەحەددییانە بدەینەوە.

**ئێمە لە ناو ماڵی خۆمان لە کوردستاندا یەکڕیز و یەکگرتوو نین و لە شێوازێکی پەرتەوازەییداین، ئەمەش هۆکاری سەرەکیی ئەو غەدر و زوڵمانەیە کە دەرهەق بە کوردستان دەکرێن**



## شڤان حەمدی

ئەندامی بازنەی گفتوگۆ:

# هەرێمی کوردستان لە زۆر لاوە بەئامانج گیراوە و مەبەستی سەرەکییش لەم بەئامانجگرتنە نەهێشتنی قەوارەی هەرێمی کوردستانە

**شڤان حەمدی ئەندامی بازنەی گفتوگۆ و ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە و بەرپرسی ئاژانسی هەواڵی زاگرۆسە، لە گفتوگۆی ئەم جارە (بەئامانجگرتنی هەرێمی کوردستان و هۆکارەکانی) بەم جۆرە بیر و بۆچوون و پێشنیارەکانی خۆی خستە ڕوو.**

قسەکردن لەسەر ناونیشانێکی وەك (بە ئامانجگرتنی هەرێمی کوردستان و هۆکارەکانی) زۆر فراوان و زۆر جێگەی بایەخە و قسەوباسێکی زۆر ڕاشکاوانە هەڵدەگرێت و، خاترگرتنی هیچ لایەك قبوڵ ناکات، لە بازنەی گفتوگۆشدا داواکاریی سەرەکیمان لە بەشداربووانی گفتوگۆکانمان ئەوە بووە، کە لەسەر هەر پرسێك گفتوگۆ دەکەین، با ڕاستییەکان وەك خۆیان بڵێین و خاترمان نەگرن.

لە دەستپێکدا کە سەرنجێکی خێرا لەسەر ئەم تایتڵە دەدەین (بە ئامانجگرتنی هەرێمی کوردستان وهۆکارەکانی) یەکسەر چاو و بیرمان دەچێتە سەر ئەو هێرش و دەستدرێژییانەی سوپای پاسدارانی ئێران کە بە مووشەکی بالیستیکی لە ناوەڕاستی مانگی ڕابردوو کردیانە سەر ماڵی شەهید پێشڕەو دزەیی و، لە ئاکامی ئەم هێرشە تیرۆریستییەدا چەندین هاووڵاتی سڤیل شەهید بوون، کە لە ناویاندا هاووڵاتییەکی کریستیان و ژن و منداڵی ساوای تەمەن ١١ مانگیشی تێدا بوو، کە ئەویش شەهید ژینا بوو.

ئەم هێرش و دەستدرێژییەی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە دەکەوێتە چوارچێوەی «تیرۆری ڕێکخراوی دەوڵەتی»یەوە و ترس و تۆقاندنێکی گەورەی بە شێوەیەکی گشتی دروست کردووە و جێگەی داخە ئەم ترس و تۆقاندنە داکشاوە بۆ خوارەوە هەتا منداڵانی باخچەی ساوایانی گرتووەتەوە و هەر کەسێك ویژدانێکی زیندووی هەبووە و هەبێت، ئەم کارە تیرۆریستەی سەرکۆنە و ڕیسوا کردووە و دەبێت زیاتریش سەرکۆنە و ڕیسوا بکرێت.

بەڵام بە تێڕوانینی من، هەرێمی کوردستان لە زۆر لاوە بەئامانج گیراوە و مەبەستی سەرەکییش لەم بەئامانجگرتنە نەهێشتنی هەرێمی کوردستانە.

پار (٢٠٢٣) بازنەی گفتوگۆ ١٢ گفتوگۆی هەمەچەشنی ئەنجام دا، ناوەڕۆکی هەریەك لەو گفتوگۆیانە بەئامانجگرتنی شێوازێکی جیاوازی بەئامانجگرتنی کوردستان بووە و هۆکاری هەرە

سەرەکییش بۆ هەموو ئەم بەئامانجگرتنانە بە پلەی یەکەم نەبوونی یەکریزی و مامەڵەی حزبییانەی حزبە سیاسییەکان بووە لەگەڵ پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان و پرۆسەی حوکمرانی لە کوردستاندا، ئەم پاشاگەردانییەی لە ناو پرۆسەی سیاسی و حوکمرانیی کوردستاندا هەیە، لەلایەك دۆستەکانمانی نیگەران کردووە، لەلایەکی دیکەش زەمینەیەکی زۆر لەباری دروست کردووە، بۆ ئەوەی نەیار و دوژمنەکانمان هیچ حیسابێك بۆ ئیرادەی یەکگرتووی گەلی کوردستان و ئەو پێکەوە ژیانە ئاشتییانەی نێوان نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان نەکەن.

کەواتە ئەگەر بمانەوێت هەنگاوێکی دروست، یان میکانیزمێك و ڕاسپاردەیەکی ماقووڵ بۆ ئەم بارودۆخە ئاڵۆز و هەستیارەی ئێستای کوردستان پێشکەش بکەین، بەڕاستی وەك برادەرانیش پێش من ئاماژەیان پێ کرد، لێرەدا وەك پرسیارێك ئاراستەی تێکڕای حزبەکانی کوردستانی دەکەم و دەپرسم: ئایا حزبەکانی کوردستان بەشی ئەوە ئامادەباشییان تێدایە بەخۆدا بچنەوە و لە بەر خاتری بەرژەوەندیی باڵای گەلی کوردستان و شکۆی قەوارەی هەرێمی کوردستان واز لە سیاسەتی حزبایەتیی تەسك بهێنن و تەبایی و یەکریزی دروست بکەنەوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێت حزبە سیاسییەکان بیدەنەوە، بەڵام ئەوەیان بەبیر دێنینەوە کە بارودۆخی ئێستای کوردستان لە هەموو ڕوویەکەوە و لەسەر هەموو ئاستەکانی (ئابووری، سەربازی، تا ڕادەیەك پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و ڕێکخستنەوەی زیاتری ژێرخانی پیشەسازی و کشتوکاڵی و گەشتیاری)، زۆر لە بارودۆخی ساڵی ٢٠١٤ باشترە کە لە یەك کاتدا ڕووبەڕووی دوو شەڕی زۆر سەخت بووینەوە، کە پێشتر خۆمان بۆ ئامادە نەکردبوو کە بریتی بوون لە:

١- شەڕی ئابووری، بڕینی پشکی هەرێمی کوردستان لە بوجەی عێراق بە ڕێژەی ١٠٠٪.

٢- سەرهەڵدانی تیرۆریستانی داعش و ڕاگەیاندنی خەلافەتی ئیسلامی لە عێراق و سووریا و، پاشان هێرشکردنە سەر کوردستان و هاتنی نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارە و پەنابەر لە پارێزگاکانی عێراق و سووریاوە بۆ هەرێمی کوردستان.

لە ناو ئەم بارودۆخە سەختە و لە ناو ئەم دوو شەڕە قورسەدا (شەڕی ئابووری و شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش)، کە دەتوانم بڵێم نەك تەنیا گەلی کوردستان، بەڵکو تەواوی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە بارودۆخی وا سەختی بە خۆیەوە نەبینیبوو، بەڵام ئەو بارودۆخە سەختەی کە تەواوی سەرکردەکانی جیهان لە ئاستیدا دەستەوەستان بوون کە بڕیاری لەسەر بدەن، لەسەر دەستی سەرۆك بارزانی و قارەمانییەتیی پێشمەرگە ئەفسانەی تیرۆریستانی داعش پووچەڵ کرایەوە و لەمەش زیاتر لە سەر داوای سەرۆك بارزانی بۆ یەکەمین جار لە مێژووی گەلی کوردستاندا پەرلەمانی کوردستان بڕیاری دا، هێزی پێشمەرگە بنێرێت بۆ کۆبانێ و لەسەر لێواری کەوتن ڕزگاری بکات و، هۆکاری هەموو ئەم سەرکەوتنە مێژووییانە و سەرکەوتن بەسەر بارودۆخە سەختەکاندا ئەوە بوو کە پرۆسەی سیاسی لە کوردستان یەکگرتوو بوو و پەرتەوازە نەبوو، تا ئاستێکی باش لێکتێگەیشتن لە نێوان لایەنە سیاسییەکاندا دروست ببوو، ئەم پاشاگەردانییەی ئێستا نەبوو، ئەم فاکتەری تەبایی و یەکریزییە تەنیا ئیرادەی هێزی پێشمەرگەی بەسەر تیرۆریستانی داعش پیشان نەدا، بەڵکو ئەو ئیرادەیە بووە ئەو شکۆیە بۆ هەرێمی کوردستان کە بۆ یەکەمین جار بوو لە مێژووی کوردستان فرانسۆ هۆلاند سەرۆکی فەرەنسای ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر دابەزێت و هاوشانی سەرۆك بارزانی لەگەڵ سروودی ئەی ڕەقیب سڵاو لە ئاڵای کوردستان بکات.

لێرەوە قسەکانی خۆم بەوە کۆتایی پێ دەهێنم، کە هەنگاوی یەکەم بۆ ڕەواندنەوەی ئەو هۆکارانەی کوردستانیان بە ئامانج گرتووە، بە پلەی یەکەم و وەك هۆکاری سەرەکی ئەو پاشاگەردانییەی ناو پرۆسەی سیاسیی کوردستانە کە حزبە سیاسییەکان دروستیان کردووە، هەر ئەم پاشاگەردانییەش زەمینەی بۆ هۆکارەکانی دیکە خۆش کردووە، بۆ ئەوەی کوردستان بە ئامانج بگرن، ئەگەر هۆکاری یەکەممان چارەسەر کرد، بە دڵنیاییەوە هۆکارەکانی دیکە دەسڕینەوە و دوژمن و نەیارانی ئێستامان چەندە بەهێز بن، لە تیرۆریستانی داعش بەهێزتر نابن، ئیرادەی گەلی کوردستانیش لە ناو تەبایی و یەکریزیی حزبە سیاسییەکاندایە وەك لە ڕاپەڕین و تێکشاندنی تیرۆریستانی داعشدا بینیمان، هەموو کات بۆ پاراستنی خاك و نیشتمان لە ئاستێکدایە کە دوژمن شۆك دەکات و جیهان سەرسام دەکات.

**ئەم هێرش و دەستدرێژییەی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە دەکەوێتە چوارچێوەی «تیرۆری ڕێکخراوی دەوڵەتی»یەوە و ترس و تۆقاندنێکی گەورەی بە شێوەیەکی گشتی دروست کردووە و جێگەی داخە ئەم ترس و تۆقاندنە داکشاوە بۆ خوارەوە هەتا منداڵانی باخچەی ساوایانی گرتووەتەوە**

**بۆ یەکەمین جار بوو لە مێژووی کوردستان فرانسۆ هۆلاند سەرۆکی فەرەنسای ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر دابەزێت و هاوشانی سەرۆك بارزانی لەگەڵ سروودی ئەی ڕەقیب سڵاو لە ئاڵای کوردستان بکات**

**ئیرادەی گەلی کوردستان لە ناو تەبایی و یەکریزی حزبە سیاسییەکاندایە وەک لە ڕاپەڕین و تیکشاندنی تیرۆریستانی داعشدا بینیمان، هەموو کات بۆ پاراستنی خاک و نیشتمان لە ئاستێکدایە کە دوژمن شۆک و جیهان سەرسام دەکات**



**پ.د. نەزاکەت حوسێن**

**ئەندامی بازنەی گفتوگۆ:**

# هێرشی ئەم دواییەی ئێران سایکۆلۆژییەتی منداڵانی بەگشتی تێک دابوو

**پ.د.نەزاکەت حسێن، جیا لەوەی ئەندامی بازنەی گفتوگۆ و ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە، لە هەمان کاتدا مامۆستایە لە زانکۆی سلێمانی و پسپۆڕە لە بواری ڕاگەیاندن، لە گفتوگۆی ئەم جارە (بەئامانجگرتنی هەرێمی کوردستان و هۆکارەکانی) بەم جۆرە دید و تێڕوانین و پێشنیارەکانی خۆی خستە ڕوو:**

ئەو هێرش و دەستدرێژییانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەیکاتە سەر هەرێمی کوردستان، کە دوایین هێرشیان بە مووشەکی بالیستیکی بوو و ماڵی سەرمایەدار و بازرگانێکی بە ناوی شەهید (پێشڕەو دزەیی) بە ئامانج گرت و، لە ئاکامیشدا چەندین هاووڵاتی سڤیل شەهید بوون، کە لە ناویاندا ئافرەت و ژینای تەمەن ١١ مانگیشی تێدا بوو، بە پلەی یەکەم بە ئامانجگرتنی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستانە، نەك وەك خۆی بانگەشەی بۆ دەکات، بوونی هێزەکانی ئەمریکا، یان بوونی بنکەی مۆسادی ئیسرائیلی بێت لە هەولێر، ئەو بیانووانەی ئێران بۆ بەئامانجگرتنی هەرێمی کوردستان، نە هیچ بنەمایەکیان هەیە و نە هیچ دەوڵەتێکیش بە دەوڵەتی عێراقیەوە بڕوایان پێ دەکات.

بۆیە بە ئامانجگرتنی هەرێمی کوردستان لەلایەن ئێرانەوە بە ئامانجگرتنێکی فرە ڕەهەندە، لێرەدا ئاماژەیان پێ دەکەم:

- ئامانجی ئەم هێرشانە تێکدانی ئەو ژینگە سەقامگیر و ئارامەیە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان چەندین ساڵە لە هەرێمدا دابینی کردووە، ئێران دەیەوێت ئەو سەقامگیری و ئارامییە تێك بدات و پرۆسەی پەرەپێدان لە کوردستان ڕابگرێت.
- ئامانجی ئەم هێرشانە ڕووخاندنی ژێرخانی ئابوریی کوردستان و لەبەریەك هەڵوەشانی سەرچاوە ئابوورییەکانی کوردستانە، ئێران دەیەوێت ژینگەیەکی نائارامی ئەوتۆ دروست بکات، کە هیچ سەرمایەدارێك نەتوانێت لە کوردستاندا وەبەرهێنان بکات و، دەیەوێت ئاسمانی هەرێم بکاتە مەترسی بۆ ئەوەی کەس نەتوانێت

گەشت بکات و سەردانی کوردستان بکات.

• ئامانجی ئەم هێرشانە بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندنە بۆ ئەوەی باری دەروونی و سایکۆلۆژیی خەڵك تێك بچێت. هێرشی ئەم دواییەی ئێران سایکۆلۆژیەتی منداڵانی باخچەی ساوایانیشی تێك دابوو.

• ئامانجی ئەم هێرشانە تێکدانی سەقامگیریی کۆمەڵگە و ئاشتیی کۆمەڵایەتیی هەرێمی کوردستانیشە، لەبەر ئەوەی کاتێك ترس و تۆقاندن لە کۆمەڵگەدا بڵاو دەبێتەوە، سەقامگیریی کۆمەڵگە دەکەوێتە مەترسییەوە و شتێك بەناوی ئاشتیی کۆمەڵایەتی نامێنێت.

لە ناو ئەو کۆمەڵە ئامانجەی هێرشەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران وەك پەیام پێمان دەڵێت، ئەوا ئەو پەیامانە و ئەم هێرشانە لە چوارچێوەی کارێکی (تیرۆریستی فرەرەهەند) دا پێناسە دەکات، لەبەر ئەوەی کوشتن و شەهیدکردنی هاووڵاتیانی سڤیل و ژن و ساوای بێتاوان، ئەمە خۆی پێناسەی تیرۆر دەکات، لە هەمان کاتدا دەبێتە پێناسەی تیرۆری سیاسییش کە دەیەوێت ناسنامەی نەتەوەیەك و پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان کاول بکات.

کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە هەتا ئێستا، هەر هەوڵێکی دابێت بۆ ئەنجامدانی کاری هێرش و دەستدرێژی بۆ سەر وڵات و لایەنێکی دیاریکراو، ئەوا پێشتر بەرگێکی بۆ داپۆشینی ئەو کارەی دروست کردووە و، ئەو بەرگانەشی دروستی دەکات، زیاتر بەرگی ئایینییە بۆ ئەوەی سەرنجی لایەنگر و هاوپەیمانەکانی خۆی پێ ڕابکێشت و ئامانجە ڕاستەقینەکەی خۆی پێ پەردەپۆش بکات، ئەو بەرگەی کە پێشتر حازری کردبوو بۆ هەر دوو هێرشە بالیستیکییەکەی ئەمساڵ و ساڵی پاری سەر هاووڵاتیانی سڤیل لە هەولێر، بەرگی بوونی بنکەی موسادی ئیسرائیلی بوو لەو ماڵانەدا، ئەم بەرگە وەك پەردەیەکی ڕەش لەلایەن دەوڵەتی عێراقەوە هەڵماڵدرا و سەلمێندرا، تەنیا ماڵێکی سڤیلی ئاسایی بووە. پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئێران بۆ دەیەوێت ئەم بەرگە بکات بە بەری هەرێمی کوردستاندا، لەکاتیکدا کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان بە ڕێژەیەکی زۆر بەرز کۆمەڵگەیەکی موسڵمانە و، کۆمەڵگەیەکە بڕوای بە دراوسێیەتیی باش و پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان هەیە، ئەمیش چۆن لەسەر ئاستی ناوخۆی هەرێم هەیە، ئومێدی ئەوەیە لەسەر ئاستی تەواوی ناوچەکە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش هەبێت.

لەگەڵ هەموو ئەو ئامانج و دەرهاویشتە نەرێنییانەی ئەم هێرش و دەستدرێژییانە لە هەرێمی کوردستان دروستی کردووە، بەڵام وەك پسپۆڕێك لە بواری میدیا و مارکیتنیگی میدیا، ئەوا دەتوانین ئێمەش سوودی فرەڕەهەند لەم هێرش و دەستدرێژییانە وەربگرین و دەکرێت لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی مارکیتنگ بۆ ئەم ڕووداوە نامرۆڤایەتییە بکرێت و، پیشانی بدەین کە کۆمارێك کە ناوی کۆماری ئیسلامییە بە ڕۆکێتی بالیستیکی منداڵێکی تەمەن ١١ مانگی بێتاوان شەهید دەکات، ئینگلیز دەڵێت «وێنەیەك لەبری هەزار وشە»، من دڵنیام وێنەی شەهید ژینای ١١ مانگ کە لە ناو ئاگری ڕۆکێتە بالیستیکییەکانی کۆماری ئیسلامیدا بوو بە خەڵووز، لە هەزار کتێب کاریگەرترە لەسەر ویژدانی مرۆڤایەتی و ویژادانی مرۆڤایەتی لەسەر ئەم وێنەیە دەهەژێت و ئەو هێرش و دەستدرێژییانە ڕیسوا دەکات و سۆزێکی گەورەی پشتیوانی بۆ هەرێمی کوردستان دروست دەکات.

گرفتی گەورەی هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە دەوڵەتێکی سەربەخۆ نییە، گرفتی لەمە گەورەتریش ئەوەیە پارچەیەکە لە دەوڵەتێك بە ناوی عێراق و ئەم دەوڵەتەش ناتوانێت سەروەریی خۆی بپارێزێت، بۆیە لەم بارودۆخەدا هەرێمی کوردستان بێجگە لە دروستکردنی ڕای گشتی لە ڕێگەی میدیا و سۆشیال میدیاوە، کارتێکی دیکەی لەبەردەستدا نییە، بۆیە زۆر گرنگە ئەم پرسە مارکتێنگی گەورەی لەسەر ئاستی میدیا و سۆشیال میدیا بۆ بکەین، زۆر گرنگە تەنیا بە زمانی کوردی نەبێت و زمانەکانی دیکەش بگرێتەوە، بەتایبەتی زمانی ئەو دەوڵەتەی ئەو دەستدرێژییانە دەکات، بۆ ئەوەی میللەتەکەی بزانێت، چ دەسەڵاتێك حوکمڕانییان دەکات.

**ئامانجی ئەم هێرشانە تێکدانی ئەو ژینگە سەقامگیر و ئارامەیە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان چەندین ساڵە لە هەرێمدا دابینی کردووە**

**ئێران دەیەوێت ژینگەیەکی نائارامی ئەوتۆ دروست بکات، کە هیچ سەرمایەدارێک نەتوانێت لە کوردستاندا وەبەرهێنان بکات**

**وێنەی شەهید ژینای ١١ مانگ کە لە ناو ئاگری ڕۆکێتە بالیستیکییەکانی کۆماری ئیسلامیدا بوو بە خەڵووز، لە هەزار کتێب کاریگەرترە لەسەر ویژدانی مرۆڤایەتی و ویژدانی مرۆڤایەتی لەسەر ئەم وێنەیە دەهەژێت**



## د.جەلال ئەحمەد

**ئەندامی بازنەی گفتوگۆ:**

# عێراق دەوڵەتێکی شکستخواردووە، لەبەر ئەوەی هەیبەتی ناوخۆیی و دەرەکیی لە دەست داوە

**د.جەلال ئەحمەد، ئەندامی بازنەی گفتوگۆ و بەڕێوەبەری بنکەی توێژینەوەی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە و پسپۆڕە لە کۆمەڵناسی و مامۆستای زانکۆی سەلاحەدین- هەولێریشە، لە گفتوگۆی ئەم جارە )بەئامانجگرتنی هەرێمی کوردستان و هۆکارەکانی( بەم جۆرە بیروبۆچوون و تێڕوانین و پێشنیارەکانی خۆی خستە ڕوو.**

بۆ دەربڕینی ڕا و سەرنجەکانم سەبارەت بە هێرش و بەئامانجگرتنی هەرێمی کوردستان لە لایەن ئێران و تورکیاوە، دەچمە لای ئەو پێودانگانە (نعۆم چۆمسکی) لە کتێبی (دەوڵەتە شکستخواردووەکان، خراپ بەکارهێنانی و هێز و دەستدرێژیکردنە سەر دیموکراسی)دا دیاری کردوون بۆ هەژمارکردنی هەر دەوڵەتێک بە شکستخواردوو.

لەو کتێبەدا چۆمسکی دەڵێت: «دەوڵەتێک کە نەتوانێ ئاسایشی پێویست بۆ هاوولاتیانی دابین بکات، مافەکانیان لە ناوخۆ و دەرەوەدا نەپارێزێت، نەبووبێتە قەڵغان بۆ دامەزراوە دیموکراسییە فەرمی و نافەرمییەکانی، پێشێلی یاسا و پەیماننامە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان بکات لەپێناو بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانیدا، دەست بخاتە نێو کاروباری ولاتانی دیکەوە لەو پێناوەدا، دەوڵەتێکی شکستخواردووە».

ڕەنگە بەر لە باسکردنی شکستخواردوویی ئێران و تورکیا، باشتر بێت بپرژێمە سەر ورووژاندنی ئەو پرسیارەی ئەرێ لە بەرچی عێراق دەوڵەتێکی شکستخواردووە؟ یا ڕەنگە دروستتر بێت، ئەگەر بڵێم، شکستخواردوویی ئێران و تورکیا لە ڕووی ئەو هێرش و دەستدرێژییانەی دەیکەنە سەر سەروەریی عێراق و هەرێم، بەتایبەتی هۆکارەکەی شکستخواردوویی خودی عێراقە وەك دەوڵەت «لەبەر ئەوەی نە توانیویەتی ولاتێکی ئارام و سەقامگیر بێت بۆ هاوولاتیانی، نە وەك پێویست داکۆکی لە مافەکانیان کردووە و بگرە خۆی مافەکانیان پێشێل دەکات، تەنانەت هێزیشی بەرانبەر بەشێك لە پێکهاتەکانی بەکارهێناوە»، ئەوە باسی داکۆکیکردن لە دیموکراسی هەر مەکە. هەر بەپێی ئەو تایبەتمەندییانەش، کە گۆرنار مایرداڵ لە کتێبی (دەوڵەتی نەرم – Soft State)دا دیاری کردوون، عێراق دەوڵەتێکی شکستخواردووە، لەبەر ئەوەی کە:

١- هەیبەتی ناوخۆیی و دەرەکی لە دەست داوە.

٢- سیستمی یاسایی پێشکەوتووە، بەڵام بە زۆری دەرهەق بەوانەی لە شەڕدان دژ بە گەندەڵی، ئەوانەی داوای مافەکانیان دەکەن، ئەو دزانەی سەر بە چینە

چەوساوەکانن بەکاریان دەهێنێت، عێراق ڕێز لە بنەما دەستووری و یاساییەکانی ناگرێت، بەتایبەت لەو پرسانەی تایبەتن بە هەرێم و خەڵکەکەی.

٣- دامەزراوە حکوومییەکانی زیاد لە پێویستین و بۆ بەخشینی ڕۆڵ بە کەسانێکن دروست کراون، بێ ئەوەی ڕۆڵێکی ئەوتۆیان هەبێت.

٤- نوخبە سیاسییەکەی گەندەڵە و تەنیا لە خەمی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیدایە.

٥- نەبوونی دادی کۆمەڵایەتی بووەتە هۆی زۆربوونی هەژاری و دواکەوتوویی.

٦- گەندەڵی و قاچاغی و تاڵانکردنی سامانی گشتی و باجی گومرگی سنووریان بەزاندووە.

٧- پاشکۆی وڵاتانی دەرەکی و بەتایبەتی پاشکۆی ئێرانە و دەسەڵاتی بەسەر بڕیار و ڕەوشی ناوخۆییدا نییە.

٨- بەرژەوەندییەکانی نوخبەی سیاسی بە دامەزراوەکانی دەوڵەتەوە گرێ دراوە.

٩- ڕیزەکانی گەل دابەش بووە بەسەر بەرەی دژ بە یەکدا.

١٠- بنیادی پەروەردە و فێرکردن لە قوتابخانە و زانکۆکاندا هەرەسیان هێناوە.

١١- سیاسەتی چەوساندنەوەی سیاسی پیادە دەکات.

١٢- دەوڵەتێکە لایەنگریی دەوڵەمەندەکان و سیاسەتی برسیکردنی زیاتری هەژاران پیادە دەکات.

١٣- ڕێز لە ماف و کەرامەتی هاووڵاتیانی ناگرێت.

١٤- شەفافیەتی نییە و بەرژەوەندی و سامانی گشتی و تایبەتی تێکەڵ بە یەکتری کردوون.

کەواتە هۆکاری سەرەکیی ئەو بەئامانجگرتنانەی هەرێم لە لایەن وڵاتانی ئیقلیمییەوە، بەر لە هەموو شتێك عێراقە کە نەیویستووە و نەیتوانی دوای ڕوخانی ڕژێم قۆناغێکی نوێ و جیاواز دەست پێ بکات، بەشێك لە هێزە خاوەن نفووزەکان لە ساحە سیاسییەکەیدا بە ئەندازەیەکی زۆر لەژێر کاریگەریی ئەجێندای ئێراندان، باوەڕیشیان بە دیموکراسی نییە و دەستیان نەداوەتە پڕۆژەیەکی نیشتمانی و خۆماڵی بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی و چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراسی و دروستکردنی وڵاتێکی فیدڕاڵی بە فیعلی، خراپتریش لە جاران پیادەی سیاسەتی شۆڤێنییانە دەکەن بەرانبەر بە کورد و پێکهاتەکانی دیکە، نەشیتوانیوە سنوورێك بۆ تەڕاتێنی دەزگاکای موخابەراتی وڵاتان و تەسفیەی حیساباتی پێشووی بەشێکیان دابنێت، بۆیەش کەمتەرخەم و بێباکە لە ئاست پاراستنی سەروەرییەکەیدا، ئێمەش وەك هەرێم و هێزە باڵادەستەکان تیایدا لەبەر ململانێ و پەرتەوازەیی ناوخۆیی و بەهەدەردانی توانا ماددی مەعنەوییەکانمان و پیادەکردنی سیاسەتی بەڕێکردنی ڕۆژگار، هاوکات بوونی بەشێکی زۆر لەو تایبەتمەندییانەی حوکمڕانیی شکستخواردوو کە لە سەرەوە باسم کردن، بەو حاڵەوە ناتوانین بەر بەو پێشهات و ڕووداو و سیناریۆکانی ئێستا و داهاتووش بگرین.

شکستخواردوویی ئێران و تورکیاش لەم بارەیەوە لەوەدایە، کە لەبری دیالۆگ و دداننان بە مافی کوردان و چارەسەرکردنی پرسی کورد، فەزایەکی وەهایان نەڕەخساندووە تا هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان لە ناوخۆی ئەو وڵاتانەدا خەبات بۆ مافەکانیان بکەن، لە لایەکی دیکەوە لە سەرووی هەموو عورف و ڕێساکانی مافی مرۆڤەوە، پیادەی بەکارهێنانی هێز دەکەن، بێ ئەوەی ڕەچاوی کات و شوێنی بەکارهێنانەکەی بکەن. چەندین جار لە هێرشەکانیان بۆ سەر ئەو هێزانە، هاووڵاتیانی مەدەنیی هەرێم بوونەتە ئامانج و قوربانی، با لەوەش گەڕێین، لە دواهەمین هێرشی ئێراندا بۆ سەر شاری هەولێر و ماڵی پێشڕەو دزەیی، ئەو پرسیارە دەورووژێ: ئەرێ بەڕاست ئایا ئامانج خودی پێشڕەو دزەیی بوو؟ ئەگەر ئامانجەکە هەر ئەو بووە، خۆ ئەو بەردەوام هەر لە هەولێر نەبووە! ئەی چۆن توانی سەرکردەکانی دیموکرات (قاسملوو و شەرەفکەندی) لە ناو جەرگەی ئەوروپا تیرۆر بکات، کەواتە ئامانجەکە خودی شەهید پێشڕەو و هاوڕێ بازرگانەکەی نەبوو، بەڵکو پەیامێکی ترسنۆکانە بوو لە بەرگی پێت دەوەستم ڕاناوەستم، ئەو هێرشە لە سەرووی هەموو عورفێکیشەوە بوو، تەنانەت پڵنگ و شێرێکی دڕندەش دوای ڕاوکردنی نێچیرێك، کە دەبینن بەچکەی لە سکدایە، پەشیمانی بە ڕوخسار و ڕەفتارییانەوە دیارە و برسێتیان قووت دەدەنەوە و، لە جیاتی پڕکردنی ورگی برسییان بە گۆشتی نێچیرەکە دڵنەوایی بەچکەکە دەدەنەوە و یاری لەگەڵدا دەکەن، ڕەنگە گلەیی لە ئاژەڵێك نەکرێت بەو پێیەی سرووشتی وایە و دەرك بەوە ناکات، نێچیرەکەی لە چ بارێکدایە پێش ئەوەی ڕاوی بکات، بەڵام خۆ ئێران پێشی هێرشەکەش دەیزانی ئەوێ شوێنی نیشتەجێبوونی خێزان و کەسانێکی مەدەنییە و دەیانەوێ بخەون، خەوێکی کاتی، نەك یەکجارەکی! بەداخەوە تەنانەت دوای ڕووداوەکەش نموونەی هەڵوێستێکی وەهامان لە ئێران نەبینی و لە جیاتی پۆزش هێنانەوە، نامەردانە کەوتە وێزەی قوربانیان و ناوزڕاندنیان لەڕێی میدیاوە، ئەم ناوچە پڕ لە ئالنگارییە تا دۆخی دەوڵەتی قووڵ (Deep state) (عەسکەری و ئەمنی) و باڵادەستی فەوزای میلیشایی تێنەپەڕێنێت، دەسەڵات و فەزایەکی دیموکراسی بەخۆیەوە نابینێت.

هۆکاری سەرەکیی ئەو بەئامانجگرتنانەی هەرێم لە لایەن وڵاتانی ئیقلیمییەوە، بەر لە هەموو شتێك عێراقە کە نەیویستووە و نەیتوانی دوای ڕوخانی ڕژێم قۆناغێکی نوێ و جیاواز دەست پێ بکات

تەنانەت پڵنگ و شێرێکی دڕندەش دوای ڕاوکردنی نێچیرێك، کە دەبینن بەچکەی لە سکدایە، پەشیمانی بە ڕوخسار و ڕەفتارییانەوە دیارە و برسێتیان قووت دەدەنەوە

ڕەنگە گلەیی لە ئاژەڵێك نەکرێت بەو پێیەی سرووشتی وایە و دەرك بەوە ناکات، نێچیرەکەی لە چ بارێکدایە پێش ئەوەی ڕاوی بکات، بەڵام خۆ ئێران پێشی هێرشەکەش دەیزانی ئەوێ شوێنی نیشتەجێبوونی خێزان و کەسانێکی مەدەنییە و دەیانەوێ بخەون، خەوێکی کاتی، نەک یەکجارەکی



**فەرهاد محەمەد**

**ئەندامی بازنەی گفتوگۆ:**

# چاوەڕێی وەرچەرخانی گەورە لە ناوچەکە دەکرێت و ئەگەر یەکگرتوو بین، سوودی لێ وەردەگرین

**فەرهاد محەمەد ئەندامی بازنەی گفتوگۆ و ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە و سەرنووسەری گۆڤاری گوڵانیشە، لە گفتوگۆی ئەمجارە (بەئامانجگرتنی هەرێمی کوردستان و هۆکارەکانی) بەم جۆرە دید و تێڕوانینەکانی خۆی خستە ڕوو.**

ڕەوتی مێژوو هەمووکات بەرەو ئەو ئاراستەیە ڕۆیشتووە کە شەڕ و ئاڵۆزییە گەورەکان، وەرچەرخانی گەورە بەدوای خۆیدا دەهێنێت، دەوڵەتانی سەرکێش کە زیاد لە قەوارەی خۆیان هەنگاو هەڵدەگرن، سنووریان بۆ دادەنرێت.

لە ڕۆژی ١٥ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٤ کە بەشێکی زۆری سەرۆك و سەرۆك حکومەت و بڕیارسازانی جیهان لە کۆڕبەندی ئابوریی جیهانی- داڤۆس ئامادە بوون، بۆ ئەوەی لە ماوەی چوار ڕۆژ و زیاتر لە ٢٠٠ پەنێڵی گوتار و گفتوگۆدا نەخشەی دووبارە بونیادنانەوەی متمانە لەم جیهانە شڵەژاو و ئاڵۆز و ناسەقامگیرەدا دووبارە دابڕێژنەوە، سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە ڕۆکێتی بالیستیکی هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی پاکستانی مووشەکباران کرد، ئەم هێرشانەی ئێران تەواوی کۆڕبەندەکەی شۆك کرد و تەنانەت ئەو دیدارەشی بۆ وەزیری دەرەوەی ئێران دانرابوو، کە قسە لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکات، دیدارەکە بوو بە باسی ئەو هێرش و دەستدرێژییانەی سوپای پاسداران بە مووشەکی بالیستیکی کردبوویە سەر هەرێمی کوردستان و پاکستان، وەڵامی وەزیری دەرەوەی ئێران هێندە دوور بوو لە عورفی دیپلۆماتی، فەرید زەکەریا کە دیدارەکەی بەڕێوە دەبرد، زۆر ڕاشکاوانە بە وەزیری دەرەوەی ئێرانی گوت: «ئەم وەڵامانەی تۆ بۆ پاساو هێنانەوە بۆ ئەو هێرشە مووشەکییانەی ئەنجامتان داوە، شەرعییەتدانە بەو هێرشانەی ئیسرائیل کە ئێستا دەیکاتە سەر غەززە»، ئەمەش وەزیری دەرەوەی ئێرانی بە ڕاددەیەك ئیحراج کرد، کە هێرشەکانی سوپای پاسدارانی بۆ سەر هەرێمی کوردستان کردە هاوشانی ئەو هێرشانەی ئیسرائیل دەیکاتە سەر خەڵکی سڤیلی غەززە، هاوکێشە دیپلۆماتییەکەی بە شێوەیەك پێچەوانە کردەوە، بەوەی ئێران بە بیانووی بوونی بنکەی مۆساد بە ڕۆکێتی بالیستیکی هێرشی

کردووەتە سەر هەرێمی کوردستان، بەڵام خۆی وەك ئیسرائیل هێرش دەکاتە سەر خەڵکی سڤیل و خەڵکانێك شەهید دەکات کە لە ناویاندا ئافرەت و منداڵی ساوای ١١مانگی تێدایە.

کۆڕبەندی ئەمساڵی داڤۆس لەسەر زاری ئۆرسولا ڤۆندەر لاین سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای یەکێتیی ئەوروپا، پێی گوتین: ڕۆژئاوا بڕیاری داوە، ستراتیژیەتی نەمانی مەترسییەکان (De-risk) پیادە بکات و، بەنیازە بڕیاری مێژوویی بدات و وەڵامی مێژوو بداتەوە، ئەمەش بەو مانایەی ڕووسیا بۆیە هێرشی کردە سەر ئۆکرانیا، لەبەر ئەوەی مەترسیی ئەوەی هەبوو ئۆکرانیا ببێتە ئەندامی یەکێتیی ئەوروپا، مەترسی هەبوو هاوپەیمانیی باکوری ئەتڵەسی زیاتر فراوان ببێت و باشتر لە سنوورەکانی نزیك ببێتەوە، بەڵام ئێستا فینلەندا و سوید بە فەرمی بوونە ئەندامی ناتۆ و بەم نزیکانەش ئۆکرانیا دەبێتە ئەندامی یەکێتیی ئەوروپا، شەڕەکەش بە بەرژەوەندی ئۆکرانیا و ڕۆژئاوا یەکلایی دەبێتەوە.

لە ڕۆژانی ١٦-١٨ ئەم مانگە (شوباتی ٢٠٢٤) لە شاری میونشنی ئەڵمانیا ٦٠ـەمین کۆنفرانسی ئاسایشی جیهان بەڕێوە دەچێت. ئەم کۆنفرانسە کە ئەمساڵ یادی ٦٠ ساڵەی خۆی دەکاتەوە، ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی ئەم کۆنفرانسە لە دوای (تەنگژەی کەنداوی بەرازان)ی کووبا کە لە نێوان سۆڤیەت و ئەمریکا دامەزرا، کە خەریك بوو لە ساڵی ١٩٦٢ شەڕی ئەتۆمی لە نێوان ئەمریکا و سۆڤیەت هەڵبگیرسێت، ئەوا ئەم کۆنفرانسەی ئەمساڵ پێمان دەڵێت ماوەی ٦٠ ساڵە توانیومانە هێزی شەڕ لەغاوگیر بکەین، بۆ ئەوەی پەنا بۆ چەکی ئەتۆمی نەبرێت.

ئەو هەڕەشە و مەترسییانەی شەڕ و ئاڵۆزییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر ناوچەکە دروستی کردووە، وەك چاودێران باسی دەکەن، باسی گەرمی ئەم کۆنفرانسەی ئاسایشی جیهان دەبن و مەترسییەکانی ئێران و میلیشیا چەکدارە پاشکۆکانیشی هەر لە یەمەنەوە تا عێراق، تەوەرێکی گرنگی ئەم کۆنفرانسە دەبێت و، قسەی جدی لەسەر لەغاوگیرکردنی ئەو مەترسییانە دەکرێت، کە بە جۆرێك مەترسیی لەسەر ناوچەکە دروست کردووە، خەریکە بازرگانیی دەریایی لە دەریای سوور و نۆکەندی سوێس دەخاتە مەترسییەوە و، ئەمەش کارێکە بەرژەوەندییەکانی ئێستای ڕۆژهەڵات و تەواوی دەوڵەتانی جیهان قبووڵی ناکات و ڕەتی دەکەنەوە.

هەوڵدانمان بۆ تەوزیفکردنی هێرش و دەستدرێژییەکانی سوپای پاسداران بە مووشەکی بالیستیکی بۆ هەرێمی کوردستان، لە ناو ئاشتی و ئاسایشی ڕۆژهەڵات و ئاشتی و ئاسایشی جیهاندا، بەو مانایە نییە کە ئێمە چاوەڕێی هێزێکی دەرەکی دەکەین، تا مەترسییەکانی سەر هەرێمی کوردستان یەکلایی بکاتەوە و، خۆمان دەستەوەستان دابنیشین و هیچ نەکەین، بەڵکو بۆ ئەوەیە کە خۆمان وەك هەرێمی کوردستان بۆ ئەوە ئامادە بکەین کە لە ناو گۆڕانکارییەکاندا فرسەتی مێژوویی دێتە پێشەوە و گرنگە تەواوی حزبە سیاسییەکانی کوردستان لە بایەخ و گرنگیی ئەم گۆڕانکارییانە تێبگەن و بەرژەوەندی و تێڕوانینی حزبی بخەنە لاوە و هەوڵ بدەن لە چوارچێوەی بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوە و نیشتماندا یەك بگرن و ئەو فرسەتەی لە ئاکامی ئەم گۆڕانکارییانە دێنە ئاراوە، بۆ بەرژەوەندیی گەلی کوردستان سوودی لێ وەربگرن، هەروەك چۆن لە نیوەی دووەمی هەشتاکانی ڕابردوو ناوچەکە دەکولا و تەنیا پێویستی بە بڕیارێکی سەرکێشانەی وەك بڕیاری داگیرکردنی کوەیت هەبوو بۆ ئەوەی وەرچەرخانە گەورەکان ڕوو بدات و، ئەوکات حزبە سیاسییەکانی کوردستان، ژیرانە هاوکێشەی گۆڕانکارییەکانیان خوێندەوە و، کاتێك جیهان بڕیاری دا، کە بڕیاری سەرکێشیی سەدام حسێن بۆ داگیرکردنی کوەیت قبووڵ ناکرێت و لە لەغاوگیرکردنی ئەو سەرکێشییەدا فرسەتێکی مێژوویی بۆ گەلی کوردستان هاتە پێشەوە و ڕاپەرینی کرد و پاشانیش پەرلەمان و حکومەتی خۆی دامەزراند، لە ئێستاشدا کە بڕیاری سەرکێشی دراوە و هاوپەیمانی باکووری ئەتڵەسی بڕیاری داوە، ئەو سەرکێشییە لەغاوگیر بکات، ئەگەر یەکگرتوو و یەك ڕیز بین، ئەوا ئەو فرسەتەی کە چاوەڕێ دەکرێت بێتە پێشەوە، وەرچەرخانێکی گەورەی ئەوتۆ لەسەر باری نێودەوڵەتیی هەرێمی کوردستان دروست دەکات، کە لەوانەیە وەك ڕاپەرینەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١ چاوەڕوانکراو نەبێت.

**ڕەوتی مێژوو هەمووکات بەرەو ئەو ئاراستەیە ڕۆیشتووە کە شەڕ و ئاڵۆزییە گەورەکان، وەرچەرخانی گەورە بەدوای خۆیدا دەهێنێت، دەوڵەتانی سەرکێشیش کە زیاد لە قەوارەی خۆیان هەنگاو هەڵدەگرن، سنووریان بۆ دادەنرێت**

**وەڵامی وەزیری دەرەوەی ئێران هێندە دوور بوو لە عورفی دیپلۆماتی، فەرید زەکەریا کە دیدارەکەی بەڕێوە دەبرد، زۆر ڕاشکاوانە بە وەزیری دەرەوەی ئێرانی گوت: «ئەم وەڵامانەی تۆ بۆ پاساوهێنانەوە بۆ ئەو هێرشە مووشەکییانەی ئەنجامتان داوە، شەرعییەتدانە بەو هێرشانەی ئیسرائیل کە ئێستا دەیکاتە سەر غەززە»**

**هەوڵدانمان بۆ تەوزیفکردنی هێرش و دەستدرێژییەکانی سوپای پاسداران بە مووشەکی بالیستیکی بۆ هەرێمی کوردستان، لە ناو ئاشتی و ئاسایشی ڕۆژهەڵات و ئاشتی و ئاسایشی جیهاندا، بەو مانایە نییە کە ئێمە چاوەڕێی هێزێکی دەرەکی دەکەین، تا مەترسییەکانی سەر هەرێمی کوردستان یەکلایی بکاتەوە**

ڕۆژگار موحسین

بەرپرسی یەکەی مافی مرۆڤ لە وەزارەتی دادی حکومەتی هەرێمی کوردستان:

# ڕێژەی بەشداریی ئافرەت لە کەرتی گشتی و تایبەت زۆرە، بەڵام لە شوێنی بڕیاردان و پۆستە باڵاکان زۆر کەمە

لە پێناو بایەخدان و بەگەڕخستنی تواناکانی خانمان و دەستەبەری یەکسانی لە ئەرك و مافدا لە نێوان هەر دوو ڕەگەز، لە دیوانی وەزارەتی دادی حکومەتی هەرێمی کوردستان، یەکەیەکی تایبەت بە پاراستنی مافی مرۆڤ کراوەتەوە. ڕۆژگار موحسین بەکر، بەرپرسی یەکەی مافی مرۆڤ لە وەزارەتی داد، وردەکاریی ئەو یەکەیە بۆ خوێنەرانی گۆڤاری گوڵان دەخاتەڕوو.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



ڕۆژگار موحسین بەکر، بەرپرسی یەکەی مافی مرۆڤ لە وەزارەتی دادی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وردەکاریی ئەو یەکەیە بەمجۆرە دەخاتەڕوو: «یەکەی مافی مرۆڤ لە ٢٠١٨/١٢/٢٧ لە دیوانی وەزارەتی داد بە فەرمی دامەزراوە، لە پێناو بەرودان بە توانا و لێهاتوویی خانمان کاری کردووە. ئێمە ڕاستەوخۆ لەگەڵ نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکانی سەر بە ئەنجومەنی وەزیران کار دەکەین. بەپێی ئەو ئەرك و بەرپرسیارێتییەی کە وەکو وەزارەتی داد لەسەر ئێمەیە، کار لەسەر ئەرك و بەرپرسیارێتییەکانمان دەکەین، ئەویش لە پێناو چەسپاندنی مافەکانی مرۆڤ بە شێوەیەکی گشتی، لە سەرەتای دروستبوونی ئەو یەکەیەش، ناوەکەی «یەکسانی جێندەری و مافی مرۆڤ» بوو، دواتر بە فەرمانی جەنابی وەزیر ناوەکەی کرا بە «یەکەی مافی مرۆڤ»، ئەویش بە حوکمی ئەوەی لە کوردستان وشەی جەندەر لەلایەن هەندێك کەسەوە قبوولکراو نییە».

بەرپرسی یەکەی مافی مرۆڤ لە وەزارەتی دادی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێت: «بەردەوام زیادکردنی ڕێژەی دادوەری ئافرەت لە پێشینەی کارەکانماندایە، هەروەها لە پەیمانگەی دادوەری ڕێژەی بەشداری ئافرەت زیاد کراوە، تەنانەت هەوڵ دراوە، ئافرەتان لە هەموو شوێنە هەستیار و گرنگەکان بڕیار بە دەست بن، لە هەموو حاڵەتەکانیشدا بۆ چوونە پێشەوەی ئافرەت، لە کاتی بوونی گیروگرفت ئێمە وەکو یەکەی مافی مرۆڤ یارمەتیدەری دەبین و لە ڕێگای ئەو یەکەیە هەوڵ دەدرێت ڕێژەی بەشداریی ئافرەت لە شوێن و جێگەی بڕیاردان زیاد بکرێت». گوتیشی: «بە حوکمی ئەوەی مافی ئافرەت لە گرنگترین بەشی مافی مرۆڤدایە، ئەرکی مافی مرۆڤ لەناو وەزارەتەکان، پاراستنی مافی فەرمانبەران و هاووڵاتییانە بەگشتی و مافی ئافرەت بەتایبەتی. وەك وەزارەتی داد، کار کراوە بۆ یەکسانیی ئافرەت و پیاو و زیادکردنی ڕێژەی ئافرەت لە شوێنی بڕیاردان، هەروەها کار لە پلانی هەرێم دەکەین بۆ مافی مرڤ و نەهێشتنی جیاکاریی ڕەگەزی و ئایین».

سەبارەت بە پلان و چالاکییەکانی یەکەکەشیان، ڕۆژگار موحسین گوتی: «یەکەکەمان چەندین چالاکیی جۆراوجۆری ئەنجام داوە، لەوانە چەند کۆنفرانسێك لەسەر چۆنیەتی کاراکردنی کارکردن بە یاسای بازرگانیکردن بە مرۆڤ، ئەنجامدانی دانیشتنێکی گەورە لە شاری هەولێر و لە بەغدا، هاوکات کارکردن لەسەر دۆخی ئەو منداڵانەی لە دایك و باوکی داعش لە دایك بوون، ئەویش بە مەبەستی چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکانیان، وێڕای ئەوانەش یەکەی یەکسانیی مافی مرۆڤ، کار دەکات بۆ دیراسەکردن و بەدواداچوون بۆ ڕەوشی ئافرەتان لە چاکسازییەکان و لە نزیکەوە ئاگادار بوون لە گرفتەکانیان و چارەسەر کردنیان، هەروەها کارکردن لەسەر هەموارکردنەوەی یاسایەك بۆ تاوانی کۆمەڵکوژیی خۆشك و برا ئێزدییەکان لە شەڕی داعش».

سەبارەت بە پێگەی ئافرەتانیش لە بواری کارکردن لە دەرەوەی ماڵ گوتی: «هەرچەندە ئافرەتان لە تێکەڵبوون بە کار لە فەرمانگە حکوومی و ئەهلییەکان دریغییان نەکردووە و ئاستێکی باشیان بڕیوە و، ڕاستە ڕێژەی بەشداریی فەرمانبەری ئافرەت لە هەردوو کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت زۆرە، بەڵام لە شوێنی بڕیاردان و پۆستە باڵاکان ڕێژەکەیان زۆر کەمە.

لەبەر ئەو هۆکارانە پێموایە هەبوونی یەکەیەکی تایبەت بە پرسی یەکسانیی مافی مرۆڤ لە وەزارەتەکان ڕۆڵێکی باشی لە پێشکەوتنی کۆمەڵگە دەبێت، بەڵام پێویستی بە کات و کارکردن هەیە، هەروەها پێویستی بە پلانێکی پوخت و گشتگیرە، بۆ ئەوەی بە زووترین کات بتوانرێت ئەو یەکسانییە وەکو خۆی کە هەیە، دەستەبەر بکرێت، ئامانجی یەکەکەمان ئەوەیە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە بە هەردوو ڕەگەزەوە (بە ژن و پیاو و منداڵ و پیر) وەك مرۆڤ مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت و بەبێ جیاوازی لە کۆمەڵگەدا یەکسان بن».

**بەردەوام زیادکردنی ڕێژەی دادوەری ئافرەت لە پێشینەی کارەکانماندایە، هەروەها لە پەیمانگەی دادوەری ڕێژەی بەشداری ئافرەت زیاد کراوە**

**کار لە پلانی هەرێم دەکەین بۆ مافی مرڤ و نەهێشتنی جیاکاریی ڕەگەزی و ئایین**

**بەدواداچوون بۆ ڕەوشی ئافرەتان لە چاکسازییەکان و لە نزیکەوە ئاگادار بوون لە گرفتەکانیان و چارەسەر کردنیان**

**ئافرەتان لە تێکەڵبوون بە کار لە فەرمانگە حکوومی و ئەهلییەکان دریغییان نەکردووە و ئاستێکی باشیان بڕیوە**

# ئیدی ئەمە هەولێرە هەولێر.
# جێی ئومێد و ڕووگەی هەمووان

هەر جارێك و لە هەر بابەتێكدا قسە بەلای هەولێرەوە بكرێ، یان شتێك سەبارەت بە هەولێر باس بكرێ، یان هەڵوێستێك لە هەولێرەوە بگێڕدرێتەوە، جیا لە هەر شار و ناوچەیەك باس هەڵدەگرێ، چونكە هەولێر لەبەر ئەوە نا كە پایتەختی هەرێمی كوردستانە، یان كە پێشكەوتووترین و ڕازاوەترین شاری هەرێمی كوردستان و پارچەكانی دیكەی كوردستانە، لەبەر ئەوەش نا كە ئارامترین شار و دڵگیرترین شارە، نا بەڵكو لەبەر دڵفراوانی و دڵگەورەیی و بەخشندەیی و خۆ بە دایك و باوك زانینی هەموو كوردان بووە، كە هەولێر ناونیشان و شكۆی بەرزە و بەری ئاسمانی گرتووە.

باس لە كام خەسڵەتی هەولێر بكەین، جوامێری و مێرخاسیی خەڵكە ڕەسەنەكەی هەر لە بەرەبەیانی زووی مێژووەوە، كە پشتقایم بە قەڵاكەی، هەمیشە بەرگریكارێكی سەخت و قایم بووە و دوژمنانی بەزیون و ئەو هەر لە جێی خۆی چەقیوە و وێوەتر لەوەش، بووە بە پەناگەی هەر كوردێكی سەرهەڵگرتوو، لە هەر قوژبنێكی كوردستانی داگیركراو، یان هەر مرۆڤێكی غەیرەكوردی لێقەوماویش، كە وەك ڕۆڵەی خۆی باوەشی بۆ كردوونەتەوە و گرتوونیەتە خۆی و لە نمەكی حەڵاڵی خۆی پێی داون و ناز و منەتیشی بەسەرەوە نەكردوون، بەڵكو نازی غەریبان و لێقەوماوانی چواركەناری هەڵگرتووە و مینا ڕۆڵە ڕەسەنەكانی خۆی و بگرە زیاتریش خاتری گرتوون و ڕێزی لێ ناون و پاراستوونی.

باس لە دڵفراوانی و دڵگەورەیی و بەخشندەیی خەڵكەكەیشی بكەی، كە بۆ خەڵكی لێقەوماوی كورد لە هەر شار و پارچەیەكی نیشتمان، تەنانەت بۆ لێقەوماوان و دەربەدەر و سەرهەڵگرتووانی غەیرە كوردیش، وەك كەسوكاری خۆیان حسێبی كردوون و نانێكیان هەبووە لەگەڵیاندا بەشیان كردووە.

باسی پێكەوەژیانی درێژایی تەمەنی ئەو شارە بكەی، دەبینی كورد و هەرچی خەڵقی خودایە لە غەیرە كورد، موسڵمان و هەرچی سەر بە ئایینزای جیاجیا و مەزهەبی جیاجیا هەیە، گرتوونیەتە خۆی و دەستی دەسەڵاتداری و پڕ بەزەیی خۆی بەسەری هەمووواندا وەك یەك و وەك برا داهێناوە و) ڕێگەی داوە هەركەسە و هەر نەتەوە و هەر ئایینە و هەر ڕێبازەی خۆی بێ و گوزارشت لە خۆی بكات و، خۆی نەسەپاندووە و ئەوانی بە بندەستەی خۆی دانەناوە.

باس لە خەبات و تێكۆشان و قوربانیدان بكەی، باس خولیا و حەز بۆ ئاوەدانی و پەروەردە و زانست و هونەر بكەی، باس لە نەرمونیانی و هێمنی و بێ كێشەیی خەڵكەكەی و كەسابەت و پیشەی كاسبكار و بازرگانانی بكەی، باس لە گیانی بەدەنگەوەچوون و دەستبارگرتن و هاوكارییكردن بكەی، باسی هەر چی تۆ بە خەیاڵتدا دێ بیكە، دەبینی هەولێر نموونەیەكی باڵایە لە بەرزی و پاكی و جوانی و مرۆدۆستی و ژیاندۆستی و كوردپەروەری، هەندێ جار ئێمە لە بواری خۆماندا كە هونەرە، لەلایەن ئەم و ئەوەوە ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە دەكرێینەوە، ئەرێ چییە ئەوەندە گرنگی بە هونەرمەندانی



فەرهەنگ غەفوور

شارەکانی دیکە و پارچەکانی دیکەی کوردستان دەدەن و لەسەر حسێبی هونەرمەندانی هەولێر نازیان دەکێشن؟

ئەو پرسیارە هەر کەسێك بیکات، بەر لە هەر کەسێك غەدر لە هەولێر دەکات، چونکە یەکەم، هەولێر هەرچیی پێی کرابێت بۆ هونەرمەندانی ڕەسەن و هاوشاریی خۆی، بەپێی توانا و دەرفەت کردوویەتی و دریغیی نەکردووە و بەردەوامیشە لە خزمەتکردنیان. دووەم، دەبێ ئەوانە بزانن هەولێر هەر موڵکی هەولێرییەکان نییە، تا تەنیا ئاوڕ لە هونەرمەندانی خۆی بداتەوە، با لەبیریان نەچێ، هەولێر پایتەخت و ڕووگە و ئومێدی ملیۆنان کوردی هەموو پارچە و شارەکانی کوردستانە، شار و ماڵ و جێی ئومێدی هەزاران خەڵکی دیکەی غەیرە کوردیشە، چ ئەوانەی هاوشاریی ڕەسەنن و چ ئەوانەش خۆیان دە ئامێزی هاوێشتووە. سێیەم ئەمە یەکێکە لە تایبەتمەندی و شانازییە گەورەکانی هەولێر، کە هەموو کەس و شوێنێك بەنسیبیان نەبووە.

لەو ڕوانگەیەشەوەیە، کە هەولێر خۆی بە مێژووی کورد زانیوە، بەڵکوو هەر خۆی مێژووی کورد و کوردستان بووە، بۆیە ئەو تەسکبیرییەی شارچێتی لە ناویدا جێی نەبووەتەوە، هەربۆیەشە ئێمە لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان و بەتایبەت لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەری هەولێر، بە یەك چاو و بە یەك ئاست و ئاراستە خزمەتی تەواوی هونەرمەندانی کوردستان، بە کورد و غەیرە کوردیشەوە دەکەین، بەوانەی کە تورکمان و مەسیحی و هەر پێکهاتەیەك بن، هەموویان بەشێکن لەو گوڵە بۆندارانەی گوڵدانی هەولێریان ڕازاوە کردووە، لەسەر ئەو بنەمایە بووە، کە ئێمە ڕێز لە هەموان دەگرین و مەراسیمی شایستەی ڕێزلێنان بۆ هەموو هونەرمەندانی کوردستان بە بێ جیاوازی بەڕێوە دەبەین، گرنگ ئەوەیە کە هونەرمەندەکە ڕەسەن و هونەرەکەی ڕەسەن و لە خزمەت هونەر و کلتوور و فەرهەنگی کورد و کوردستاندا بێت، دەنا هیچ پێوەر و ئیعتبارێکی دیکە لەبەرچاو نەگیراوە و بە یەك چاو تەماشای هەموان کراوە و دەکەین و، سەدان نموونەش لەو چەند ساڵەی ڕابردوو گەواهی و شایەدن بۆ سەلماندنی ڕاستیی سەرەوە.

جا شارێك، کە ئەم خەسڵەت و تایبەمەندییانەی هەبێ، چۆن جێی شانازی و شکۆمەندیی هەموان نییە، بە هەولێرییەکان و غەیەرە هەولێرییەکانیشەوە؟

ئەم هەستی شانازیکردنەش بە هەولێر لە دەمارگیریی شارچێتی نییە، شکور بۆ خودا ئەوە هەولێرە هەرگیز نەیزانیوە شارچێتی چییە و قەتیش کەسی دیکەی غەیرە هەولێری ڕەت نەکردووەتەوە. کوردیش لە مێژە گوتوویەتی ئەگەر مانگ دیار بێ پێویست بە ئەنگوست ناکات. هەولێر بە هەیبەت و شکۆ و خزمەت و دڵفراوانییەکەی خۆی دیارە و، ئێمە هەرچیی سەبارەت بڵێین تەنیا وەك پەنجە ڕاداشتنە بۆ مانگ، کەچی مانگ زۆر بە گەورەیی و درەوشاوەیی لە تاریکیدا دیار و بەرچاوە و تریفەی لێ دەڕژێ.

ئیدی ئەمەیە هەولێر، کە لەوەتەی هەبووە و هەیە هەر ئەمەیە و هەر وەهاش دەمێنێتەوە و ڕۆژ بە ڕۆژیش شکۆمەندتر دەبێت.

# هەولێر و ئاسۆ ڕۆستەم بە ڕێککەوتن جیابوونەوە

تیپی تۆپی پێی یانەی هەولێر کە لە ئێستادا خەریکی ئامادەکارییە بۆ یارییەکانی داهاتووی خولی یانە پیشەگەرەکانی عێراقی، لە ئێستادا بەشێك لە یاریزانانی یانەی هەولێر داوای دەستبەرداربوونیان لە یانەکە کردووە، بۆ ئەوەی بتوانن لە یانەیەکی دیکەی عێراقی یاری بکەن، لەم ناوەشدا (ئاسۆ ڕۆستەم) کە ئەم وەرزە گرێبەستی فەرمیی لەگەڵ یانەی هەولێر واژوو کردبوو، لە یارییەکانی ڕابردوو نەیتوانی ئاستی ڕاستەقینەی خۆی پێشکەش بکات، بۆیە بە ڕێکەوتنی هەردوولا گرێبەستەکەیان هەڵوەشاندوە، لەم بارەشەوە (ئەحمەد شکور) ئەندامی دەستەی کارگێڕیی یانەی وەرزشی هەولێر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەم وەرزە بە فەرمی گرێبەستمان لەگەڵ ژمارەیەك لە یاریزانانی یانەکانی دیکەی عێراقی و دەرەوەی عێراقیش مۆر کردبوو، یەکێك لەو یاریزانانەش ئاسۆ ڕۆستەم بوو، بەڵام بە ڕێککەوتنی هەردوولا گرێبەستەکەمان هەڵوەشاندەوە، جگە لەوەش مووچەکانی دیکەی پێدراوە»، لە بارەی یاریزانەکانی دیکەیش گوتیشی: «سەرجەم یاریزانەکانی دیکە پەیوەستن بە تیپەکەوە و دەستبەرداری هیچ یاریزانێك نابین، بەشێك لە یاریزانەکانی دیکەیش لە سەر ڕەزامەندیی ئێمە بووە و بەشێکیان لەسەر داوای ڕاهێنەر بووە کە ڕێگەپێدانمان پێ داون».



# یانەی شێروانە دەچێتە لوتکە

تیپی تۆپی پێی یانەی شێروانەی ئیدارەی سەربەخۆیی گەرمیان لە کەلار، ئەم وەرزە بە شێوازێکی جیاواز هاتووەتە نێو کێبڕکێیەکانی خولی نایابی یانەکانی کوردستان، لە ١٧ یاریی ڕابردوو ئەم وەرزە توانیی ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات لە خولەکە، لە ئێستادا پێشەنگی یانەکانی گرتووە و بە ٣١ خاڵ لە پێشەنگی یانەکانی خولەکە دێت، هەشت یاری سەرکەوتنی بەدەست هێناوە و چوار یاری یەکسان بووە و چوار یارییش تووشی شکست بووە، کارگێڕیی یانەکە ئومێدی زۆریان هەیە کە ئەمساڵ تیپەکەیان هەنگاو بە هەنگاو لە نازناوی خولی نایابی یانەکانی کوردستان نزیك ببێتەوە و ئەم هەلەی ئێستا هاتووەتە پێش لە کیسی نەدەن و، کار لەسەر بەدەستهێنانی ئەنجامێکی گەورە بکەن بۆ دەڤەری گەرمیان، یانەکە ڕۆژانە ئامادەکارییەکانی بە شێوازێکی زۆر باش ئەنجام دەدات، بۆ ئەوەی بتوانن باشترین ئەنجام لە یارییەکانی داهاتوو ئەنجام بدەن، دەستەی ڕاهێنەرانی یانەکەش کار بۆ ئەنجامدانی یاریی جوان و بەدەستهێنانی سەرکەوتن دەکەن، لە ئێستادا یارییەکان هەمووی هەستیارە و بە جووڵەی هەستیارەوە مامەڵە لەگەڵ یارییەکان دەکەن، بۆ ئەوەی زۆرترین سەرکەوتن لە خولەکەدا بەدەست بهێنین و پێشەنگی یانەکان لە دەست نەدەن.





# کچانی زاخۆ چاویان لە ئەنجامی گەورەیە

تیپی تۆپی پێی فوتساڵی کچانی یانەی زاخۆ ئەم وەرزە لە خولی فوتساڵی کچانی یانەکانی کوردستان لە کۆمەڵەی دووەمدا خاوەن ئاستێکی بەرزە، لە پێنج یاریی ڕابردوو خاوەنی ١١ خاڵە و لە پێشەنگی یانەکانی کۆمەڵەکەی دێت، لە ئێستادا یاریزانانی یانەکە لە ئامادەکاریی بەردەوامدان بۆ ئەنجامدانی یارییەکانی داهاتوو، کارگێڕیی یانەکەش پشتگیری تەواوی تیپەکە دەکات بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە، لەم بارەشەوە (زینە بەرواری) ڕاهێنەری تیپی فوتساڵی کچانی یانەی زاخۆ بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «لە هەموو ڕوویەکەوە ئامادەکارییەکانمان باشە، سوپاسی ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ دەکەم کە زۆر پاڵپشتی تیپی کچان دەکەن، ئێمە یەك گرفتمان هەیە، ئەویش هەموو یانەکانی بەشدار لە خولی کوردستان هەمان گرفتمان هەیە کە باشترین یاریزانەکانی ئێمە لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراقن، ئەویش گرفتە بۆ ئێمە کە یاریزانەکان نەتوانن لەگەڵ تیپەکەمان هەموو کات ئامادە بن بۆ ڕاهێنان و یاری، خولەکە بەهێزە و یانەکان کێبڕکێ دەکەن لەسەر بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە، ئێمەش وەکو کچانی زاخۆ هەموو هەوڵ و هیمەتێکی خۆمان دەخەینە گەڕ بۆ ئەوەی باشترین ئەنجام لە خولەکە تۆماربکەین و هیچ گرفتێکی کارگێڕیشمان نییە و تیپەکە لە گشت ڕوویەکەوە ئامادەیە».



# ئایا دەرمانی میتفۆرمین گونجاوە بۆ دابەزاندنی کێش؟

دەرمانی میتفۆرمین Metformin وەکو یەکەم کۆرس بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشیی شەکرەی جۆری دووەم بەکاردێت. بەکارهێنانی متیفۆرفین جگە لەوەی کە ئاستی شەکری خوێن دادەبەزێنێت، گەلێك جار بۆ دابەزاندنی کێشی لەش ئەنجامی باشی دەبێت، بەمەرجێك بە بڕیار و چاودێریی دکتۆر بێت. میتفۆرمین بە دوو ڕێگە هاندەرە بۆ دابەزاندنی کێشی لەش: یەکەم، کۆنترۆڵکردنی ئاستی شەکری خوێن کە دەرەنجام دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی دروستبوونی شەکری گلوکۆز، لە جگەر و کەمبوونەوەی هەڵمژینی شەکر لە خۆراکەوە، هاوکات لەگەڵ باشترکردنی مامەڵەی لەش لەگەڵ هۆرمۆنی ئینسولیندا، ئەمەش هاندەر دەبێت بۆ کەمبوونەوەی کێشی لەش. دووەم، کەمکردنەوەی ئارەزووی خواردن، یان کەمبوونەوەی هەستی برسیبوون بە زیاد هەستیاربوونی لەش بۆ هۆرمۆنی لێپتین Leptin کە بە هۆرمۆنی تێربوون ناسراوە، واتە ڕێگرتن لە زوو خواردن و زیاد خواردن، واتە بە تێپەڕبوونی کات وەرگرتنی کالۆری کەم دەبێتەوە و کێشی کەم دەکات. میتفۆرمین لەوانەیە کە زیانی لابەلای دیکەی پەیدابکات وەك» بێهێزبوونی لەش، گرفت لە هەناسەدا، ئازاری گەدە، هێڵنج یان ڕشانەوە، ناڕێکبوونی لێدانەکانی دڵ، هەروەها سەرسووڕان.

# خۆراکە پێویستەکان بۆ تەندروستیی چاو

ئەمە زانراوە کە گێزەر هاندەرە بۆ بینینی باشتر لە تاریکیدا، بەڵام گەلێك خۆراکی دیکە ڕۆڵی بەرچاویان هەیە لە پاراستنی چاو و باشترکردنی کرداری بینیندا. پسپۆڕانی تەندروستیی چاو جەخت دەکەنەوە کە هەندێك پێکهاتە لە چەند جۆرێکی خۆراکدا فرمانی بینین دەپارێزن، تەنانەت لەگەڵ بەساڵاچوونیشدا. چەند بەشێکی ناسکی چاو وەکو هاوێنە و تۆڕی چاو لەگەڵ تەمەندا تێك دەچن، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە چاو پێکهاتەی چەور لەخۆدەگرێت، کە بڕێکی زۆری ئۆکسجین بەکار دەهێنێت و لە زۆربەی کاتەکانی ڕۆژدا بەر تیشکی خۆر دەکەوێت، واتە دەکەوێتە ژێر فشاری کرداری ئۆکساندا Oxi-dation. لەگەڵ ئەمەشدا، بە خۆراکی دەوڵەمەند بە ماددە دژەئۆکسانەکان دەتوانرێت کە زیانی ئەم فشارەی ئۆکسان لەسەر چاو کەم بکرێتەوە. لە نوێترین لێکۆڵینەوەکاندا هاتووە کە چەند پێکهاتەیەکی خۆراك ڕۆڵی گرنگیان هەیە بۆ باشترکردنی بینین و خۆپاراستن لە گۆڕانەکانی چاو، کە پەیوەستن بە تەمەن وەکو ئاوی سپی Cataract و تێکچوونی پنتی بینینی چڕ لە تۆڕەی چاودا AMD، بۆنموونە ڤیتامین E، C، بیتا کارۆتین، چەورییەکانی ئۆمیگا٣، زینك لەگەڵ دژەئۆکسانی لیوتین Lutein و زیازانتین Zeaxanthin. خۆراکە پێویستەکان بۆ چاو: سەوزە و میوەی جۆاوجۆر و ڕەنگاوڕەنگ وەکو سپێناغ، بیبەری نارنجی، ڕاسبێری، بلوبێری، برۆکۆلی، کیوی، کولەکەی هاوینە و زستانە، ترێ، پرتەقاڵ، هەروەها ماسی، کاکڵەکانی وەکو گوێز و باوی و کازو، زەردێنەی هێلکە، لەگەڵ میوە مزرەکان.



# هۆکارەکانی ئازاری جومگە

جومگەی ئەژنۆ Knee گەلێك بەش لەخۆ دەگرێت، کە بەشدارن لە جووڵەی جومگەی ئەژنۆ بە ئاراستەی جیاواز، کە بریتین لە: خودی جومگەی ئەژنۆ لە نێوان ئێسکی قاچ و ڕاندا، جومگەی نێوان سابوونەی ئەژنۆ و ئێسکی ڕان، چوار بەستەر، لەگەڵ دوو کڕکڕاگەی سەر ئێسکی قاچ. جووڵەی زۆری جومگەی ئەژنۆ بە ئاراستەیەکی دیاریکراو، بەتایبەتی لەکاتی ئەنجام نەدانی مەشقی وەرزشیدا، هۆکارە بۆ گرفت لە ئەژنۆدا، هەروەها تەمەن، ئینجا زەبر بۆ ئەژنۆ زیان بە ئێسك و شانەکانی دیکەی ناو جومگە دەگەیەنن و دەبنە هۆی ئازار وەکو یەکەم نیشانە. ئازاری جومگەی ئەژنۆ حاڵەتێکی باوە و گەلێك جار هاوکاتە لەگەڵ نیشانەی دیکەی وەکو سخبوون، ئاوسان یان گەرمبوونی ئەژنۆ، بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیی لەش. هۆکارەکانی ئازاری ئەژنۆ بریتین لە: لەجێچوون یان شکان لەبەر زەبری دەرەکی یان کەوتن، دڕانی بەستەری خاچیی پێشەوە ACL لە ئەنجامی زیاد بەکارهێنانی ئەژنۆ و خێرا گۆڕینی ئاراستەی جووڵە بێ پشوودان، بەتایبەتی لە یاریی تۆپی پێ و تۆپی سەبەتەدا، سووانی جومگە (سەوەفان O.A) کە هۆکارە بۆ ئازار و سخبوون و ئاوسانی ئەژنۆ، هەوکردنی نامیکرۆبی جومگە، دڕانی کڕکڕاگە Meniscus کە لە ئەنجامی هەوکردن یان بەتەمەنداچووندا ڕوو دەدات، کیسی بەیکەر Baker›s Cyst لە بەشی پشتەوەی جومگەی ئەژنۆدا، نەخۆشیی گاوت Gout کە بریتییە لە نیشتنی کریستاڵەکانی ترشی یوریك لە ئەژنۆدا، هەوکردنی میکرۆبی بە بەکتریا یان ڤایرۆس.



# ئامێرێک بۆ ماساجی چاوەکان

ئەوانەی زۆر سەیری شاشە یا هی مۆبایل یا کۆمپیوتەر یا تیڤی بێ دەکەن، چاوەکانیان ماندوو دەبن و تووشی ئازاری چاو دێن. کۆمپانیای شیاومی بۆ ئەم مەبەستە ئامێرێکی تایبەتی بەناوی The Mijia Smart Eye Massager بەرهەم هێناوە، سوودێکی باش دەگەیەنێت بە چاوەکان و ناهێڵێت ماندوو بن.

ئامێرەکە وەك چاویلکەیەك لە چاو دەکرێت و بریتیە لە حەوت بەش و چوار دەریچەی هەوا، دەریچەکان وا دەکەن هەشت شوێنی لە دەوروبەری چاو ماساژ بدەن. هەروەها خۆی لە چەندین ئایرباگی بچووك و گەورە پێکهاتووە کە بەپێی تایبەتمەندی چاوی بەکارهێنەرەکەی گەورە و بچووك دەبنەوە. لە چەرم دروستکراوە بۆ ئەوەی بۆ تەندروستی بەکارهێنەرکەی کێشە دروست نەکات. کێشی ئامێری ماساجەکە ٣٧٥ گرامە و شەحن دەکرێتەوە.

# ئامێرێکی شوێنی مۆبایل دەگرێتەوە



زیرەکیی دەستکرد لەو مەودا کەمەی کە ChatGPT بڵاوبوویەوە، زۆر پەرەی سەندووە. لە پێشانگای ساڵانەی CESی ئەمساڵدا، ئەو ئامێرانەی نمایش دەکران، بەشێکی بەرچاویان پاڵپشتی زیرەکی دەستکردیان دەکرد، بۆ نموونە ئامێری Rabbit R1 توانیویەتی تا رادەیەك شوێنی مۆبایل بگرێتەوە. ئامێرەکە بچووکە و بەقەد نیوەی مۆبایلێك دەبێت. شاشەکەی ناگاتە ٣ ئینج و کێشەکەی ناگاتە ٢٠٠ گرام. لە سیستەمێکی زیرەکی دەستکرد سوود وەردەگرێ کە نزیکە لە ChatGPT. بە هۆی ئەو ئامێرەوە دەتوانی کۆنترۆڵی ئامێرە زیرەکەکانی ماڵەوە بکەی. هەروەها وەڵامی پەیوەندییەکان بدەیەوە و لەگەشت و گەڕاندا هۆتێل بگری و بلیتی فڕۆکە بگری. سیم کارت دەخوێنێتەوە. ڕامەکەی ٤ گیگابایتەو میمۆرییەکەی ١٢٨ گیگابایتە. هەر پرسیارێکی لێی بکەی بە دەنگ وەڵامت دەداتەوە و هاوشێوەی زیرەکەی دەستکردەکانی دیکە بە دەنگ ئەرکەکانی ڕادەپەڕێنێ. کامێرایەکی تایبەت بەخۆی هەیە بە هەموو لایەکدا دەسووڕێت. زۆرتر وەك ئامێری تاکی واکی دەچێت ئەو ئامێرەی وەك بێتەل بۆ قسەکردن لە نێوان دوو کەسدا سوودی لێدەبینرێت.





## بەم ئامێرە کێشت دابەزێنە

قەڵەوی نەخۆشی ئەم سەدەیەیە و دەکرێت بڵێین زۆربەی نەخۆشییەکان لە قەڵەوییەوە سەرچاوە دەگرن. چەندین شێواز هەن بۆ کەمکردنەوەی کێش، وەك ڕێجیم کردن وەزرش کردن و هەردووکیان پێکەوە. یەکێك لە دڵەراوکێیەکانی مرۆ بۆ خۆلاوازکردن ئەوەیە کە نازانێت چەندە لاواز بووە و یا ئێستاکە لاواز دەبێت یان نا؟

ئامێرێکی تایبەت بە زانینی سووتانی وزەی جەستە هەیە کە بە Lumen ناسراوە. ئامێرەکە وەك ئامێری تاقیکاری ئاستی سەرخۆشی دەچێت، تەنیا فووی پێدا دەکەی و بەس. کاتێك فووی پێدادەکەی پێت ڕادەگەیەنێ لەحاڵی حازردا جەستە لە چ وزەیەك سوود وەردەگرێ لە کاربۆهیدرات یا چەوری؟ ئەگەر لە چەوری بێت ئەوە ژمارەیەکت دەداتێ. بەگشتی هەتا ڕێژەی CO2 واتە چەوری سووتاندن زیاتر بێ ئەوە باشترە. ئامێرەکە لە ڕێگای بلوتوسەوە لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێت و لەوێوە زانیارییەکان وەردەگری



## سکۆتەر بۆ ناو بەفر

لە وەرزی زستاندا ئامێرەکانی هاتووچۆکردن گرفتیان بۆ دێتە پێش و ڕێگاکان دەگیردرێن. لەکاتێکی وادا مرۆڤ خۆزگە دەخوازێت ئامێرێك هاوشێوەی سکۆتەر یا پایکسل هەبێت کە بتوانی لەناو بەفریشدا ڕێبکات.

کۆمپانیایەك ئەو خەونەی کردۆتە ڕاستی و سکۆتەری جۆری Cyrusher Ripple بەرهەم هێناوە کە لەناو بەفریشدا ڕێ دەکات. مۆتۆڕێکی کارەبایی سێ هەزار واتی لەسەرە. لەگەڵ تایەکی ئەستوور. دەتوانێت کێشی ١١٥ کیلۆ هەڵبگرێت. خێراییەکەی ٥٠ کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدایە. هەتا ٢٠ کیلۆمەتریش شەحنی دانابەزێت. کێشی سکۆتەرەکە ١٥ کیلۆیە و لە جانتایەکدا جێگای دەبێتەوە. خۆی دەنووشتێتەوە و دەبێتە دوو پارچە.

# پرۆگرامێکی تایبەت بە دروستکردنی فیلمی فێرکاری

یەکێک لە شێوازەکانی فێرکردن، دروستکردنی فیلم و ئەنیمەیشنی تایبەت بە فێرکارییە! بۆ ئەوەی بتوانی وانەی فێربوونی تایبەت بە هەر پرۆگرامێك بکەی بە فیلمێکی ڤیدیۆیی، پێویستە پرۆگرامێك هەبێت سکرین شات بکات، واتە لە شاشەی کۆمپیوتەر فیلم هەڵگرێتەوە. گەلێك پرۆگرامی لەو بابەتە هەن، یەکێك لەو پرۆگرامانە Bandicamە، بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە دەتوانی فیلمی بە کوالیتی بەرز لە شاشەی کۆمپیوتەر هەڵبگریەوە. تایبەتمەندییەکی دیکەی پرۆگرامەکە ئەوەیە قەوارەی فایلەکانیشی کەمن. دەنگی سیستەمی کۆمپیوتەر مایك پێکەوە هەڵدەگرێتەوە. تایبەتمەندییەکی دیکەی پرۆگرامەکە ئەوەیە کە دەتوانی فیلم لە بەشێك لە شاشە هەڵبگریەوە و پێویست ناکات لە هەمووی شاشەکە فیلم بگری. لە زۆربەی فۆرماتەکانی ڤیدیۆیش پشتیوانی دەکات. دەکرێت کاتی خۆکار بۆ کۆتایی و سەرەتای هەڵگرتنەوەی فیلمەکە دابنێی.






## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**بەڕێزێك دەپرسێت ئایا دەکرێت نیگاتیڤی وێنە کۆنەکان ئەوانەی بە کامێرا دەگیران و فیلمیان دەخرایە سەر جارێکی دیکە بەبێ بردن بۆ تاقیگە بیکەمەوە بە وێنە؟**

خوێنەری بەڕێز، بەڵێ بەباشی دەکرێت، لەو سەردەمەدا هیچ شتێك نییە مەحاڵ و نەکردەنی بێت. لەسەر مۆبایل ئەپێك هەیە بەناوی Photo Negative Scanner کە بە ئاسانی نیگاتیڤەکان دەکاتەوە بە وێنە. لە پێشدا وێنەیەك لە نیگاتیڤەکان بگرە، بۆ ئەوەی وێنەکە جوان دەربچێت، وا باشە وێنەکە لە نزیك رووناکی بێت. لەسەر کۆمپیوتەر لاپەڕەیەکی سپی بکەوە، نیگاتیڤەکە لەسەر شاشەکە دابنێ و وێنەی بگرە و پاشان بەهۆی ئەو ئاپەی ئاماژەم پێدا بە ئاسانی بیکەوە بە وێنە.



## کامێرایەکی پانۆڕامایی بۆ مۆبایلەکان

هەرچەندە مۆبایلە زیرەکەکان کامێرای زۆر بەهێزیان هەیە، بەڵام بۆ وێنەگرتنی ٣٦٠ پلەیی واتە پانۆڕامایی زۆر سەرکەوتوو نین. کامێرا ٣٦٠ پلەییەکان کە بتوانن بە کوالیتی زۆر باش وێنە بگرن گرانبایین، بەڵام کامێرای جۆری huawei 360 panoramic vr cam-era هەم هەرزانباییە و هەم بەکارهێنانی ئاسانە. دەخرێتە شوێنی کێبڵی USB و بەبێ ئەوەی هیچ وزەیەکی بوێت فیلم و وێنە بە کوالیتی 5K دەگرێت. کێشی کامێراکە تەنیا ٣٠ گرامە، هەرچەندە بەرهەمی کۆمپانیای هواوییە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو مۆبایلانە دەگونجێت کە سیستەمی ئەندرۆیدی لەسەرە، بەتایبەتی مۆبایلەکانی سامسۆنگ. هەروەها فیلمە بە شێوەی VR دەگرێت و لە هێدست یا شاشەکانی تایبەت بە نیشاندانی فیلمی VR دەکرێ سەیریان بکەیەوە.


# ئەڵقەیەکی زیرەک بۆ پەیوەندی گرتن



بۆ پەیوەندی گرتن لەگەڵ یاریدەدەرە دەنگییەکانی وەکو سێری و گوگل ئەکسیسێنت پێویستە بە دەنگ فەرمانەکان ڕابگەیەنیٚ. لە شوێنە قەرەباڵغەکاندا بەهۆی ژاوەژاو و دەنگی زیادی ئەو شتە دژوارە، بەڵام بەهۆی ئەڵقەی Whisper ئەمە بەئاسانی ئەنجام دەدرێت.

لە پێشانگای CESی ئەمساڵدا کۆمپانیایەکی کۆریایی ئەڵقەی Whisper خستەڕوو بەهۆی ئەو ئەڵقەوە دەتوانیت کۆنترۆڵی ئامێرە زیرەکانی ماڵەوە بکەی و هەروەها کاتێك ئەڵقەکە دەبەیە بەردەمت دەتوانی بە نزمیش لەگەڵ ئەڵقەکەت بدوێی.

ئەڵقەی ناوبراو ئامێرێکی زیرەکی دەستکردە بۆ پەیوەندی گرتن لەگەڵ ژیری دەستکرد. پێچەوانەی یاریدەدەرەکانی دەنگی وەکو سێری و گوگڵ پێویستی بە هیچ وشەیەك بۆ ئەکتیف کردن نییە، تەنیا ئەوەندە بەسە ئەڵقەکە لە دەمت نزیك بکەیەوە.



## ماڵپەڕێکی زیرەکی دەستکرد بۆ دروستکردی ڤیدیۆ

زیرەکی دەستکرد کاری ئەوەندە ئاسان کردۆتەوە، ئەوەی شارەزایەکی ئەوتۆشی نەبێت لە دروستکردنی ڤیدیۆ و وێنە، تەنیا بە نووسینی بیرۆکەکەی دەتوانیٚ هەم فیلم و هەم ڤیدیۆ دروست بکات. یەکێك لەو ماڵپەڕانەی زیرەکی دەستکردی تایبەت بە ڤیدیۆ pictory.ai کە بە ئاسانترین شێواز تەنیا بە نووسینی مەبەستەکەت ڤیدیۆ دروست دەکات. هەروەها دەتوانی بەهۆی ئەو ژیری دەستکردەوە ژێرنووس لە ژێر فیلمەکان دابنێی. جگە لەوەش دەتوانی ماڵپەڕەکەی خۆت بکەی بە ڤیدیۆیەکی تایبەت. ماڵپەڕی ناوبراو بۆ وێنووس و کۆمپانیاکان گرنگی خۆی هەیە. دەتوانی دوای ئەوەی ڤیدیۆکەت دروستکرد، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دایبەزێنی.

# ماوس و کیبۆردێک پێویستیان بە شەحن نییە

لە پێشانگای سالانەی CESی ئەمساڵدا کۆمپانیای لینۆڤۆ ماوس و کیبۆردێکی نوێی خستەڕوو کە بۆ سوود وەرگرتن لەو ماوس و کیبۆردە پێویستی بە شەحنکردنەوە نییە و بەڵکو وزەی خۆیان نەتەنیا لە خۆر بەڵکو لە ڕووناکی وەردەگرن. ماوس و کیبۆردەکە وایەرلەیسن و لە ڕێگای بلوتوسەوە بە کۆمپیوتەر پەیوەند دەدرێن. کیبۆردەکە پەنڵێکی تایبەتی هەیە بۆ وەرگرتنی تیشکی خۆر بۆ دابینکردنی وزەی بەکارهێنان، دیارە ئەگەر تیشکی خۆریش نەبێت و تەنیا ڕووناکی هەبێت هەر شەحن دەبێتەوە. ماوسەکە بۆ کارکردن پێویستی بە وزەش نییە و بەڵکو ئامێری قورمیشی منداڵان قومریش دەکرێت. داهێنانی ئەم جۆرە کیبۆردە و ماوسە وا دەکات لە داهاتوودا ئەو ئامێرە لاوەکیانەی کۆمپیوتەر سوود لە وزەی کارەبا وەرنەگرن.





# چۆنیەتی دروستکردنی پرۆتینی سرووشتیی قژ لە ماڵەوە

پرۆتینی سرووشتی بۆ قژت ڕێگەیەکی زۆر باشە بۆ خۆراکدان و بەهێزکردنی قژ

**پێکهاتەکانی:**

- یەك هێلکە.
- چارەکە کوپێك ماست.
- یەك کەوچك هەنگوین.
- یەك کەوچك زەیتی گوێز هیندی.

لە ناو قاپێکدا هێلکەکە بە باشی بشڵەقێنە و ماست و هەنگوین و زەیتی گوێز هیندییەکەی تێبکە، بەردەوامبە لە تێکەڵکردنی تا تێکەڵەیەکی نەرم و یەکگرتوو بەدەست دەهێنیت.

**شێوازی بەکارهێنان:**

- پێش دانانی ماسکەکە قژت کەمێك تەڕ بکە.

پاشان قژت بۆ سێ بەشی یەکسان دابەش بکە.

- تێکەڵەکە لە ڕەگەوە تا کۆتاییەکانی بدە لە قژت، دڵنیابە لە دابەشکردنی بە یەکسانی.
- بە نەرمی پێستی سەرت بۆ ماوەی چەند خولەکێك مەساج بکە، بۆ ئەوەی سووڕی خوێن هان بدات.
- قژت بە کڵاوێکی پلاستیکی یان خاولییەکی گەرم داپۆشە، هەروەها ماسکەکە بۆ ماوەی ٣٠ خولەك تا کاتژمێرێك بەجێ بهێڵە، تا ماددە خۆراکییەکان بچێتە ناو تاڵەکانی قژەوە.
- قژت بە شامپۆ و ئاوی شلەتێن بشۆ، دەتوانیت کۆندیشنەر بەکار بهێنیت.

بۆ باشترین ئەنجام هەفتەی جارێك یان بەپێی پێویست ماسکی پرۆتینی قژ بەکار بهێنە.

**ئا: شیلان عەلی**



# چۆنێتی پاككردنەوە پێڵاوی چەرمی سپی

كاتێك پێڵاوی سپی پیس دەبێت یان پەڵەی بەردەكەوێت، جوانییەكەشی دەشێوێت، بەڵام ئەم ڕێگەچارانەی خوارەوە كارەكەت ئاسانتر دەكات بۆ خاوێنكردنەوە.

سەرەتا پێویستە ناو پێڵاوەكانت پڕ بكەیتەوە، پاشان بەرهەمێكی پاككەرەوەی چەرم یان ئەم ڕێگەیەی خوارەوە بەكاربهێنە:

**سۆدەی نان و سركە**

سۆدەی نان و سركە كاریگەرن لە لابردنی بۆن و پەڵە و بەكتریا، لە ناو قاپێكی بچووكدا كەوچكێك پاودەری سۆدەی نان و دوو كەوچك سركەی سپی و كوپێك ئاو بەكاربهێنە و گیراوەیەك دروست بكە، فڵچەی پێڵاوی چەرم (یان خاولی) بەو گیراوەیە تەڕ بكە بۆ پاككردنەوەی پێڵاوی چەرمیی سپی.

**سڕینەوەی سیحراوی**

هەندێك جار سڕینەوەیەكی سیحراوی كە تەنیا بە ئاو تەڕ دەكرێت، یارمەتی پاككردنەوەی پەڵەكانی سەر پێڵاوی چەرمی سپی دەدات، بەجۆرێك كە دەدرەوشێتەوە لە خاوێنیدا، بەڵام بۆ هەموو پەڵەیەك كاریگەر نییە.



# ئامۆژگاری ڕازاندنەوەی مەدخەلی بچووك و تەنگەبەر

مەدخەلی هەر خانوویەك لەگەڵ یەكەم سەرنج سەلیقەی خاوەنماڵ نیشان دەدات، بۆیە گرنگ نییە ڕووبەرەكەی چەند فراوان بێت، بەڵكو ئەوەی سەرنجی خەڵك ڕادەكێشێت دیكۆری شوێنەكەیە. لێردا بیرۆكەی ڕازاندنەوە هەیە بۆ دەرگای چوونە ژوورەوەی هەرخانوویەكی بچووك، كە بریتین لە: دابینكردنی شوێنی هەڵگرتنی شاراوە، كەمكردنەوەی ئەو پارچە مۆبیلیاتانەی كە لە شوێنەكەدا دابەش كراون، هەروەها دابینكردنی بڕێكی گرنگی ڕووناكی. جگە لەوەش بەكارهێنانی ڕەنگی كراوە لە دیزاینی هەر مەدخەلێكی بچووكدا.

لە لایەكی دیكەوە بوونی ئاوێنە لە دیكۆردا باو و ئاساییە، بەو پێیەی ڕۆڵێكی گرنگ دەگێڕێت لە پێشنیاركردنی شوێن و زیادكردنی ڕێژەی ڕووناكیی سرووشتی و بەدەستهێنانی ڕەنگدانەوەی سەرنجڕاكێشدا. وا باشترە ئاوێنەكان بەسەر دیواری هۆڵەكە دابەش بكرێت، یان لەسەر دیواری نێوان مەدخەل و ساڵۆن دابنرێت.

بیریشمان نەچێت كە ڕووناكی گرنگترین توخمە لە دیكۆراتی مۆدێرندا، چونكە گواستنەوەی ڕووناكییە بۆ چاوەكان، پێویستە هەستیاریی چاو بەرامبەر تیشكدانەوەكان لەبەرچاو بگیرێت و كەسەكان بێزار نەكات.

هاوكات ئەگەر سەقفەكە نزم بوو، دەتوانرێت پەنا بۆ تەكنیكەكانی ڕووناكیی شاراوە ببرێت، كە لە گۆشەكاندا دابەش كراون.

# وێنەکان بە درێژایی تەمەن



بوونی وێنەکان نیعمەتێکە کە شێوە و دیمەن و شێوازەکانی پێشوو و ئێستا و داهاتوو دیاری دەکات، ئەم ژنە هەر ١٥ ساڵ جارێك ڕەسمێکی خۆی گرتووە، وەك خۆی دەڵێت: «جوانی فێڵێکی کاتییە، کات دەتوانێت بەرەنگاری ببێتەوە، هەموو شتێك کە کاتی بێت، دوای ئەوە لە ناوت دەبات و کات بەسەری دەبات، سەبارەت بە جوانیی ڕۆحیش گەورەترین درۆیە، چونکە بە خێرایی خێراتر لە کات دەگۆڕێت، بەڵگەش ئەوەیە کە زەردەخەنە وردە وردە نامێنێت».

## کاریکاتێر



ئەم کاریکاتێرە باس لە دوو ماسی دەکات کە لە نێو حەوزێکدان، یەکێکیان بۆ خۆدەرخستن خەریکی هەڵواسینی وێنەیەکە لە دیوارە شووشەکەیاندا، لەولاشەوە ئەوەی دیکە ئاگاداری دەکاتەوە، مەبەست لەوەش ئەوەیە کە کەسانێك هەن بە دەستی خۆیان ماڵی خۆیان وێران دەکەن.



## یاسا

### سوکایەتی و دەست درێژی کردنە سەر فەرمانبەر

لە مادەی ٢٣٢ یاسای سزاکانی عێراقیدا تاوانبار بە توندی سزا دەدرێت لەو تاوانانەی لە مادەکانی (٢٣١،٢٣٠،٢٢٩) باس کراوە، کە ئەو تاوانانەش بریتین (سوکایەتیکردن بە فەرمانبەر، یان ئەو کەسەی خزمەتی گشتیی گرتووەتە ئەستۆ، یان ئەنجومەن و دەستە فەرمییەکان، دەستدرێژی بۆ سەر فەرمانبەر و ئەو کەسانەی خزمەتی گشتییان گرتووەتە ئەستۆ، یان بریندارکردنی فەرمانبەر، یان ئەو دەستانەی فەرمین، یان ڕێگریکردنی فەرمانبەر و ئەو کەسەی خزمەتی گشتیی گرتووەتە ئەستۆ، لە کاتی ئەرکدا ڕووبەڕووی ئەمانە ببێتەوە)، ئەگەر ئەنجامدانی تاوانەکە سووربونی پێشوەختی لەگەڵدا بوو، ئەگەر تاوانەکە ئەنجام درابێ لەلایەن پێنج کەس یان زیاترەوە، ئەگەر ئەو کەسەی تاوانەکەی کردووە بە ئاشکرا چەکی هەڵگرتبێت، ئەوا لە مادەی ٢٢٩ یاسای سزای عێراقیدا هاتووە بە بەندکردن سزادەدرێت ئەوەی سوکایەتی بە فەرمانبەر یان ئەو کەسانەی خزمەتی گشتییان گرتوتە ئەستۆ لە کاتی ئەرکدا سوکایەتییان پێ دەکرێت، یان بەهۆی ئەرکەکەیانەوە ڕووبەڕووی سوکایەتی دەبنەوە. لە مادی ٢٣٠ یاسای سزاکاندا باسی دەستدرێژیکردنە سەر فەرمانبەر یان ئەو کەسەی خزمەتی گشتی گرتووەتە ئەستۆ دەکات، هەرچی دامودەزگایەکی فەرمیی وڵات بێت کە خزمەتیی گشتیی پێ سپێردراوە، لە کاتی ئەرکدا هێرشیان کردبێتە سەر فەرمانەر، هێرشبەر سزادەدرێ کەمتر نەبێت لە دووساڵ، ئەگەر بریندار و ئازاردانی تێدا بێت، سزاکەی زیاتر دەبێت کە لە حەوت ساڵ کەمتر نەبێت، یان بەندکردن کە کەمتر نەبێت لە سێ ساڵ. لە مادەی ٢٣١ هاتووە: هەرکەس ڕێگری بکات لە فەرمانبەر لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرکەکەیدا، سزادەدرێت بە بەندکردن کە ماوەکەی زیاتر نەبێت لە سێ ساڵ، یان پێبژاردن، بەڵام ڕێگرییەکە گەیشتە پێنج کەس و چەکی لەگەڵدا بێت، ئەوا بارودۆخی سزای توند دەیانگرێتەوە.

## دیمەنە سەیرەکان



یەکێکە لە دیمەنە سەیرەکانی جیهان بریتییە لە ستوونی بەردی دەریاچەی کرۆلی لە کالیفۆرنیا، کە بەهۆی گڕکانە کۆنەکانی ئیۆنزەوە دروست بووە.

**کاوڕ** ٣/٢١ - ٤/١٩

لە خۆشترین ساتەکانی ژیانتدا دەژیت، هەمو شتێك زۆر بە باشی بەڕێوە دەرچێت، لەگەڵ ئەم دۆخەی ئێستادا هەست بە ئاسوودەیی دەکەیت، بەڵام ڕەنگە هەندێك بیرکردنەوەی نەرێنی کاریگەریی لەسەر پەیوەندیی سۆزداریت دروست بکات، ئاگاداری تەندرووستیت بە.

**گا** ٤/٢٠ - ٥/٢٠

هەندێك هۆکار هەیە کە وادەکات بەردەوام لە ژێر فشارێکی دەروونیدا بیت، لە لایەنی سۆزدارییەوە ڕێگە مەدە ئیرەبی زۆر کاریگەریی لەسەر پەیوەندی سۆزداریت دروست بکات، لە ئێستادا پێویستە زیاترسەرنجت لەسەر ئەرکەکانت بێت.

**جمک** ٥/٢١ - ٦/٢٠

کاتێکی باش نییە بۆ ئەوەی هەستەکانت بشاریتەوە، ئامادەبە بۆ ئەوەی بە ڕاشکاوی وشەکانی ناخت دەرببڕیت، لە لایەنی پیشەییەوە ئەگەر سەرکێشی ئەنجام بدەیت خۆت دەخەیتە مەترسییەوە، لە لایەنی جەستەیی و دەروونییەوە هەست بە باشی دەکەیت.

**قرژاڵ** ٦/٢١ - ٧/٢٢

کەسانێکی زۆر پاڵپشتی بیرۆکەکانت دەکەن، هەروەها لەم ماوەیەدا کەسانێکی زۆر دەبینیت و مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەیت، بیرۆکەیەکی باش دەبێت ئەگەر کەسێکی باش و دڵسۆز بدۆزیتەوە بۆ ئەوەی لە تەنیایی بیرکردنەوەی زۆر ڕزگارت ببێت.

**شێر** ٧/٢٣ - ٨/٢٢

لەلایەنی پیشەییەوە کەسانێکی زۆر لە چواردەورت هەن کە دڵسۆز و دۆستت نین، دەیانەوێت بە زویی شوێنەکەت بگرن، هەربۆیە وریای خۆت بە، کاتێکی گونجاوە بۆ جێبەجێکردنی پلانەکانت، هەوڵ بدە خۆت بە دووربگرە لەو شتانەی توشی کێشەت دەکەن.


**گوڵەگەنم** ٨/٢٣ - ٩/٢٢

خۆت مەخەرە دۆخێکی شەرمەزارکەرەوە، بە پەلە بڕیار مەدە و بێ بیرکردنەوە هیچ هەنگاوێك مەنێ، ئەم ماوەیە زیاتر خۆت سەرقاڵ بکە بەو چالاکییانەی کە سوودت پێ دەگەیەنن، گرنگ نییە چەند پەستانت لەسەرە، هیچ هەنگاوێکی سەرکێشانە مەنێ.

بۆ زانیاریت

## وڵاتانی ئەسکەندەناڤیا

وڵاتانی نیمچە دوورگەی ئەسکەندەناڤیا بریتین لە: نەرویج (NO)سوید (SE) فینلاند (FI) دانیمارك (DK) بەو ناوە ناونراوە چونکە زۆربەیەکانی دەکەوێتە ناوچەیەکی جوگرافی لە شێوەی نیمچە دوورگەیەك لە باکووری ئەوروپا، کە پێی دەگوترێت نیمچە دوورگەی سکاندیناڤیا، وڵاتانی ئەسکەندەناڤیا بریتین لە: نەرویج NO سوید SE دانیمارك DK، ئەو ناوەی لێنراوە چونکە یەك میراتی مێژوویی و زمانەوانیی هاوبەشی هەبووە و پێیان دەگوترا ڤایکینگ، زمانەکانی ئەم وڵاتانە یەك ڕەچەڵەکن و بە کەمێك ڕاهێنان گەلانی ئەم سێ وڵاتە دەتوانن لە یەکتر تێبگەن، سەبارەت بە زمانی فینلاندیش جیاوازە لەوان، بۆیە فینلاند FI بە یەکێك لە وڵاتانی ئەسکەندەناڤیا نازانرێت، هەرچەندە دەکەوێتە ناو نیمچە دوورگەی ئەسکەندەناڤیاوە، ئەگەر سێ وڵاتی ئەسکەندەناڤیا نەرویج زیاد بکەن NO سوید دانیمارك DK + فینلاند FI + ئایسلەندا IS ئەوا پێیان دەوترێت



وڵاتانی باکوور، کەشوهەوایەکی سارد و بەفراویی هاوشێوەی هاوبەشیان هەیە و دەکرێت بەرەبەیانی باکوور (نۆرس لایتس) ببینرێت، هەروەها ئەم وڵاتانە بە خاوەنی زۆرترین داهات و زۆرترین پەروەردە و باشترین ژیان و بەختەوەری لە ئەوروپا و جیهان دادەنرێت.

فیلم

## The Killer - بکوژ



فیلمێکی ئەکشن و تاوانکارییە، باس لە بکوژێکی هەست سارد و دڵرەق دەکات، کە بۆ تۆڵەکردنەوە لە کوشتنی کەسێك ماوەیەکی زۆر چاوەڕێ دەکات تا دەرفەتێکی بۆ بڕەخسێت، کەچی هەر جارێك پیلانێکی بۆ دادەنێت، کارەکەی سەر ناگرێت، بۆیە ئەویش ئارامیی نامێنێت و وەك گرکانێك هەڵدەچێت تا تۆڵەی خۆی بکاتەوە، ماوەی فیلمەکە دوو کاتژمێر و (٥٨) خولەکە، لە دەرهێنانی دەیڤید فینچەر، بودجەی فیلمەکە لە بۆکس ئۆفیس ٤٥٢ ملیۆن دۆلارە، لە نواندنی: مایکل فاسبێندەر، سۆفی چارلۆت، تیلدا سوینتۆن، مۆنیك گاندێرتۆن، ئەرلیس هاوارد.



## پەند و وتە

ئەلیکسەندەر دۆماس، ناسراو بە (ئەلیکسەندەر پێری) ڕۆماننووسی فەرەنسی لە ساڵی ١٨٠٢ لە شاری کۆتریتس، لە فەرەنسا لە دایکبووە و لە ساڵی ١٨٧٠ لە ساینت ماریتیام لە فەرەنسا کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی ناخۆشییەکانی ژیان دەڵێت: «کاتێك ناخۆشی و نەهامەتییەکانی ژیانی ڕاستەقینەی خۆت بەراورد بە ژیانە خەیاڵییەکانت دەکەیت، ئەو کاتە حەزت بۆ ژیان نامێنێت، هەندێ جاریش ئاوات دەخوازیت کە هەر لە خەون و خەیاڵدا بمێنیتەوە».



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا کەسێك لەسەر دیوارێك دانیشتووە و لە تەنیشتیەوە پلیکانەیەك هەیە، وێنەکە بە جۆرێك وەك ئەوەی کەسەکە لەسەر دیوارێکدا بێت، هەوڵ بدە لە ماوەی (٣٠) چرکەدا فێڵکاریی وێنەکە بدۆزیتەوە.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

لە لایەنی پیشەییەوە بیرکردنەوەیەکی زۆری نەرێنیت هەیە، ئەمەش کاریگەری خراپ لەسەر بەرەوپێشچونت دروست دەکات، ئەگەر کۆنترۆڵی نەکەیت، لە لایەنی سۆزدارییەوە هەموو شتێك بە باشی دەڕوات بەڕێوە، خۆت مەخەرە ژێر بەرپرسیاریەتییەك کە لە تواناتدا نەبێت.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

گەورەترین کێشەکانت دەگۆڕیت بۆ سەرکەوتن، دووبارە زەردەخەنە و پێکەنین دەگەڕێنیتەوە، کاتێکی باشە بۆ گەشتکردن، لەلایەنی سۆزدارییەوە بەم زووانە وەڵامی کۆمەڵێك پرسیارت دەست دەکەوێت کە دەمێکە بەدوایدا دەگەڕێیت، هەندێك چالاکیی نوێ تاقی دەکەیتەوە.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

لە لایەنی سۆزدارییەوە خۆشەویستەکەت هەستیارە، هەربۆیە وریای مامەڵەکردنت بە، هەوڵ بدە لێی تێبگەیت، لەلایەنی پیشەییەوە کێشەکان لە خۆت گەورەتر مەکە، تەندروستییەکی باشت هەیە، گرنگی بە وەرزشکردن بدە بۆئەوەی بە تەندروستی بمێنیتەوە.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١


لە لایەنی کۆمەڵایەتییەوە هەوڵ بدە پەیوەندییەکی باش دروست بکەیت و کەسانی چواردەورت ئاسوودە بکەیت، گرنگ نییە چەند بەهێزیت، ناتوانیت بەرپرسیارێتی هەموو شتێك هەڵبگریت، هەربۆیە گرنگە هاوسەنگییەك ڕابگریت لە نێوان ژیانی پیشەیی و ژیانی تایبەتیتدا.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

لە لایەنی کۆمەڵایەتییەوە بەردەوام پابەندبە بەو بەڵێنانەی دەیدەیت، کەسانێکی زۆر متمانەیان پێتە، متمانەت لەدەست مەدە، لەگەڵ ئەوەی کەسێکی خۆڕاگریت، بەڵام پێویستە زیاتر پارێزگاری لە ئارامیت بکەیت، گرنگی بە تەندروستی جەستەت بدە.


### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

لە چاوی کەسانی چواردەورتدا ئەم ماوەیە زۆر سەرنجڕاکێش دەردەکەویت، خۆت مەخەرە کێشەوە، هەرگیز ڕێگە مەدە کەسانی چواردەورت دەست وەربدە کێشەکانتەوە، چێژ لە ساتەکانت ببینە، ژەمەکانت لە کاتی خۆیدا بخۆ و دوایان مەخە.





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone




## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دوایین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

Gulan Weekly February 5, 2024 Issue,No.1400


# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:
- Dedicated Internet Services
- VSAT
  - ..........Copper Wired Networking
  - .............Wireless Networking
  - .............Fiber Optic Networking
- VoIP Video Streamnig
- VPNs
- CCTV Cameras
- Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی راستەقینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626